WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30 9ی پووشپەڕ 2714 (750) دینار

ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان

## 1 ملیۆن ئۆتۆمبێل بەنزینی دەوێت

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارێک کە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگاکان وەریگرتووە 925 هەزار ئۆتۆمبێلی بەنزین هەیە و ڕۆژانە پێویستیان بە بەنزینە. هەر بەپێی ئامارەکە (400 هەزار ئۆتۆمبێل لە هەولێر 325 هەزار ئۆتۆمبێل لە سلێمانی و 200 هەزار ئۆتۆمبیل لە دهۆکن) جگە لەو ئۆتۆمبیلانەی ئاوارەکان هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا.



هەروەها بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی پارێزگاکان، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە 6 ملیۆن و 300 هەزار لیتر بەنزین هەیە، بەڵام تەنیا 4 ملیۆن و 650 هەزار لیتر دەستدەکەوێ لە ڕۆژێکدا.

یوسف نووری، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی دهۆک دەڵێت "ئێمە 1 ملیۆن و 500 هەزار لیتر کێشەمان ناهێڵێ، بەڵام 650 هەزار لیتر وەردەگرین". گوتیشی "بەداخەوە دهۆک لە 24%ی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، کەچی لە 12% بەشە بەنزینی هەیە".

2

## هۆڵەندا دەیەوێ داهێنانێکی کوردی بکڕێت

2

## پەرلەمانی کوردستان فێڵی لێدەکرێت

9

## حکومەت سەری نێچیرڤان بارزانی سپی دەکات؟

5

# پێشمەرگە 95%ی باشووری کوردستانی کۆنترۆڵکردووە

4



## قوباد تاڵەبانی: باوکم تەلەفۆنی بۆ کردم و دەگەڕێتەوە

3






لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا ئیمساکییەی مانگی ڕەمەزان بەدیاری وەربگرە

ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

## داعش سێ گەنجی کورد گوللەباران دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە " داعش" لە گووندێکی سەر بە ناحیەی بەرتلە سێ گەنجی کورد لە بەردەم مزگەوت گوللەباران دەکەن. سەرچاوەیەک لە هێزی 2ی زێرەڤانی کە لە بەرەکانی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەکانە لە موسڵ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی ڕاگەیاند "چەکدارانی داعش لە گووندی تەبرەق زیارەتی سەر بە ناحیەی بەرتلە، سێ گەنجی کوردی شەبەکیان کوشتووە بە ناوەکانی عیزەت ماشەڵڵا، حامید جەمیل و شاکر محەممەد، کە حامید جەمیل پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە".



### پۆلیسی هۆڵەندا و 21 کۆمپانیا دەیانەوێت سیستەمەکەی ئەو دوو کچە بکڕن

# ئیمان و داستان تەقەمەنی نێو ئۆتۆمبێل ئاشکرادەکەن

**ئەلیکسەندەر ویتکەم**
**ڕووداو- هەولێر**

لەکاتێکدا پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا شەڕی داعش دەکەن، دوو پاڵەوانی نەناسراوی کورد لەناو جەرگەی هەولێرەوە ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکاردەهێنن بۆ بەرگری کردن لە کوردستان.

ئیمان عەبدولڕەزاق حەسەن و داستان عوسمان حەسەن، دوو قوتابی ئامادەیین تەمەنیان 18 ساڵە، ئەوان سیستمێکی ئاشکراکردنی تەقینەوەیان دروستکردووە، کە دەتوانێت خەڵکی لە مەترسیی تیرۆریزم بپارێزێت.

ئەوان دەڵێن دوو تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە سێپتەمبەری ڕابردوودا هانی داون ئەو ئامێرە دروستبکەن.

"لە ناوەڕاستی تاقیکردنەوەکانی کۆتاییدا بووین" ئیمان وا دەڵێت "هەموو خەڵکی توورە و دوودڵ بوون، تەلەفۆن فشارێکی زۆری لەسەر بوو. نەماندەتوانی سەرنج بدەینە وانەکانمان".

ئەو دووانە حەوت ساڵ لەمەوبەریش هەر قوتابی بوون، کاتێک تەقینەوەیەکی دی لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ ڕوویدا و بووە هۆی گیان لەدەستدانی 19 کەس. ئەوان بەبیریان دێت کە تۆقیبوون و قەڵەمەکانیان لەدەست کەوت و مامۆستاکان هەواڵی سەلامەتی کەسوکاریان دەپرسی لە سەروبەندی تەقینەوەکەدا.

ئەوان وەک بەشدارییەک لە پێشەنگای زانستی قوتابخانەدا، ئامێرێکیان پیشانی بەشداربووان دا کە دەتوانێت ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو تەقینەوانە بگرێت.

وەک سەرنجیان دەدا، هێزی ئاسایشی کوردی لە توانایاندا نییە هەموو ئۆتۆمبێلەکان بپشکنن، بۆیە بیریان لە دروستکردنی ئامێرێک کردەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانێت ژمارەیەکی زۆری ئوتومبیل بپشکنێت. بۆ ئەو بیرۆکەیەیان مامۆستایەکیان سەرپەرشتی دەکردن و سەردانی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێریشیان کردبوو بە مەبەستی ڕاوێژکردن.

پارێزگار پێیگوتبوون زۆربەی ئەو تەقینەوانەی روو لە دەڤەرەکە دەکەن لە جۆری (C4)ن، بەڵام ئامێرەکەی ئەوان چەندین جۆری تەقینەوە ئاشکرا دەکات لەوانە چەکی کیمیایی.

ئەوکاتەی پێیانگوترا لە هەرێمی کوردستاندا تاقیگەی پێشکەوتووی ئەوتۆ نییە ئامێری وەهای تێدا دروست بکرێت، تووشی نائومێدییەک هاتن، بەڵام لەبری کۆڵدان و سڵەمینەوە سەرنجیان دایە سەر ڕێوشوێنێکی دی.

"پشکنینی ئۆتۆمبێلێک کاتێکی زۆری دەوێت، جا بە تاکە ئامێرێک بێت، یان بە سەگی ڕاهێنراو، ئەمە جگە لەوەی ڕەوتی هاتووچۆش خاو دەکاتەوە". ئەمە گوتەی داستانە بۆ (ڕووداو). بۆیە "بیرمان لەوە کردەوە دەتوانن بەهۆی ئەم ئامرازە تەکنۆلۆژیانەی ئێستا هەن، سیستمێک دروست بکەین کە چەندین ئۆتۆمبێل لە یەککاتدا بپشکنێت، بێ ئەوەی ترافیک ڕاوەستێنێت، بێئەوەی تەنانەت شۆفێریش هەست بکات ئۆتۆمبێلەکەی دەپشکنرێت".

ئەوان مۆدێلکیان دروستکردووە کە تێیدا دوو ئامێری پشکنەر لە زبڵدانی هەردوولای شەقامەکەدا جێگیر دەکرێن، ئامێرێکیش بە هێمای هاتوچۆکەی سەرەوەوە دەبەسترێت، کاتێک ئوتومبیلەکە بەهۆی تاسەی شەقامەکەوە خێراییەکەی کەمدەکاتەوە، هەر سێ ئامێرەکە دەیپشکنن. بەهۆی ئەوەش کە فیزیای ڕووناکییان خوێندووە، سیستەمەکەیان وا ڕێکخستووە کە لە شەواندا لەسەر بنەمای پشکنینی ئەو تیشکە سەروو وەنەوشەییەی لە ئامێرە لەیزەرییەکەوە دەردەچێت وێنەی ئۆتۆمبێلەکە دەداتە کامێرای بارگەکە.



هەرچەندە ئیمان و داستان پارەی کڕینی ئامێرەکەیان نییە (نرخی یەک دانە لەو ئامێرەکان بە 240 هەزار دۆلار دەفرۆشرێت لەلایەن کۆمپانیای LSDی ئیسرائیلییەوە)، کۆمپانیاکە دەڵێت ڕاستە ئەو سیستەمەی ئەو دوو کچە کار دەکات. ئەوان دەڵێن سیستەمەکەیان ڕۆژانە دەتوانێت 64 هەزار ئۆتۆمبێل بپشکنێت، لەکاتێکدا پشکنینی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بە ئامێرەکە بە تەنیا ساڵێکی دەوێت.

بەرزترین خەڵاتی پیشانگا زانستییەکە درایە ئیمان و داستان، هەروەها لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی INESPO کە لە هۆڵەندا لە مانگی حوزەیران میدالیایان پێبەخشرا.

ئیمان نەیتوانی ڤیزای ئەوروپا بەدەس بهێنێت. بەڵام دوای ئەوەی داستان باسی ئەوەی بۆ دادوەرانی پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەکە کرد کە ژیان لە سایەی هەڕەشەی تیرۆریزمدا چۆنە، فرمێسک بە چاوانیاندا هاتە خوارەوە و بڕیاریاندا بازنەی پێشبڕکێکە فراوان بکەن تا ئەو کارەی ئەوانیش بگرێتەوە، دەنا پێشبڕکێکە تەنیا بۆ بابەتە ژینگەییەکانە

ئەو دوو قوتابییە دەڵێن پۆلیسی هۆڵەندا و 21 کۆمپانیاش پەیوەندییان پێوە کردوون بۆ بەکارهێنانی سیستەمەکەیان. ڕێکخەرانی پێشبڕکێکەش تووشی شۆک هاتوون کە بۆیان دەرکەوتووە تا ئێستا سیستەمەکەیان نەفرۆشتووە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەو دووانە ئۆفەری کۆمپانیاکانیان ڕەتکردووەتەوە و بڕیاریان داوە سەرەتا بە خۆڕایی سیستەمەکە پێشکەشی حکومەتەکەی خۆیان بکەن. ئیمان دەڵێت "مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ژیانی خەڵکی ڕزگار بکەیت".

ئەوان خەڵاتەکەشیان ڕەتکردەوە، کە گەشتێک بوو بۆ بەرازیل، چونکە گەشتەکە کاری لە خوێندنەکەیان دەکرد. هەموو تێچووی پرۆژەکە و گەشتەکەی ئەورووپاشیان لە ئەستۆ گرت. ئەوان گەلێک خاکی و رووگەشن، لەگەڵ ئەوەی دوو ئەندازیاری گەنجی هیممەتبەرزن، لەسەر ڕەزامەندی باوک و دایکیان ئەو بەشەی زانکۆ هەڵدەبژێرن کە تێیدا خوێندن تەواو دەکەن.

### 925 هەزار ئۆتۆمبیل ڕۆژانە بەنزینیان دەوێ

# هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 6 ملیۆن لیتر بەنزینی پێویستە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

"ئەمە حاڵی وڵاتی نەوتە". بۆ ئەوەی گەرما لەوە زیاتر ئارەقەی پێنەکات، قادر کەریم جامەکانی ئۆتۆمبیلەکەی هێناوەتە خوارەوە و دەست بۆ بەردەمی خۆی ڕادەکێشێت، کە دەیان ئۆتۆمبیلی دیکە لە پێشییەوە ڕیزیان بەستووە و 10 خولەک جارێک ئۆتۆمبیلەکان چەند مەترێک دەجولێن. ئەو هاووڵاتییە دەپرسێت "ئاخر دەبێت حکومەتێک حیسابی خۆی نەکات کە تەنگانە ڕووی تێکرد ئاوای بەسەر نەیەت".

ئەمڕۆ هەرکەس ئۆتۆمبیلی پێبێت بە هەمانشێوەی قادر سکاڵای هەیە. سکاڵا لە نەبوونی سووتەمەنی و بەرێکردنی کاروبارەکانی ژیانی. چونکە هەر 24 کاژێرێک دەبێ 2 کاژێر بچێتە نێو ئەو ڕیزە دوور و درێژانەوە "تۆ کە سووتەمەنیت نییە و ناشتوانی چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە، بۆچی ڕێگە دەدەیت هەموو ڕۆژێک 20 شاحینە ئۆتۆمبیلی تازە خۆی بکات بەم شارەدا".

ئاودێر محەممەد، تووڕەبوو لەوەی بەهۆی بەنزین وەرگرتنەوە کاری زۆری لە دەستچووە.

ئینجا ئەو شۆفێرە، کە بەقسەی خۆی 40 خوولەکی دیکەش ناگاتە بەردەم سۆندەی بەنزین، گلەیی دیکەی هەیە لە حکومەت "ئەی باشە بۆ دەهێڵی ئەو هەموو عەرەبە ئۆتۆمبیل بێننە ناوەوە، مەگەر حکومەت خۆی نازانێ خەڵک چ حاڵێکیان هەیە بەدەست وەرگرتنی بەنزین و سووتەمەنییەوە".

لە هەرێمی کوردستان قەیرانی سوتەمەنی هەیە، بەردەم هەندێک لە بەنزیخانەکان وەک مەحشەری ئۆتۆمبیلی لێهاتووە و کۆبوونەوەی بەرپرسەکانی حکومەتیش، ئەوانەی پێوەندیدارن بە کێشەی سووتەمەنی، وەک سەرەی بەنزینخانەکان درێژن. بەڵام هێشتا هیچکام لەو کۆبوونەوانە، جگە لە هێنانەوەی سیستمی تاک و جووت و کۆبۆن شتێکی ئەرێنی نوێیان نەهێناوە ئاو بکات بە دڵی خاوەن ئۆتۆمبیلەکاندا.

جەمال جەلال، جێگری بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی سلێمانی، پێشبینی کرد بە تەواوبوونی ئەو سووتەمەنییەی پاشەکەوتیان کردووە، کێشەکە لە پارێزگاکەی ئەوانیش وەک هەولێر و سلێمانی ئاڵۆزتر ببێت و سەرە گرتنی ئۆتۆمبیلەکانیش درێژتر ببنەوە لەوەی ئێستا "14 ملیۆن لیترمان پاشەکەوت کردبوو لە ڕۆژانی ئاساییدا، بەڵام وا خەریکە هەمووی تەواو دەبێت".

بەپێی ئەو ئامارانەی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی وەرگرتووە، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە 6 ملیۆن و 300 هەزار لیتر بەنزین هەیە، کەچی تەنیا 4 ملیۆن و 650 هەزار لیتر دەستدەکەوێ لە ڕۆژێکدا، کە نزیکەی 1 ملیۆن و نیو لە پێویستی خۆی کەمتری پێدەگات.



دهۆک نیوەی ئەو بەشە بەنزینەی بۆ دەڕوات کە دەبێ وەریبگرێت (فۆتۆ: AFP)

جەمال جەلال، دەڵێت پێشتر ڕۆژانە 2 ملیۆن و 300 هەزار لیتر بەنزینیان لە بێجی و هەولێر و بازیانەوە پێدەگەیشت "بەڵام ئێستا تەنیا 1 ملیۆن و 500 هەزار لیترمان دەستدەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی 14 ملیۆن لیتریش پاشەکەوتمان هەبووە و لەگەڵ ئەو بەنزینە ئەویشمان خەرجکردووە".

گوتیشی "لە بێجییەوە هیچمان بۆ نایەت و تەنیا پشت بە هەولێر و بازیان دەبەستین ، لە هەولێر 1 ملیۆن و لە بازیانیشەوە 500 هەزار لیترمان بۆ دێت".

قەیرانەکە لە سلێمانی کەمتر دەردەکەوێ بەهۆی ئەو پاشەکەوتە بەنزینەی هەبوو، بەڵام هەولێر و دهۆک بە تەواوی بەدەست کێشەی بەنزینەوە هیلاک بوون. هەر ئەمەش وایکرد بڕیاری کردنەوەی بەنزینخانەکان لە کاژێر 7 بەیانییەوە بۆ 7 ئێوارە بە خێرایی بدرێ.

ئاری کاکەشین، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر، باسی بڕی پێویستی بەنزینی هەولێر دەکات لە ڕۆژێکدا "هەر ڕۆژێک هەولێر 2 ملیۆن و 700 هەزار لیتر بەنزینی دەوێ، بەڵام ئێمە بەو هەموو هەوڵەی دەیدەین تەنیا 2 ملیۆن و 300 هەزار لیترمان بۆ دێت". بەبڕوای ناوبراو، مادام لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەش قەیرانی بەنزین هەیە و گران بووە، لە هەولێرەوە بەنزین دەبرێتە دەرەوە "ئاوارەکانیش لەولاوە کێشەی بەنزینیان زۆرتر کردووە لەسەرمان، چونکە هەموو ئاوارەکان بە ئۆتۆمبیلەوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان و هەولێر زۆرترین ئاوارەی لێیە".

یوسف نووری، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی دهۆک دەڵێت "ئێمە 1 ملیۆن و 500 هەزار لیتر کێشەمان ناهێڵێ، بەڵام 650 هەزار لیتر وەردەگرین". گوتیشی "بەداخەوە دهۆک لە 24%ی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، کەچی لە 12% بەشە بەنزینی هەیە".

زۆر بوونی ئۆتۆمبیلیش لەلایەکی دیکەوە، هێندەی دیکە کێشەکانی زۆرتر کردووە. هەربەپێی ئامارێک کە (تۆڕی میدیایی ڕووداو لە هەرسێ پارێزگاکەوە وەریگرتووە، 925 هەزار ئۆتۆمبیلی بەنزین هەیە (400 هەزار ئۆتۆمبیل لە هەولێر 325 هەزار ئۆتۆمبیل لە سلێمانی و 200 هەزار ئۆتۆمبیل لە دهۆک) تێدایە، جگە لەو ئۆتۆمبیلانەی ئاوارەکان هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا.

### محەممەدی حاجی مەحموود:

# لە کەرکووک هیچ پۆستێکم پێنەدراوە



**عومەر شایان**
**ڕووداو-هەولێر**

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە بە خۆی و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی لە کەرکووک جێگیر بووە، ڕەتیکردەوە لە کەرکووک هیچ پۆستێکی پێدرابێت.

ڕۆژی 2014/6/26 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری کەرکووکی کرد. لەوێ پلانێکی تۆکمەی سەربازی و ئەمنی بۆ پاراستنی کەرکووک دانرا و سەرپەرشتی کردنی ئەو پلانەش خرایە ئەستۆی محەممەدی حاجی مەحموود، بەڵام ناوبراو دەڵێت "لەراستیدا هیچ ئاگاداری ئەو پۆستە نییم کە بە من دراوە، ئەو ڕۆژەش لە کۆبوونەوەکەدا جەنابی کاک مەسعود بارزانی باسی ئەو پرسەی کرد، بەڵام من لەسەر ئەو پرسە هیچ قسەیەکم نەکردووە و تەنها وەک پێشمەرگەیەک هاتووم بۆ پارێزگاریکردن لە سنووری کەرکووک و ئەو ناوچانە."

سکرتێری حیزبی سۆسیالیت دیموکراتی کوردستان بە ئاماژەدان بەوەی ئێستا هیچ پۆستێکی لە کەرکووک نییە گوتی " من بۆ پۆست نەهاتووم،جارەکانی پێشووش وەک پێشمەرگەیەک هاتووم و هەر وەک پێشمەرگەیەکیش لەو ناوچەیە ماومەتەوە و دەمێنمەوە بۆ پارێزگاریکردن لە کەرکووک".

محەممەدی حاجی مەحموود باسی لە هەماهەنگی نێوان پارتی و یەکێتی کرد لە کەرکووک و گوتی "ئەوەی کە من بینیومە هەماهەنگی هەیە، ڕەنگە گیروگرفتی بچووک هەبێت بەڵام هەماهەنگی هەیە، من کە سەردانی بەرەکانم کردووە لیوا هاوبەشەکان پێکهاتووە لە پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی."

سەبارەت بەو میلیشیا شیعانەی کە ئێستا لە کەرکووک دروستبوون گوتی "ئێمە پێمانوایە هەموو شتەکان دەبێت لە چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بکرێت، چونکە ئەو ناوچانە ئێستا لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە دایە و پاراستنی هەموو پێکهاتەکان بە کورد و عەرەب و سوننە و شیعە و مەسیحییەوە لە ئەستۆی پێشمەرگەدایە".

ئێستا لە هەمووکات زیاتر باسی سەربەخۆیی کوردستان و ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکرێت. محەممەدی حاجی مەحموود پێیوایە "ریفراندۆم بکرێت بۆ ئەوەی کە ئایا کورد پێیباشە لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە نەک تەنیا لەسەر ئەوە ریفراندۆم بکرێت کە کەرکووک بگەڕێتەوە یان نەگەڕێتەوە"

هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە"کەرکووک ئێستا گەڕاوەتەوە و لە بواری سەربازی و ئیداری لەدەستی کورد دایە، کە نەک هەر کەرکووک بەڵکوو دەیان کیلۆمەتری خاکی کوردستان ئێستا ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە."

بە گوتەی سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان "مادەی 140 لەسەر کێشەی خاک بوو لەگەڵ عێراق و بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێستا بەشێکی زۆر لەو خاکانە کە تەنیا نزیکەی 15%ی ماوە گەڕاوەتەوە."

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست پێیوایە "ئەو ناوچانە ناوچەی کوردستانین و چیدیکە پێویست ناکات لەمەوبەدوا باسی مادەی 140 بکەین، یان بە ناوی ناوچەی دابڕاو و دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و یان هەر دەستەواژەیەکی دیکە ناوی بەرین، بەڵکو ئێستا دەبێت بەو ناوچانە بڵێین، ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان"

باشترین ڕێگا چارە بۆ ئێستای کوردستان بە ڕای محەممەدی حاجی مەحموود کۆنفیدراڵییە، لەبەر ئەوەی "بۆ ئەم قۆناخە ڕەنگە ئاسانتر و نەرمتر بێت و زووتر قبوڵبکرێت."

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەردۆغان پێیگوتین دەست لە عێراق مەشۆن



لەمڕۆژانەدا باوکم تەلەفۆنی بۆ کردم

لەگەڵ عێراق تەنیا 15 کیلۆمەتر سنوورمان ماوە

مام جەلال ئەمساڵ دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان

لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی سەربەخۆییمان نەکرد

**ئەو پێشتریش لە هەمان باڵەخانە کاریدەکرد. بەڵام ئێستا تەنیا ئۆفیسەکەی نەگۆڕاوە، بەڵکو پۆست و پێگەشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەو ئۆفیسەی کە پێشتر شوێنی کاری عیماد ئەحمەد بوو و سەردانمکردبوو، قوباد تاڵەبانی دەستکاریی دیزاینەکەی کردووە. جاران لەو ژوورەدا پەردەی ڕەش هەبوون، ئێستا ئۆفیسەکەی قوباد تاڵەبانی پەردەی سپیی تێدا دانراوە. ئەو لە بەریتانیا گەورە بووە و لە ئەمریکا کاریکردووە. زمانی پەیوەندی و دەربڕینیشی ئینگلیزی بووە، بەڵام لەسەر مێزی کارکردنەکەی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کتێبی کوردی دەخوێنێتەوە. یەکێک لە کتێبەکان لەسەر شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی بوو. بۆ کەسێک کە لە باوکێکی کۆیی و دایکێکی سلێمانی بووبێت خوێندنەوەی کتێبێکی لەوجۆرە سەرنجڕاکێشە. بەتایبەتیش کە ئەو کەسە پەروەردەی دەستی یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی سلێمانی بووبێت، کە ئیبراهیم ئەحمەدە. قوباد تاڵەبانی سەرکردەیەکی گەنج و گفتوگۆکارێکی قسەخۆشە. بۆ ڕۆژنامەنووسانیش دەم بەخەندەیە، بەڵام ئاگای لێیە چی دەبێ بڵێت و چی نابێ بڵێت.**
**لەم هەڤپەیڤینەدا تاڵەبانی باسی سەردانەکەی تیمی حکومەتەکەی بۆ تورکیا و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و زۆر مژاری دیکە دەکات. بۆ یەکەمینجاریش باسی باوکی (واتە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق) دەکات و دەڵێت: "ئەمساڵ دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان". ئەمەش جاری یەکەمە کە ئەندامێکی بنەماڵەکەی، وادەی گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی ئاشکرادەکات.**

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد**

**ڕووداو: سەردانێکی تورکیاتانکرد و لەگەڵ ئەردۆغان کۆبوونەوە. لەوێ باسی چیتانکرد؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەو سەردانە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت، بەشێکە لەو پەیوەندییە بەردەوامانەی کە هەمانە لەگەڵ تورکیا و پێشتریش چووبووین بۆ ئێران. لەنێوخۆشماندا گفتوگۆیەکی زۆر کراوەمان هەبوو دەربارەی ئەو دۆخەی ئەمڕۆ عێراق تووشی بووە. ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو سەردانە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئەو گرژییەی کە ئێستا لە عێراق هەیە.

**ڕووداو: ئەوە تەواوکەری سەردانەکەی ئێران بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەمە هەر بەردەوام بوونی ئەو پەیوەندییە دووقوڵییانەیە کە هەرێمی کوردستان هەیەتی، چ لەگەڵ تورکیا و چ لەگەڵ ئێران و وڵاتانی دیکە. دواتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش سەردانی هەولێری کرد. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە، چ وڵاتانی دراوسێی خۆمان و چ وڵاتە گەورەکانی جیهان، نیگەرانن لەو دۆخەی ئێستا عێراق تێیکەوتووە. تاڕادەیەکیش خەمخۆری هەرێمی کوردستانن.

**ڕووداو: بەڵام لە سەردانەکەی ئێراندا نەجمەدین کەریمتان لەگەڵ نەبوو، کەچی لە تورکیا هاوسەفەری ئێوە بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەوە دوو سەردانی جیاواز بوون. زرووفەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتبوو. پەیامێکمان هەبوو لەگەڵ برایانی ئێرانی باسمانکرد، پەیوەندیی بە کێشەکانی ئەوکاتەوە هەبوو. بەڵام لەگەڵ برایانمان لە تورکیا دۆخێکی دیکە هەبوو. پەیامی ئێمە

## هێشتا کەرکووک لەڕووی یاساییەوە سەر بە هەرێمی کوردستان نییە

بۆ هەردوو دەوڵەت هەمان پەیام بوو. لەگەڵ ئێران باسی ئەوەمانکرد کە ئەم وڵاتە کە ناوی عێراقە سەرکەوتوو نەبووە، بەپێچەوانەوە بەرەو شکست دەڕوات و بەشێکی زۆری شکستی عێراقیش، وەکو وڵاتێک، پەیوەندیی هەیە بە سیاسەتی ناڕەوای حکومەتی ناوەندییەوە.

**ڕووداو: ئێرانییەکانیش هاوڕابوون لەگەڵتان دەربارەی شکستی عێراق؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئێران وەڵامی بۆچوونەکەی ئێمەیان نەدایەوە، بەڵام گەنگەشەشیان لەسەر نەکرد. هەرکەسێک ئەمڕۆ یان دوێنێ خەمخوری عێراق بووبێ، کە هەڵسەنگاندن بۆ عێراق دەکات، دەڵێت ئەم وڵاتە سەرکەوتوو نەبووە.

**ڕووداو: کاتێک وەڵامیان نەبوو، کەواتە ڕازی بوون؟**

**قوباد تاڵەبانی:** کاتێک یەکێک پێت نەڵێ وانییە و گەنگەشەت لەگەڵ نەکات، ئەوە واتایەکی هەیە. پەیامەکانی ئێران بەردەوامە، دەیانەوێ ئێمە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن لە عێراق و ئەو هاوپەیمانانەی گرنگی پێبدەن.

**ڕووداو: ڕای ئەنقەرە لەسەر پایەمەکەی ئێوە چی بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ڕای ئەوانیش وەکو ڕای ئێمە بوو کە عێراق سەرکەوتوو نەبووە و وەکو وڵاتێک فەشەلیهێناوە. لەڕووی سیاسی، ئابووری، سەربازی و لە هەموو ڕوویەکەوە کە ئەمڕۆ بتوانیت شیکردنەوە لەسەر دۆخی عێراق بکەی وەکو وڵاتێک سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

**ڕووداو: لەو سەردانەتاندا بۆ تورکیا باسی فرۆشتنی نەوتی کەرکووتانکرد، چۆن باستانکرد؟**

**قوباد تاڵەبانی:** جارێ مەسەلەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان یەکلایی بووەتەوە و ئەوە دەفرۆشرێ. لە بازاڕەکانی جیهانیش هەیە و داهاتەکەی هاتووەتەوە بۆ حیسابەکانی هەرێمی کوردستان. لەسەر نەوتی کەرکووکیش باسی مەسەلەی تەکنیکیمانکرد، کە دەبێ کاری لەسەر بکرێ و پێویستی بە بڕیاری سیاسییە.

**ڕووداو: فرۆشتنی نەوتی کەرکووک پێویستی بە ڕەزامەندی بەغدا هەیە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** دەمانەوێ پابەندبین بە دەستووری عێراقەوە و ئەو نەوتەی دەفرۆشرێ لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێت. تاوەکو ئێستاش خەریکی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانن. تەنیا ئەو نەوتە هەناردە دەکەین کە خۆمان دەرمانهێناوە.

**ڕووداو: بۆچوونی تورکیا چی بوو، ئەردۆغان چییگوت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەردۆغان نیگەرانە لەو دۆخەی عێراق بەگشتی. دەیگوت پێشبینی ئەوەم دەکرد کە عێراق تووشی ئەم قەیرانانە ببێت و هاوخەمی ئێمە بوو، بەوەی کە سیاسەتێکی تاکڕەوانە لە عێراق ئەم دۆخەی دروستکردووە.

**ڕووداو: ئامۆژگاریی ئەردۆغان بۆ ئێوە چی بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** پێش هەموو شتێک ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵمان هەبێت لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بەتەواوەتیش دەستی خۆمان نەشۆین لەم وڵاتە. بەتایبەتیش کە ئێستا پەرلەمان کۆدەبێتەوە و دەبێ ڕۆڵی خۆمان ببینین.

**ڕووداو: باسی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان کرا، ڕای ئەردۆغان چی بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەگشتی باسی پرۆسەی سیاسیمانکرد. باسی ئەوەی کە ئەم وڵاتە پێویستی بە چییە، پێویستی بە چ جۆرە بڕیارێکە بۆئەوەی بخرێتەوە سەر سکە، چونکە بۆ هەموولایەک ڕوونە کە نابێ ئەو ڕەوشەی ئێستا هەروا بەردەوام بێت.

**ڕووداو: گوتت دەبێ پابەندی دەستووری عێراق بن. ئەی مادەی 140 تەواو نەبووە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هەمیشە گوتوومانە با خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە دەنگی خۆیان بڕیار بدەن کە دەیانەوێ لەژێر چ جۆرە حوکمڕانییەک بن.

**ڕووداو: بەڵام بارزانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کەرکووک ڕایگەیاند مادەی 140 تەواو بووە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بە کردەوە ڕاستە تەواو بووە، چونکە ئیدارە هەیە و لەڕووی ئەمنییەوە هەماهەنگی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. بەڵام هێشتا ناکرێ بگوترێ لەڕووی یاساییەوە بەتەواوەتی سەر بە هەرێمی کوردستانە.

**ڕووداو: ئەی کەی ڕیفراندۆم دەکرێ؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئێستا لە گفتوگۆداین لەسەر ئەوەی کە ڕیفراندۆم لە کەرکووک بکرێت.

**ڕووداو: کێ بڕیاری ڕیفراندۆم لە کەرکووک دەدات؟ یەکێتی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هیچ حیزبێک ناتوانێ بەتەنیا بڕیار لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدات لە کەرکووک. ئەمە بڕیارێکی چارەنووسسازە بۆ کورد، دەبێ حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بڕیاربدەن.

**ڕووداو: ئەردۆغان داوای لە کورد کردووە مافی تورکمانەکان بپارێزن. بۆ ئەو داوایەی کرد؟**

**قوباد تاڵەبانی:** حکومەتی تورکیا سوپاسی هەڵویستی سەرکردایەتیی کوردستانی کرد، بەتایبەتیش دەستخۆشی لە پارێزگاری کەرکووک کرد لەسەر هەڵویستەکانی بەرامبەر تورکمانەکان. ئێمەش دڵنیامانکردەوە کە ئەگەر بەرپرسێتیی کەرکووک بکەوێتە ئەستۆی کوردستان جیاوازی ناکەین لەنێوان کورد و تورکمان. دەبێ تێڕوانینێکی ورد بۆ کەرکووک بکرێ. دەبێ بزانین کە ئایا لەڕووی ئیدارییەوە کەرکووک دێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە، یانیش بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام تایبەتمەندیی خۆی بهێڵێتەوە. ئەوانە هەموویان قابیلی موناقەشەن.

ئێمە هەموو شتێک دەکەین بۆئەوەی خەڵکی کەرکووک زەرەرمەند نەبن لە سیاسەتی ناڕەوای حکومەتی ناوەندی. هەموو هەنگاوێکیش دەهاوێژین بۆ کەرکووک.

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەکات بۆئەوەی ئەو ئاگرەی ئێستا لە ناوچە**

## کێ ناتوانێ وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانمان بداتەوە

**سوننەنشینەکان هەیە و هاوسنوورن، نەیەتە نێو هەرێمی کوردستان؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ڕۆژێک هەڵساین لەخەو و تەماشامانکرد وڵاتێکی دیکە دراوسێمانە. موفاجەئەیەکی سەیر بوو کە لە ماوەیەکی وا کەمدا دۆخەکە بەتەواوەتی گۆڕا. نەخشەی سیاسی عێراقیش بە شەو و ڕۆژێک گۆڕدرا.

**ڕووداو: داعش وڵاتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانە یان عێراق؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەمڕۆ عێراق دراوسێمان نییە. تەنیا 15 کم سنوور هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەیەک کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی عێراقیدا بێت. ئەویش لە پارێزگای دیالەیە. ناوچەکانی دیکە لەڕووی ئیداری و سەربازییەوە لەژێر دەسەڵاتی گرووپێکدان کە ناکۆکییان هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغدا و خۆیان بە دەوڵەتێکی دیکە دادەنێن. ناویان جیایە و حیساب بۆ عێراق ناکەن.

تەنیا ڕێگەیەک بۆ مانەوەی عێراق، دەبێ عێراقێکی لامەرکەزی بێت و بۆ ئەمەش دەبێ چەند ڕێککەوتنێک بکرێن.

**ڕووداو: دان بەو دەوڵەتەدا دەنێن کە دەڵێی بوونەتە هاوسێی کوردستان؟**

**قوباد تاڵەبانی:** کاری ئێمە نییە دان بەو دەوڵەتەدا بنێین.

**ڕووداو: بارزانی داوای کۆنفیدراڵی دەکات بۆ هەرێمی کوردستان، ئێوە وەکو یەکێتی ئەمەتان پێ پەسندە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** پەیامی سەرەکیی یەکێتی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوە بوو کە یان دەستوور یان کۆنفیدراڵییەت بۆ عێراق. دەستوورەکە کە نەبوو، دیارە هەنگاوی دیکە دەگرینەبەر. دەستووری عێراق لە یەکەم ڕۆژەوە کەس پێیەوە پابەند نەبووە، کورد نەبێت.

**ڕووداو: کۆنفیدراڵی مەرجی کوردە بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق؟**

**قوباد تاڵەبانی:** یان دەستوور یان کۆنفدراڵییەت. ئەمە وەکو یەکێتی باسیدەکەم. وەکو حکومەتیش، کە لە چەندین حیزب پێکهاتووە، دەبێ بڕیاربدرێت و تێیدا پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی هەبێت.

**ڕووداو: وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا هاتنە هەولێر، هیچ داوایەکی دیاریکراویان هەبوو لە کورد؟**

**قوباد تاڵەبانی:** داواکانیان هیچی تازە نەبوون، ویستیان ئەو ڕۆڵە ببینین کە پێشتر بینیومانە. داوایانکرد کاندیدە دەرچووەکانی کوردستان بەشداربن لە پەرلەمانی عێراقدا و خۆمان لەنێوخۆدا یەکلایی ببینەوە کە چ پۆستێک وەردەگرین.

**ڕووداو: کاتێک بارزانی بە جۆن کێری گوت کاتی سەربەخۆیی کوردستانە، وەڵامی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چی بوو؟**

**قوباد تاڵەبانی:** (بەپێکەنینەوە) دەڵێی لەنێو کۆبوونەوەکەدا بووی!... لەو کۆبوونەوەیەدا باسی دەوڵەتی کوردیمان نەکرد، بەڵام باسی ئەوەمانکرد کە ئەم عێراقە سەرینەگرت و سەرکەوتوو نەبووە و بەم عەقڵییەتە سەرکەوتوونابێت. ئەگەر کار بۆ عێراقێکی یەکگرتوو بکەن سەرناگرێ و فەشەل دێنێ. ئەو عێراقە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە. پرسیارمان لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد کە کورد چی بکات؟ هەموو شتێکمان پێشکەشکرد و پێشنیازمانکرد، کەچی ڕەتکرایەوە. ئەویش دەستی وەک ئاماژەی بێوەڵامی بەرزکردەوە. ڕۆژەکەش نەگەیشتووەتە ئەوەی کە باسی بڕیاری سەربەخۆیی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا بکەین.

زۆرجار ئەگەر تەماشای هەڵوێستی ئەمریکا بکرێ بەرامبەر وڵاتێک کە ویستبێتی دەوڵەت ڕابگەیەنێت، پێشئەوەی دەوڵەت ڕابگەیەنێت، هەڵوێستێکی هەبووە. دوای ڕاگەیاندنیشی هەڵوێستێکی دیکەی هەبووە. بۆنموونە وەکو کۆسۆڤۆ، پێشتر ئەمریکا دژی بوو، ئێستا دەچن دەنگ بۆ کۆسۆڤۆ کۆدەکەنەوە.

**ڕووداو: ئەمریکا پاڵپشتیی نووری مالیکی دەکەن بۆ ویلایەتی سێیەم؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەو پاڵپشتییەی جاران لە مالیکی دەکرا لەلایەن ئەمریکایەوە، باوەڕناکەم ئەمجارە بەوشێوەیە پاڵپشتی بکەن.

**ڕووداو: عەلی سیستانی داوایکردووە تاوەکو ڕۆژی سێشەممە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق (کۆمار، وەزیران، پەرلەمان) کۆتایی پێبێت، پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کوردە و یەکلایی بووەتەوە بۆ کێیە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هێشتا لەنێو کورددا تەواونەبووە.

**ڕووداو: ئەی بۆ یەکێتی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هێشتا بۆ یەکێتیش تەواونەبووە.

**ڕووداو: ئەی دەگوترێ لەنێو یەکێتیدا بۆ بەرهەم ساڵح یەکلایی بووەتەوە و شانسی هەرە زۆری هەیە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** کاندیدێکی بەهێزی یەکێتییە. هێشتا ئەو بابەتە بە تووندوتۆڵی باسینەکراوە، بەڵام دەبێ یەکلایی بکرێتەوە.

**ڕووداو: کەسی دیکەی شیاوی وەکو بەرهەم ساڵح هەن لەنێو یەکێتیدا بۆئەوەی ئەو پۆستە وەربگرن؟**

**قوباد تاڵەبانی:** زۆر کەس هەن شیاون لەنێو یەکێتیدا بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق. قابیلە نەبن! بەڵام یەکێتی شیاوترین کەس هەڵدەبژێرێ. دەبێ یەکێتی لەوبارەیەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانیش گفتوگۆ بکات.

**ڕووداو: تەندروستی باوکت چۆنە؟ دەمانەوێ شتێکی نوێ لەسەر تەندروستی تاڵەبانی ئاشکرا بکەی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** شتی نوێ ئەوەیە کە باشە و باشتر دەبێ. هەر دێتەوە هەرێمی کوردستان و چاوەڕێین بێتەوە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر تەلەفۆنی بۆ کردم.

**ڕووداو: چیی گوت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەوە شتێکە لەنێوان باوک و کوڕدا، من لێرە نایڵێم.

**ڕووداو: دەزانێت کە بووی بە جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەو پۆستەت وەرگرتووە؟**


**قوباد تاڵەبانی:** بەڵێ دەزانێ و ئاگادارە.

**ڕووداو: کەی دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەمساڵ دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

## بارزانی بۆ ڕاپرسی داوا هاوکاری لە UN دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نیکۆلای میلادینۆف، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق و شاندێکی یاوەری ڕایگەیاند "کە هەرێمی کوردستان چیتر ئامادە نییە باجی سیاسەتە هەڵەکانی بەغدا بدات، ئێستا بەهۆی شکستی ئەوانەوەیە کە تیرۆریستان بوونەتە هاوسنووری هەرێمی کوردستان". سەبارەت بە کەرکووکیش بارزانی گوتی ئەو شوێنانە خاکی کوردستانن و پێشمەرگە بۆ پاراستنیان لەوێن و لەوێ دەمێننەوە و ئێستا مادەی 140 کۆتاییهاتووە. گوتیشی "کوردستان ڕێز لە نەتەوەکانی دیکەی ئەو ناوچانەش دەگرێت و ڕاپرسییەکی شەفاف ئەنجام دەدەین و بۆ ئەوەش داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین هاوکاریمان بکەن".

### بەشێک لە جەلەولا و سەعدیە ماون

# 95%ی باشووری کوردستان بەدەست پێشمەرگەوەیە

**ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:**
چوونی نەجمەدین کەریم بۆ تورکیا زۆر باش بوو

**بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:**
بۆڕیی گواستنەوەی نەوتی نێوان هەرێمی کوردستان و کەرکووک تەواوبووە

**ئاوات محەممەدئەمین، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:**
دەکرێ %17ی داهاتی نەوتی کەرکووک بۆ هەرێمی کوردستان بێت

**پسپۆڕێکی بواری نەوتی کەرکووک:**
کەرکووک 40 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە



(فۆتۆ: AFP)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەو ناوچە دابڕاوانەی لە شۆڕشەکانی کوردستاندا خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتیی کوردستان و حکومەتی عێراق بوون، تەنیا پێنج لەسەدیان ماوە بکەونە دەست هەولێر. واتە ئێستا 95%ی خاکی باشووری کوردستان، بەبێ دانوستاندن و ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، گەڕاوەتەوە. لە ڕابردوودا دوو جار سەرکردایەتیی کوردستان هەلی گەڕاندنەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی بۆ ڕەخساوە، بەڵام هەردوو هەلەکە لەکیس چوون. جاری یەکەم لەکاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 بوو و جاری دووەمیش لە ساڵی 2003 بوو، کە ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخا. بۆیە بەرپرسێکی باڵای یەکێتی دەڵێت ئەگەر ئەمجارە سەرکردایەتیی کوردستان دەست لە کەرکووک هەڵبگرێت، ئەوە "گەورەترین شکستە".

ڕۆژی 2014/6/26 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی کەرکووکی کرد و ڕایگەیاند ماددەی 140 "نەما". مەبەستیشی ئەوەبوو کە تازە کەرکووک گەڕایەوە سەر ئیدارەی خۆماڵیی باشووری کوردستان و پێشمەرگەش لەو ناوچانە ناکشێتەوە. ئەو پەیامەی بارزانی لە کەرکووک، ئاراستەکەی ڕووی لە حکومەتی عێراق بوو، کە ماوەی 10 ساڵە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لەگەڵ هەولێر، لە بێنە و بەردەدان لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە.

### دەستوور مانای ماوە؟

ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێ بەپێی دیباجەی دەستووری عێراق مادەی 140 تەواوبووە و لەمەودوا کەرکووک بەشێکە لە هەرێمی کوردستان. ئەو دیباجەیە دەڵێت: "پابەندبوون بەو دەستوورە یەکێتیی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێ". دڵشاد عەبدولڕەحمان پێیوایە ئێستا دەستووری عێراق لەسەر بنەمای دیباجەکەی هەڵوەشاوەتەوە، چونکە "10 ساڵە ئەو دەستوورە هەیە و 7 ساڵیش بەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی 140دا تێدەپەڕێت".

دڵشاد عەبدولڕەحمان هۆشداری دەداتە سەرکردایەتیی کوردستان و دەڵێت: "ئەمجارە کشانەوەمان لە کەرکووک گەورەترین شکست دەبێ و چیدیکە خەڵک متمانەی بە سەرکردایەتیی کوردستان نامێنێت. بگرە کشانەوە لە کەرکووک ریسکێکە کورد بە چارەنووسی خۆی دەکات".

ساڵی 1991، کاتێک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاتنە نێو عێراق، جگە لەو سێ پارێزگای باشووری کوردستان کە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، کەرکووکیش کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. بەڵام سوپاکەی سەدام، دوای کشانەوەی لە کوێت، ڕووی چەکەکانی لە کوردستان کرد و ئەو ناوچانەی گرتنەوە کە دواتر بوونە (ناوچەی دابڕاو). هەروەها پێشڕەویشی کرد بۆ سێ پارێزگاکەی دیکەی باشووری کوردستان، بەڵام دواتر لەژێر فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، تەنیا لە کەرکووک نەکشایەوە و ناوچەکانی دیکەی چۆڵکرد.

### ماددەی 140 چی بوو؟

لە ساڵی 2003ش، کە دیسان ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی لەژێر ناوی "پرۆسەی ئازادکردنی عێراق" هاتنەوە ئەو وڵاتە، بەهەمانشێوە کەرکووک بەتەواوەتی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی کوردستان، بەڵام ئەمجارە ئەوەی ناچارکرا مل بۆ فشاری نێودەوڵەتی بدات، سەرکردایەتیی کوردستان بوو و بە بڕیاردان لەسەر ڕەوشێکی ئاوارتە بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە ڕازی بوو. کاتێک دوای ئەو ڕووداوانە ئیدارەیەکی کاتی لە عێراق پێکهات، نوێنەرانی کوردستان پێداگیرییان لەسەر گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان دەکرد، کاتێکیش دەستووری کاتیی عێراق نووسرایەوە، چارەنووسی ئەو ناوچانە سپێدردرا بە مادەی 58. دوای ئەوەش، کاتێک دەستووری هەمیشەیی عێراق نووسرایەوە، مادەی 58 بەدەستکارییەوە خرایە نێو دەستوور و ناوی لێنرا مادەی 140. بەپێی ئەو ماددەیە دەبووایە تاوەکو 2007/12/31 قۆناخەکانی ئەو ماددەیە (ئاساییکردنەوە "قەرەبووی ئاوارە و هاوردەکان"، سەرژمێری و ڕاپرسی) بکرێت، بەڵام جگە لە قەرەبووکردنەوەی ژمارەیەک کوردی ئاوارە و عەرەبی هاوردە، بڕگەکانی دیکەی ماددەکە جێبەجێنەکران.

### مەرجی کورد بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ

کورد لە هەڵبژاردنی 30ی نیسانی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق لە کۆی 12ی کورسیی بەشی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق، 8 کورسیی بەدەستهێنا (یەکێتی 6 کورسیی هێنا و پارتیش 2 کورسیی دەستکەوت). ڕاوێژکارەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت دەبێ مەرجی کورد بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوەبێ کە "دەستوورێکی نوێ بنووسرێتەوە و تێیدا سنووری نوێ بۆ هەرێمی کوردستان دەستنیشانبکرێ، کە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای موسڵی بەتەواوەتی تێدابن"، ئەگەر نا، وەک دڵشاد عەبدولڕەحمان دەڵێت، "نابێ کورد بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بکەن". نێوبراو پێیوایە "دەستوور بە ئارەزووی هێز دەنووسرێتەوە" و "ئێستا کورد هێزی زیاتر بووە، سوننەش هێزی هەیە، لەبەرامبەردا هێزی شیعەش وەکو جاران نەماوە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی باسی ڕۆڵی تورکیا دەکات بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەڵێت "نابێ ڕۆڵی تورکیا بۆ ئەم هەنگاوە لەبیر بکەین و سەردانی نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بۆ تورکیا هەنگاوێکی زۆر باش بوو". دڵشاد عەبدولڕەحمان زۆر دوودڵ نییە لەوەی کە بڵێت کەرکووکیش، دوای گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییە، لەلایەن بەغداوە سزادەدرێت و مووچە و بودجەکەی وەکو هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت: "بە دووری نازانم بەغدا ئەوە بکات". بۆیە، وەک ئەو دەڵێت، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان "فراوانتر بکرێ و نوێنەرانی ناوچە گەڕاوەکانیش تێیدا بەشداربن، لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش پشکیان هەبێت. هەروەها دەبێ ڕێگەیەک ببیندرێتەوە بۆئەوەی نوێنەری ئەو ناوچانە لە پەرلەمانی کوردستان هەبن".

### "کورد لە کەرکووک 70%ی دانیشتووانن"

ئێستا جگە لە بەشێک لە سەعدییە و جەلەولا، کە دوو شاری کوردستانین لە پارێزگای دیالە، هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندان. ئاوات محەممەدئەمین، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت: "95%ی خاکی کوردستانی عێراق لەدەست کورددایە و تەنیا جەلەولا و سەعدییە ماون". هەروەها گوتیشی: "ئێستا کە کەرکووک کەوتووەتە سەر هەرێمی کوردستان بەو دۆخەی ئێستاوە کە هەیەتی، ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکە بەمشێوەیەی لێدێت: کورد 70%، تورکمان 15%، عەرەب 15%، چونکە هەریەکە لە حەویجە، ڕەشاد، ریاز و هەندێ شاری دیکە لە کەرکووک جیادەبنەوە و بەشێک نین لە کوردستان. ڕێژەی دانیشتووانی ئەو شارە عەرەبنشینانەش 260 هەزار کەس دەبێت". بەڵام ئاوات محەممەدئەمین دەڵێت، "بەو ناوچانەوە ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای کەرکووک لەنێوان 50 بۆ 51% دەبێت".

**ڕێژەی کورد لە کەرکووک**
**بەبێ ناوچە عەرەبییەکان: 70%**
**بە ناوچە عەرەبییەکانەوە: 51%**
**گرنگترین ناوچە عەرەبییەکان: حەویجە، ڕەشاد، ریاز**

### کەرکووک 40 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە

بە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مەسەلەی فرۆشتنی نەوتی ئەو شارە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە گەرمی باسیدەکرێت. بەپێی مەزەندەی شارەزایانیش کەرکووک یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندترین شارە نەوتییەکانی جیهانە.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1927 نەوت لە کەرکووک دۆزرایەوە و یەکەم شوێن بووە لە جیهان کە نەوتەکەی لەژێر خاک زیاد بووە و بەبێئەوەی هیچ بیرێک لێبدرێت، نەوتەکەی لەژێر زەوی هاتووەتە دەرەوە. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەپێی خەمڵاندنێکی حکومەتی عێراق، یەدەگی نەوتی کەرکووک 24 ملیار بەرمیل بووە، کە تاوەکو ئێستا 14 بۆ 15 ملیار بەرمیلی لێ فرۆشراوە. بەڵام فەرهاد هەمزە، شارەزا لە بواری نەوتی کەرکووک، باسی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمپانیای شێڵ-ی هۆڵەندی دەکات لەسەر نەوتی کەرکووک و دەڵێت: "نەوتی یەدەگی کەرکووک 40 ملیار بەرمیلە، بەڵام ئەوەی دەکرێ دەربهێندرێت 10 ملیار بەرمیلی یەدەگە".

کەرکووک چوار کێڵگەی گەورەی نەوتی هەیە کە پێکدێن لە کەرکووک، بای حەسەن، عەباس و جەمبوور و بە هەر چوار کێڵگە هەزار و پێنج بیری نەوتی هەیە، بەڵام هەموو بیرەکان کار ناکەن. ئێستا بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو چوار کێڵگەیە پێکەوە 550 هەزار بەرمیلە. نرخی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک لە چوارچێوەی نرخی دانراو لەلایەن ئۆپێکەوەیە، بەڵام لە مانگی نیسانەوە تاوەکو ئێستا لەبەرتەقاندنەوەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک، کە بە بەندەری جیهانەوە دەبەسترێتەوە، هەناردەکردنی نەوتەکە ڕاگیراوە.



**بۆڕیە نەوتەکەی نێوان کەرکووک و هەولێر**
**درێژییەکەی 35 کیلۆمەترە**
**قەبارەکەی 35 ئینجە**
**لە ڕۆژێکدا یەک ملیۆن بەرمیل نەوت دەگوازێتەوە**

### بۆڕیی نێوان کەرکووک و هەرێمی کوردستان

تەها زەنگەنە، بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو)ی ئاشکراکرد کە "بۆڕییەکی نەوت لە نێوان کەرکووک و هەرێمی کوردستان ڕاکێشراوە و کارەکانی کۆتاییپێهاتووە، بۆئەوەی نەوتی کەرکووک لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بفرۆشرێت". بەگوتەی زەنگەنە "ئەو بۆڕییە درێژییەکەی 35 کیلۆمەترە و نەوتی کەرکووک بە هێڵی بۆڕی نەوتی خورمەڵەوە دەبەستێتەوە". فەرهاد هەمزە باسی قەبارە و توانای ئەو بۆڕییە نەوتە دەکات و دەڵێت "35 ئینجە و توانای هەناردەکردنی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە لە ڕۆژێکدا".

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک، مانگانە 7 تاوەکو 9 ملیۆن بەرمیل لە نەوتی کەرکووک بۆ بازاڕەکانی جیهان هەناردەکراوە. ڕۆژانەش دەکاتە 200 تاوەکو 250 هەزار بەرمیل لە نەوتی کەرکووک بۆ پاڵاوگەی بێجی نێردراوە بۆئەوەی بەرهەمە نەوتییەکانی لێ دروست بکرێ. ئێستا کۆمپانیای BP ی بەریتانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کەرتی نەوتی کەرکووک سازدەکات بۆئەوەی 300 هەزار بەرمیلی دیکەی نەوت لە ڕۆژێکدا لە کەرکووک زیادبکرێ. دڵشاد پیرۆت، کە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە، باسی بڕیاری فرۆشتنی نەوتی کەرکووک دەکات لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە و دەڵێت "ئەگەر بڕیارەکەمان بۆ بێت، بەبێ دوودڵی دەنگی لەسەر دەدەین".

بەرپرسە باڵاکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش باسی داهاتی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەکات و دەڵێت "داهاتەکە خەرجیی کەرکووک و پەترۆدۆلاری لێ هەڵدەگیرێت. ئەگەر زیادیشیکرد بۆ حکومەتی عێراق دەگەڕێندرێتەوە". ئاوات محەممەد ئەمینیش لەڕووی یاساییەوە باسی داهاتی نەوتی کەرکووک دەکات و دەڵێت "هەرێمی کوردستان دەتوانێ 17%ی بەشە بودجەکەی لە داهاتی نەوتی کەرکووک بۆ خۆی هەڵبگرێ، چونکە نەوت موڵکی هەموو عێراقە، بە نەوتی کوردستانیشەوە".



## "عادل موراد شیعەیەکی توندڕەوە"

عادل موراد، سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، کە وەکو ئۆرگانێکی هاوشێوەی پەرلەمان لەناو یەکێتیدا لێی دەڕواندرێت، لەگەڵ ئەوەدا نییە بگوترێت مادەی 140 تەواوبووە و پێیوایە دەبێ بەغدا بڕیار لەسەر ئەوە بدات، چونکە، بە بڕوای ئەو، قسەکردن لەسەر تەواوبوونی مادەی 140 "خزمەتی کەرکووک ناکات". بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە کەمبایەخییەوە لە قسەکانی عادل موراد لەسەر کەرکووک دەڕوانێت. سەلاح دەلۆ، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە لە کەرکووک دەڵێت: "کەرکووک بەشێوەی ئۆتۆماتیکی گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان و مەبەستی گەڕانەوەش ئەوەیە کە پارچەیەکە لە خاکی کوردستان". ئەو بەرپرسەی پارتی بەتەوسەوە دەڵێت: "کاتێک کەرکووک و ناوچەکانی دیکە گەڕاونەتەوە، ئیتر ئەو خەڵکە بۆ پێیان ناخۆشە؟" ئەو باسی سنووری کوردستانیش دەکات لە گەڵ بەغدا و دەڵێت "خۆ ئێمە دراوسێی بەغدا نەماوین تاوەکو بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان فەرمان لە بەغدا وەربگرین". ڕەخنەی توندیشی لە عادل موراد گرت و بە "شیعەیەکی توندڕەو" ناوی هێنا و گوتیشی "قسەکانی هیچ کاتێک لە بەرژەوەندیی کورد و یەکڕیزی نێوماڵی کورددا نەبووە".

## شاندێکی یەکێتی لە بەغدایە

**ڕووداو- هەولێر**

نووسینگەی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردوە، کە ڕۆژی 2014/6/29 لە شاری بەغدا دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری لەگەڵ هەریەک لە نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەتیف ڕەشید، ڕاوێژکاری جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری عێراق کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتی دانووستاندنی لایەنە سیاسییەکان تاتوێکراوە و جەختیشکراوەتەوە لە پێویستی هاوکاریکردن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ. ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا پەرلەمانتارانی پارتی نەچوونەتە بەغدا بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق لە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو.

### کۆنە وەزیرەکان باسی حکومەتە نوێکەی دەکەن

# کابینەی هەشتەم سەری نێچیرڤان بارزانی سپی دەکات؟



(فۆتۆ: AFP)

**وەزیرێکی پێشوو:** لە کابینەکانی پێشوودا حیزبەکان کێشەیان بۆ دروستدەکرد و پشتگیرییان نەدەکرد

**وەزیرێکی دیکە:** خۆی و جێگرەی عەقڵی دەوڵەتدارییان هەیە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی داوای لە وەزیرە نوێیەکانی کابینەکەی کرد حیزبایەتی لە دەرەوەی دەرگای ئەنجوومەنی وەزیران فڕێ بدەن و بە گیانی دەوڵەتدارییەوە کاربکەن. ئەمەش ترسێک بوو لە کابینەکانی پێشووەوە سەرچاوەی گرتبوو. چونکە سەرۆک وەزیران دانی بەوەدا نا کە "تیمی حکومەت وەک پێویست سەرکەوتوو نەبوون لەوەی وەک تیم پێکەوە کاربکەن". بەپێی ڕاگەیەندراوێکیش، کە ئەنجوومەنی وەزیران بڵاویکردووەتەوە، نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەکەدا گوتوویەتی: "نادادپەروەری لە مووچەدا هەیە و سیاسەتی ڕازیکردنی خەڵک کە پێشتر پەیڕەوکراوە، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر پرسی مووچە دروستکردووە. زۆر لە یاساکانیش پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە".

بە بڕوای ئەو وەزیرانەی لە کابینەکانی پێشوودا کاریانکردووە، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارێکی دروستیکردووە کە هەموو لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن بەشدارییان تێداکردووە، بەڵام شانی داوەتە بەر ئەرکێکی قورس و نزیک لە مەحاڵیش. چونکە ئەو بەشدارییە وایکردووە "کارنامەیەکی قورس و چڕوپڕی هەبێت، چاوی زۆریشی لەسەربێت". دارا محەممەدئەمین، کە لە کابینەی پێنجەم وەزیری ژینگە بووە، پێیوایە خەڵک چاوەڕوانییەکی زۆری لەم حکومەتە هەیە و ئیدی کارەبا و کار و خزمەتگوزاریی دەوێت: "ئەگەر هەموو حیزبە سیاسییەکان بەیەکەوە پشتگیریی حکومەت نەکەن، پەکیدەکەوێ و ناتوانێت سەرکەوتووبێت".

بەبڕوای دارا محەممەدئەمین، حکومەت لەبەردەم تەحەددای زۆردایە. هاوکات لەلایەن حکومەتی ناوەندیشەوە بە کێشە و قەیران گەمارۆدراوە. لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی داعش و سنوورەکان و داواکارییەکانی خەڵکیشی هاتووەتەسەر. هەرچەندە، وەک ئەو کۆنە وەزیرە دەڵێت، خەڵکی کوردستان لە نەبوونی بودجە تێدەگەن، بەڵام "چیدیکە پاساوی بێپارەیی لە کابینەی هەشتەم قبوڵ ناکەن".

هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش، دوای 4 ساڵ ڕەخنەگرتن و مایکرۆسکۆپ خستنە سەر کەموکوڕییەکانی حکومەت، بۆخۆشیان هاتنە نێو حکومەتەوە. یەکێتیش، کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ەوە هەمیشە لە حوکمڕانیدا بووە، لەم قۆناخەدا گوتارێکی سیاسیی توندی گرتووەتەبەر. لەم دۆخەدا گرەوەکان لەسەر ئاستی نێوخۆیی زۆرن. حکومەتیش دەورەدراوە بە کۆمەڵێک کێشەی ئەمنی و دارایی. ئێستا زۆر کەس دەپرسن: دەبێ کابینەی هەشتەم چۆن بێت و چۆن بەنێو ئەو هەموو تونێلە تەنگەبەرانەدا تێپەڕێت؟

کامەران ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوە بووە لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەو باسی دۆخی لەگرێژنەدەرچووی سیاسی و تەناهیی عێراق دەکات، کە شەڕی سوپا و داعش و گرووپە سوننەکان، بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شەڕێک یەخەی کوردیش بگرێت ئینجا دەڵێت: "ئایا لایەنە سیاسییەکانی نێو حکومەت یان وەزیرەکان بە گیانی پێکەوەکارکردن وەڵامی ئەو تەحەددایانە دەدەنەوە؟" ئەو وەزیری پێشووە پێیوایە سەرکەوتنی کابینەی هەشتەم دەکەوێتە سەر ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئەمنی و کێشەی داراییدا دەکات؟ هەرچەندە گوتی کێشەی دارایی هەروا ئاسان نییە "بەڵام ئایا ئەوانە دەبنە فاکتەر بۆ تێپەڕاندنی کێشە نێوخۆییەکان و دروستکردنی تەبایی لەنێو حکومەت".

ئەوەی لەئێستاوە ڕوونە، کابینەی هەشتەم گیرفانەکانی تەنکن و کێشەکانیشی ئەستوورن، بودجەی لەلایەن بەغداوە بڕاوە و دەبێ پشت بەو 250 هەزار بەرمیلە نەوتە ببەستێ کە لەڕێگەی تورکیاوە دەیفرۆشێت. یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی هەشتەم، کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "دوو ساڵی داهاتووی کابینەی هەشتەم تەنیا ڕاکردن دەبێت بەدوای دابینکردنی مووچە و پارەی پڕۆژەکانی پێ هەڵناسوڕێت". گوتیشی ڕەنگە لایەنێکی ئەرێنی بۆ بێدەنگکردنی خەڵک ئەوەبێت کە هەموو لایەنەکان لە حکومەتدا بەشدارن: "بەڵام هەموو لایەنەکانیش کێبڕکێ دەکەن لەسەرئەوەی کە کەمتر خەڵک ڕەخنەیان لێبگرێت، بۆیە ڕەخنەش لە حکومەت دەگرن. پێشناچێت لەو دۆخەدا سەرۆک وەزیران زۆر ماندوو بکرێت". بەڵام سەعد خالد، وەزیری هەرێم بۆ ڕێکخستنی کارەکانی نێوان پەرلەمان و حکومەت، پێشبینی دەکات کابینەی هەشتەم کێشەی زۆری هەبێت "بۆیە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەبێ بەتەواوی خۆیان بۆ چاکسازی ئامادەکردبێت، بەڵام هەڕەشەکانی بەغدا و داعش بۆخۆی پاڵنەرێکی باش دەبن بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکانی ناو حکومەت لەیەکدی".

لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی کابینەی پێنجەمدا نێچیرڤان بارزانی گوتی "کابینەی پێنجەم سەری سپی کردم"، بەڵام پێدەچێ لە کۆتایی کابینەی هەشتەمدا، سەرۆک وەزیران خۆزگە بە کابینەی پێنجەم بخوازێ، چونکە جگە لەو کێشە کەڵەکەبووانە، ئەمڕۆ کورد شەڕی جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆش دەکات.

دارا محەممەدئەمین دەڵێ کاتێک ئەو وەزیر بووە نێچیرڤان بارزانی لەلایەن حیزبەکانەوە پشتگیری نەدەکرا، بەڵام گوتیشی "سەرکەوتوو بوو لە پێکەوەهەڵکردن و تەبایی نێوان لایەنەکان و کەسێکی سەرکەوتوو بوو لە بەڕێوەبردنی کارەکانی، بەڵام حیزبەکان کێشەیان بۆ دروستدەکرد و پشتگیریان نەدەکرد. ئەو لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوە بوو ئەمن و ئاسایشی پاراستنی کوردستان بخرێنە ئەستۆی حکومەت خۆیەوە، بەڵام پێموایە حیزبەکان هاوکاری نەبوون". کامەران ئەحمەدیش پێیوایە "نێچیرڤان بارزانی و جێگرەکەی بە عەقڵێکی دەوڵەتداری کاردەکەن".

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لەو بڕوایەدایە کابینە نوێیەکە زۆرترین کێشەی هەبێت و دەڵێ مادام حیزبەکان ئەوەندە درەنگ ڕێککەوتن لەسەری، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کارەکانی حکومەت "لەوانەیە زۆر لە کێشەکان حیزبەکان لە دەرەوە بەدانیشتن چارەسەری بکەن". دانا سەعید سۆفی گوتیشی "کۆمەڵێک پرسی چاکسازی لەبەردەم حکومەتدایە، بەهۆی کێشە ئەمنییەکانەوە ناپیرژێتە سەر چاکسازی و ئەوەش دەبێتەی ڕەخنەیەکی زۆر بەسەریەوە".

# یەکێتی داوا لە پارتی دەکات سلێمانی یەکلایی بکاتەوە

## پارتیش ئامادەیە لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت

**گۆڕان:** کورسییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوومان بەسە بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگار

**یەکگرتوو:** لەبەرامبەردا پۆستی پارێزگاری هەڵەبجەمان دەوێت

**کۆمەڵ:** پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانیمان دەوێت

**یەکێتی:** پارێزگاری هەڵەبجە هێڵی سوورە



کۆبوونەوەیەکی پارتی و یەکێتی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

هێشتا پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەنێوان گۆڕان و یەکێتی یەکلایی نەبووەتەوە، بەوهۆیەشەوە ئەو دوو لایەنە نەیانتوانیوە هیچ پۆستێکی ئیداریی دیکە یەکلایی بکەنەوە. یەکگرتوو و کۆمەڵ تاوەکو ئێستا ئامادە نین هاوکێشەکە یەکلایی بکەنەوە. بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێ "هەقە پارتی چیدیکە دوورەپەرێز نەمێنێتەوە و بە 3 کورسییەکەی خۆی هاوکێشەکە یەکلایی بکاتەوە". بەرپرسێکی پارتیش دەڵێ "ئەگەر کێشەکە بەوشێوەیە درێژە بکێشێت، ناچارین یەکلایی بکەینەوە".

ئەوە دۆخی دوای هەڵبژاردنەکانە لە سلێمانی. دوو مانگی تەواو بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا تێپەڕیوە و خەریکە ئەو ماوە یاساییەش تەواودەبێ کە لایەنە سیاسییەکان بەدەستیانەوە ماوە بۆ پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکان، بەڵام هێشتا دانیشتنەکانیان بە کراوەیی جێهێشتووە و چەند دانیشتنێکی یەک لەدوای یەک نەیتوانی ئەو دوو لایەنە پێکناکۆکە نزیکبکاتەوە لەوەی پارێزگار یەکلایی بکەنەوە. سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتی بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ "لەسەر شێوازی دابەشکردنی پۆستەکانی سلێمانی گفتوگۆمان کردووە، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەنجام". ناوبراو گوتیشی "هەردوولا پێمانوایە دەبێ هەموو لایەنەکانی تێدابن".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی نێو یەکێتی و گۆڕانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو گفتوگۆیانەی ئەنجامیانداوە، یەکێتی و گۆڕان هەریەکە و لەلای خۆیانەوە جەختیان لەسەر وەرگرتنی پۆستی پارێزگار کردووە، یەکێتیش ئامادەبووە "پۆستی جێگری پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بداتە گۆڕان لەبەرامبەر وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی".

هەڵسووڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕانیش، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی بزووتنەوەکەیان خۆی بە براوەی پارێزگای سلێمانی دەزانێ و پێویست ناکات بە "پۆستی لابەلا یان هەندێک پۆستی دیکە دەستبەرداری ئیستیحقاقی ئینتیخابیی خۆی بێت". ئەو گوتیشی: "سوورین لەسەر وەرگرتنی پۆستی پارێزگار و تەنیا کورسییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوومان بەس بوو بۆ ئەوە، بەڵام وادیارە هێشتا ئەوان بڕیاریان نەداوە".

لەبەرامبەر پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی پارێزگای هەولێر لەگەڵ کۆتای تورکمانەکان، یەکێتی بە هەماهەنگی لەگەڵ گۆڕان و یەکگرتو و کۆمەڵ دەستی بە هەڵمەتێکی نارەزایی دەربڕین کردووە و دەیەوێ لەژێر فشاردا جارێکی دیکە ئەو ئیدارەیە هەڵبوەشێنرێتەوە و بە بەشداریی ئەوان دیسان پێکبهێنرێتەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا هەڵوێستی گۆڕان نەرمترە و هیوایەکی بەوە هەیە پارتی لە سلێمانی بە کورسییەکانییەوە ڕووی تێبکات.

ژمارەیەک دانوستاندن لەنێوان حیزبەکان بەڕێوەچوون لە سلێمانی. گۆڕان و یەکێتی بەجیا دانوستاندنیان لەگەڵ ئیسلامییەکان کرد، دواتریش گۆڕان لەگەڵ پارتی و یەکێتیش لەگەڵ سۆسیالیست، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە بەبێ ئەنجام کۆتاییان هات. هەڵسووڕاوە باڵاکەی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت "لەوانەیە لە سێشەممەوە گفتوگۆکان دەست پێبکەنەوە".


ئیسلامییەکان، خاوەنی 4 کورسین لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڵام ئەوان کورسییە یەکلاکەرەوەکانی خۆیان هەڵگرتووە بۆ بردنەوەی پۆستە ئیدارییەکانی هەڵەبجە. د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، پێیوایە ئەگەر لیژنەیەکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ دروستنەکرێت و بەپێی خاڵبەندی پۆستە ئیدارییەکان دابەشنەکرێن، ناگەینە ئەنجام. نێوبراو وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەو داوایەی کە دەیانەوێ پۆستی پارێزگاری داهاتووی هەڵەبجە بدرێتە ئەوان، گوتیشی "یەک لەسەر هەشتی پۆستە ئیدارییەکانی سلێمانی بە ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆمان دەزانین، با بزانین خاڵبەندی چۆنە بۆ پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکانیان". بەڵام فەیسەڵ ئیبراهیم، ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، باسی ئیستیحقاقی خۆیان دەکات و دەڵێت "بەدڵنیاییەوە جێگری پارێزگار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە مافی خۆمان دەزانین".

یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، وەک فەیسەڵ ئیبراهیم باسیکرد، جگە لەو پۆستانە داوای هەندێک بەڕێوەبەری گشتیی پارێزگای سلێمانیشیان کردووە، لەگەڵ لە پۆستی پارێزگاری هەڵەبجەش. چونکە، وەک ئەو گوتی: "ئێمە بەو 4 کورسییەی کە هەمانە دەتوانین گۆڕان و یەکێتی یەکێکیان بخەینە دەرەوەی حکومەتی خۆجێیی سلێمانی". گوتیشی "ئەگەر حیسابی دەنگی زۆر بکرێت، ئێمە زۆرینەی هەڵەبجەین، تەنیا لەو حاڵەتەدا بۆ ئێمە نابێت کە گۆڕان و یەکێتی لە هەڵەبجە ببنە یەک".

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی، کە ئەویش نەیویست (ڕووداو) ناوی بڵاوبکاتەوە، دەڵێ "هەڵەبجە بەلای ئێمەوە هێڵی سوورە و ئامادە نین بیدەینە دەست ئیسلامییەکان، با چیدی بەوە خۆیان ماندوو نەکەن داوای پارێزگاری هەڵەبجە بکەن". گوتیشی "گۆڕان ئامادەیە بیانداتێ بۆ ئەوەی پشتگیری بکەن لە سلێمانی، بەڵام ئەوان پشتگیری گۆڕانیش ناکەن بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی و گۆڕانیش دەبێ بزانێ کە یەکێتی هەڤاڵ ئەبوبەکر قبوڵ ناکات". ئەو بەرپرسەی یەکێتی ڕەخنەشی لە پارتی گرت بۆ ئەو شێوازە مامەڵەیەی لەگەڵ ئیدارەی هەولێر کردی و دەڵێ "تێناگەین بۆچی تاوەکو ئێستا یەکێتی و پارتی لە سلێمانی کۆنەبوونەتەوە، تێناگەین بۆچی پارتی بێدەنگە کە خاوەنی 3 کورسییە و دەتوانێ ئەو هاوکێشانە یەکلایی بکاتەوە"، گوتیشی "داواکارین پارتی بێتە دەنگ و بە قازانجی یەکێتی یەکلایی بکاتەوە".

بەڵام بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی دەڵێ "کۆنەبوونەوەمان لەگەڵ یەکێتی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکدیمان لەکاتی کۆبونەوە ئاگادارنەکردووەتەوە و هۆی ئەوە نییە کە پەیوەندیمان باش نەبێ، بەڵکو ڕێکەوتە". ڕزگار ئەژی گۆڕان هەروەها دەڵێ یەکێتی هیچی بە ئێمە نەگوتووە و ئێمەش داوامان نەکردووە "بەڵام ئەگەر پێویست بکات، یان بزانین ئەو کێشەیە درێژە دەکێشێت ئامادەین پارێزگار لە نێوان یەکێتی و گۆڕان یەکلایی بکەینەوە".

رووداو
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30



## "نەورۆزی داهاتوو ئۆجەلان ئازاد دەکرێت"

**رووداو- هەولێر**

خەتیب دیجلە، پەرلەمانتاری پێشووی پارتی دیموکراسی DEP کە رۆژی 2014/6/28 لە زیندان ئازادکرا، رایگەیاند چاوەڕوان دەکەن تاوەکو نەورۆزی 2015 عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێت. دیجلە پێیوابوو دەبێت ئۆجەلان بە زووترین کات بگەڕێتەوە ناویان بۆ بەشداریکردن لە خەباتی سیاسی. هاوکات راشیگەیاند ئۆجەلان کار بۆ ئەوەدەکات سەرەتا سەرجەم زیندانیانی کورد ئازادبکرێن و گەریلاکانی PKK بگەڕێنەوە وڵات بۆ بەشداری لە کاری سیاسی، ئەو کات دوای بەدیهێنانی دەستوورێکی نوێ دەکات.

### زەینەب جەلالیان "دژایەتی خوای کردووە"

# چالاکڤانێکی کورد لە زینداندا کوێردەبێت

**ئاڤا هوما**
**رووداو- تۆرنتۆ**

ژنێکی کوردی زیندانەکانی ئێران، کە وەک راپۆرتەکان باسیان کردوە بەردەوام "ئەشکەنجە" دراوە، چالاکڤانان دەڵێن ئەو ژنە ئێستا بە تەواوی کوێر بووە و کەسیش بە باشی چاودێری تەندروستیی ناکات.

بەپێی قسەی چالاکڤانان "لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، چاوەکانی زەینەب جەلالیان بە تەواوی لەکارکەوتوون، باری فیزیکی و دەروونی ئەو ژنە ئێستا تێستا تێکچووە".

زەینەب جەلالیان 32 ساڵ، کە ئێستا لە زیندانێکی کرماشانە سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێندراوە. بەپێی یاسای دادوەری ئێران، جەلالیان "دژایەتی خوا"ی کردووە کاتێک بووەتە ئەندامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)، بەڵام خۆی ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە.



بەگوێرەی یاساکانی ئێران زیندانییەکان دەتوانن چاودێری تەندروستی بەدەست بهێنن و مافی ئەوەیان هەیە لە رووی تەندروستییەوە چاودێرییان بکرێت، بەڵام وەک چالاکوانەکان دەڵێن بەرپرسانی زیندانەکە رێگە نادەن ئەو ژنە هیچ هاوکارییەکی تەندروستی پێبگات یان چاوی بە دکتۆرێکی شارەزای چاو بکەوێت.

رێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ باسی لەوە کردووە، ئەم ژنە رووبەڕووی ئەشکەنجەی زۆر بووەتەوە و لەوکاتەشەوە کە زیندانی کراوە کێشەی ترسناک لە چاویدا دروست بووە، کە لەوانەیە کێشەی چاوی بەهۆی لێدانەوە بووبێت لەسەری.

گرووپەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و ئێرانی داوایان کردووە جەلالیان دەبێت بەزووترین کات چارەسەری پزیشکی پێبگات و جارێکی دیکەش دادگایی بکرێتەوە. رێکخراوی ئەمنیستی دەڵێت "ئەو ژنە کوردە لەساڵی 2009دا لە ماوەی تەنیا چەند خوولەکێکدا حوکمی بەسەردا دراوە بەبێ ئەوەی پارێزەری هەبووبێت".

جەلالیان سەرەتا سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام دواتر سزاکەی لە ساڵی 2011 بۆ زیندانی هەتا هەتایی کەم کراوەتەوە، ئەو چەند جارێک مانی لە خواردن گرتووە، بەگوێری رێکخراوی ئەمنیستی ئەو ژنە جار هەبووە بۆ ماوەی یەک ساڵ رێگەی پێنەدراوە کەسوکاری خۆی ببینێت.

جەلالیان خەڵکی شارۆچکەی ماکۆی رۆژهەڵاتی کوردستانە. چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ و هەروەها رێکخراوی جیهانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەشکەنجەدان داوایان کردووە جەلالیان ئازاد بکرێت. سورەیا فەلاح کە چالاکوانێکی کوردی دانیشتووی ئەمریکایە داوای لە شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و پارێزەری بەناوبانگی ئێرانی کردووە، ببێتە پارێزەری جەلالیان و هەوڵی ئازادکردنی بدات.

لە ئێران کاتێک دەگوترێت کەسێک "دژایەتی خوا"ی کردووە، ئەمە گوزارشتێکی زۆر قورسە و سزاکەی لە ئێراندا ئاسان نییە، چونکە لای ئەوان ئەمە تاوانێکی بچوک نییە.

بە گوتەی چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ چەند بەندکراوێکی دیکەی کورد وەک فەرزاد کەمانگەر تەمەن 32 ساڵ، ئیحسان فەتاحیان تەمەن 28 ساڵ و فەسیح یاسەمینی 28 ساڵ، لەنێو ئەوانەدان کە بە هەمان تاوان سزا دراون، بەگوێرەی گوتەی ئەو چالاکڤانانە کێشەکە خۆی پاڵنەرێکی سیاسی هەیە.

لە زیندانەکانی ئێراندا، بەندکراوە کوردەکانی دیکەش لە دۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین لە نێو ئەوانەشدا محەممەد سدیق کەبودوەند هەیە، کە رۆژنامەنووسێکی کوردە و سەرۆکی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤە لە ئێران، کەبودوەند لەساڵی 2007 بە تۆمەتی شکاندنی چەند یاسایەک حوکمدرا، وەک ئەنجامدانی چالاکی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە دژی سیستەمی دەسەڵاتی ئێران. ئەو بە 10 ساڵ زیندانی حوکم دراوە.



### دەیانەوێ دۆسیەکە رەوانەی ئەوروپا بکەن

# خەڵکی رۆبۆسکێ هیوایان بە دادگاکانی تورکیا نەماوە

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- ئامەد**

ئەو خێزانە کوردانەی ساڵی 2011 کەسوکاریان لە کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی لە دەستدا داوا لە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا دەکەن لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بکات.

34 کەس، کە زۆربەیان هەرزەکار بوون، لە هێرشی فرۆکە F16 کانی تورکیادا بۆ سەر گوندێک لە ناوچەی شرناخ کوژران. قوربانییەکان کە زۆربەیان سەر بە یەک خێزانی کورد بوون، سەرقاڵی بە قاچاخ هێنانی بەنزین و جگەرە بوون لە هەرێمی کوردستان

بەرپرسانی سەربازی وایانزانیبووە قوربانییەکان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ن. حکومەتی تورکیاش رایگەیاند کە هێرشەکە هەڵەی بێ مەبەست بووە. هەروەها حکومەت قەرەبووی پێشکەشی کەسوکاری قوربانییان کرد- کە رەتیان کردەوە- بەڵام هەرگیز داوای لێبوردنی نەکردووە. کەسوکاری قوربانییان و چالاکڤانانی کوردی مافەکانی مرۆڤ داوادەکەن کەیسەکە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی فەرمانی هێرشەکەیان دەرکردووە و کێ سەرچاوەی زانیارییە هەڵەکە بووە.

چالاکڤانان دەڵێن حکومەتی تورکیا شەفاف نەبووە و بە دروستی بەدواداچوونی بۆ کەیسەکە ئەنجامنەداوە. پەرلەمان چەند دانیشتنێکی تایبەتکرد بە هێرشەکە و دواجار بە هێرشێکی هەڵەی لەقەڵەم دا. هەرچەند بەرپرسانی سوپا رەتیانکردەوە ئیفادە بدەن. لە مانگی حوزەیرانی 2013 نووسینگەی داواکاری گشتی دیاربەکر رایگەیاند کە سوپا ئاگادار نەبووە و بەمەبەست قوربانییانی بۆمباباران نەکردووە، بەڵام کەیسەکەی رادەستی داواکاری گشتی سەربازی کرد.

کانوونی دووەمی 2014 نووسینگەی داواکاری گشتی رایگەیاند کە تۆمەت ئاڕاستەی ئەو پێنج کەسە ناکات کە لە هێرشەکە تێوەگلابوون، رایگەیاند "هەڵەیەکی گەورەیان ئەنجامداوە" بەڵام تەنیا فەرمانیان جێبەجێ کردووە.

هەفتەی رابردووش دەسەڵاتداران رەتیانکردەوە بە بڕیارەکەدا بچنەوە، ئەوەش هانی چالاکڤانانیدا کەیسەکە رەوانەی دادگای مافەکانی مرۆڤی سەر بە کونسوڵی ئەوروپا بکەن لە ستراسبۆرگ، فەڕەنسا.

وەلی ئەنجو، گوتەبێژ بەنێوی بنەماڵەی قوربانیانی رۆبۆسکی و بەڕێوەبەری دامەزراوەی شەهیدانی رۆبۆسکی بە (رووداو)ی راگەیاند "دەوڵەت هەڵوێستی خۆی ناگۆڕێت و بەردەوامە لە رێگەنەدان بە سزادانی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن، بۆیە تەنیا یەک شت ماوە: دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا"

لەگەڵ ئەوەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا نییە، تورکیا لەنێو کونسوڵی ئەوروپا دایە. کەسوکاری قوربانییان لەگەڵ پەرلەمانتارانی تورکیا دانیشتوون بۆ ئەوەی کەیسەکەیان پێشبخەن بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بەرپرسیاری رووداوەکەن هەروەها بۆ ئەوەی کەیسەکە پتر لێی بکۆڵرێتەوە.

کۆمەڵکوژییەکە نارەزایی زۆری لە ناوچە کوردنشینەکان لێکەوتەوە و بووەتە لەکەیەکی گەورە لە ریکۆردی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکوەزیران.

فەلەک ئەنجو کوڕە 13 ساڵەکەی، ئەرکان، لە رووداوەکەدا لەدەستدا. ئەو گەنجترین قوربانی بوو.

فەلەک دەڵێت "کۆمەڵکوژییەکە هەمووکاتێک کارمان تێدەکات، پارەمان ناوێ، دەمانەوێ ئەوانەی بەرپرسیارن دادگایی بکرێن".

وەلی ئەنجو، برا 16 ساڵەکەی و 11 خزمی دیکەی لە کۆمەڵکوژییەکەدا لەدەستداون، رایگەیاند کە دەسەڵاتدارانی تورکیا هەڕەشەیەیان لە خێزانەکەی کردووە.

راجی بیلیجی، بەڕێوەبەری لقی دیاربەکری رێکخراوی مافەکانی مرۆڤیش رایگەیاند کە کەسوکاری قوربانییەکان چاوترسێن کراون " کە قسە بۆ میدیاکان نەکەن".

بارودۆخی تەمومژاوی دوای هێرشەکە- نەزانینی ئەوەی کێ فەرمانی هێرشەکانی دەرکردووە- کوردی نیگەران کردووە. بەپێی قسەکانی وەڵات زەیدانۆغلو، بەڕێوەبەری نووسینی دامەزراوەی توێژینەوەی کوردی لە سوید، هۆکاری ئەوەی کە تاوەکو ئەمکاتە کەیسەکە چارەسەر نەکراوە ئەوەیە کە ئەنجامدەرانی تاوانەکە لەلایەن دەوڵەتەوە زۆر نزیکن و ناسراون. لەو بارەیەوە دەڵێت "هیچ کەسێک سزا نەدراوە لەراستیدا دەوڵەت بەدوایاندا ناگەڕێت".

ئوموت ئۆکرملی، پرۆفیسۆر لە سەنتەری توێژینەوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەر بە زانکۆی لوند هەمان بۆچوونی هەبوو، گوتی"دەوڵەت هەوڵنادات تاوانباران بدۆزێتەوە و سزایانبدات. دڵنیام ئەوان دەزانن کە رێک چی روویداوە". ئاماژەی بەو سەرچاوەیە کرد کە دەریدەخات دەزگای هەواڵگری تورکیا بە سوپای راگەیاندووە باهۆز ئەردال، سەرکردەیەکی PKK ئامانجەکەیە.

ئۆزکرملی گوتیشی"ئێستا ئایا هەوڵێک بووە بۆ سەرلێشێواندنی سوپا (لەلایەن دەزگای هەواڵگری تورکیاوە) یان هەڵەیەکی راستەقینە بووە؟".

محەممەد نەجەف، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لە زانکۆی ساوزێرنی دانیمارک، رای پێچەوانە بوو، ئەوەشی خستە روو کە جگە لە بڕیاربەدەستان کەسی دیکە ناتوانێ بزانێ لەکاتی هێرشەکەدا بەدیاریکراوی چی روویداوە. گوتیشی"بەڵام کەیسی کۆمەڵکوژییەکە پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە متمانەی هاووڵاتیانی کورد بە سیستەمی بەرگری تورکیا لەق دەکات".

# کۆنفرانسی لاوان بەدەردی کۆنگرەی نەتەوەیی چوو

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو- هەولێر**

لێژنەی ئامادەکاری رۆژهەڵات بۆ بەستنی چوارەمین کۆنفرانسی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت ئەو کۆنفرانسە کە بڕیاربوو لاوانی رۆژهەڵات بەڕێوەی ببەن، بەڕێوە ناچێت.

ئەو لێژنەیە رایگەیاندووە لە باشووری کوردستان وەکو پێویست بەدەم هەوڵەکانیان بۆ بەستنی کۆنفرانسەکەوە نەهاتوون و لاوانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەیانەوێ هەژموونی خۆیان بەسەر کۆنفرانسەکەدا بسەپێنن و دوای چەندینجار کۆبوونەوە هیچ وەڵامێکی روونیان نەداونەتەوە.

لە دەقی راگەیەندراوی لێژنەی ئامادەکاری رۆژهەڵاتدا ئاماژە بەوە کراوە "هۆکاری بەشداری نەکردنی رێکخراوەکانی PKK بۆ بیرۆکەی "هەموو یان هیچ"ی ئەم رێکخراوە دەگەڕێتەوە، کە هاوکاتیش بوو لەگەڵ گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی ئەم رێکخراوە لە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ سیاسەت کردن لە ناوخۆی تورکیا. هەروەها دوای هەوڵێکی زۆری لیژنەی رۆژهەڵات، لەگەڵ لیژنەی باشوور بۆ هەماهەنگی و هاوڕایی کردن کە بەداخەوەش لە لایەن سەرۆکی لیژنەی باشوور بە کەمتەرخەمییەکی زۆرەوە لەگەڵ لیژنەی رۆژهەڵات دەجووڵایەوە و بڕیارەکانی لیژنەی باشووریشی بە لایەنی PKK لە باکووری کوردستان، دەبەستەوە."

یەکەمین کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان ساڵی 2011 لە شاری ئامەد بەسترا، دووەمین کۆنفرانسیش ساڵی 2012 لە هەولێر بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسی سێیەمدا کە لاوانی رۆژئاوای کوردستان خانەخوێی بوون، لاوانی کورد بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون و کۆنفرانسێک لەنێوخۆی رۆژئاوا و یەکێکیشیان لە کەمپی دوومیز لە باشووری کوردستان گرێدران. بڕیاریش بوو چوارەمین کۆنفرانس لەلایەن لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەبچێت.

جەلال رەوانگەرد، گوتەبێژی لێژنەی رۆژهەڵات لەبارەی بڕیاری نەبەستی کۆنفرانسەکە بە (رووداو)ی گوت "بڕیارمان داوە چی دیکە کۆنفڕانسێک کە PKK خۆی بە خاوەنی دەزانێت و هیچ کات ئامادە نییە بێ ئەوەی هەژموونی خۆی بەسەریدا زاڵ بێ، بەشداری تێدا بکا، بەڕێوەنەچێت"

رەمەزان مورادی، ئەندامی لێژنەی باکووریش بە (رووداو)ی راگەیاند، لاوانی سەر بە PKK دەیانەوێ هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو کۆنفرانسەدا بسەپێنن و بوونەتە ئاستەنگ لەسەر بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی چوارەمی لاوانی کورد".

هاوکات هێمن حەمید، رێکخەری لێژنەی باشوور بۆ بەستنی کۆنفرانسی لاوان کە لە راگەیەندراوی لێژنەی ئامادەکاری رۆژهەڵاتدا بە کەمتەرخەمی تۆمەتبار کراوە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند کە "لایەنەکانی باشوور هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەکردووە و ویستوویانە هەموو رێکخراوەکانی لاوانی کورد بەشداری بکەن". ئەو هەروەها دەڵێ لێژنەی رۆژهەڵات بۆ دەرکردنی ئەو راگەیەندراوە پەلەی کردووە و بڕیار وابووە هەفتەی داهاتوو لەگەڵ رێکخراوی لاوانی PKK کۆببنەوە و کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.

سەرجەم ئەندامانی لێژنەی رۆژهەڵات لەسەر ئەو راگەیەندراوە هاودەنگ نین. دوو رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێکخراوی لاوانی پێشڕەو بە دەرکردنی راگەیەندراوێک دەڵێن "راگەیەنراوی لێژنەی هاوئاهەنگیی رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵات بڵاوبووەوە کە تێیدا ناوی دوو رێکخراو هاتبوو وەک فاکتەرەکانی رێگر لە بەردەم بەڕێوەچوونی چوارەم کۆنفرانسی لاوان، ئێمە ئەو شێوازە لە راگەیەنراو بە کوردانەو لاوانەو دۆستانە نازانینو خزمەت بە پرسی لاوان و دۆزی کورد ناکات".

جەلال ساڵحی، جێگری سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت دەڵێت "دەبووایە لێژنەی رۆژهەڵات زیاتر دانی بەخۆیدا گرتبا و هۆکارەکانی نەبەستی کۆنفرانسەکەش بۆ چەندین هۆکاری وەکو بارودۆخی نێوخۆیی باشووری کوردستان، دوو جەمسەری نێوان هێزە کوردییەکان، هەوڵی خۆسەپاندن لەنێو لێژنەی رۆژهەڵات و چەندین هۆکاری دیکە دەگێڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەو قسانەدا، گوتەبێژی لێژنەی رۆژهەڵات هەرچەشنە خۆسەپێنی و کاریگەری وەرگرتن لە حیزبە سیاسییەکان رەتدەکاتەوە.



توێژەرانی ڕۆژئاوایی:

# فڕۆکەی F16 شەڕی داعشی پێناکرێت

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

بەپێی توێـژەرە ڕۆژئاواییـەکان، حکومەتی عێـراق بژارەیەکی سـنووورداری لـە بەردەمە لە پەنابردن بۆ هێرشی ئاسمانی لە دژی چەکدارە ئیسـلامییەکان کە شاری مووسـڵیان کۆنترۆڵ کـردووە، ئـەوان دەڵێن بەرپەرچدانـەوەی ئەو چەکدارانە تەنیا بە هاوکاریی هێزی پێشـمەرگە دەبێت.

ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـە بـەم دواییـە فڕۆکەیەکی ئێف 16ی ڕادەسـتی عێراق کـرد، بڕیاریدا بـەردەوام بێت لە ناردنی چەک و پێداویسـتی پێشکەوتووی سەربازی بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێـراق. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتـی زۆر نیگەرانە لە کۆنترۆڵکردنی دووەم شـاری گەورەی عێراق لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

شـارەزایانی ڕۆژئاوایی لەو بـاوەڕەدان هێزی پیادەی کورد باشترین هیوایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێـزە جیهادیانەی لە ناوچەکانی مووسـڵ بڵاوبوونەتەوە لە بری هێزی هەوایی.

"پێویسـت بـە فڕۆکـەی جەنگـی نابێت بۆ کۆنترۆڵکردنـەوەی ئـەو ناوچانە". پرۆفیسـۆر کریـس بێلمەی، توێژەری سـەربازی لە زانکۆی گرینوجـی لەنـدەن گوتـی "بۆ شـەڕکردن لە شـارەکاندا، پێویسـتت بـە هێـزی پیـادە و هەلیکۆپتەر دەبێت، تەنانەت لەو کاتەشدا دەبێت بەرچاوروون بیت لە مەترسی قوربانییەکی زۆری هاووڵاتیانی مەدەنی".

هەروەها گوتیشی "ڕۆڵێکی گریمانەیی هەیە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکـەی جەنگیی ئێف 16 لە کۆنترۆڵکردنـی ناوچەکانـی دەوروبەری شـارو لێدانی کاروانی هێزەکانی داعش".

هەرچەندە بۆ مـاوەی چەند مانگێک بژارەی بەکارهێنانـی ئـەو فڕۆکانـە بەشـێوەیەکی گریمانەیـی دەمێنێتـەوە تـا ئـەو فڕۆکانە بە سـەلیقەیەکی باشـەوە بەکاردەهێنرێن "ئێستا فڕۆکەی F16 هیچ کاریگەرییەکی نابێت" بەپێی گوتەی دەگڵەس بێری، شـارەزا لە بواری هێزی هەوایی لە پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی "هێشتا ئەو فڕۆکانە ڕادەستی عێراق نەکراون".

دەگڵەس گوتی کە هێرشـی ئاسـمانی ڕۆڵی دەبێت بۆ ئۆپەراسـیۆن لە دژی ئەو چەکدارانە، بەڵام پرسـیاری ئـەوەی کرد، ئایـا فڕۆکەوانە عێراقییەکان لەو ماوە کەمەی مەشـقدا دەتوانن سەرکەوتووبن لە پێکانی ئامانجەکانیان "هێرشی ئاسمانی جەنگەکە ناباتەوە .تەنانەت بەکارهێنانی بە باشترین شێوە، هەمیشە قوربانی هاووڵاتیانی مەدەنی لێدەکەوێتەوە".

حکومەتەکەی بەشـار ئەسـەد لە سـووریا ڕووبـەڕووی ئیدانەکردنێکـی زۆری نێودەوڵەتی بووەتەوە بەهۆی هێرشـی ئاسمانیی کوێرانە لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەی بە گرووپی داعش و گرووپە جیهادییەکانی دیکەشەوە.

ئەزموونـی ڕابردوو وای لـە کورد کردووە کە نیگـەران بن لەوەی هێزی هەوایی پێشـکەوتوو لە دەسـتی حکومەتی ناوەندیـدا بێت. لەکاتی حوکمڕانیـی بەریتانییەکان لە عێراق، ئەو وڵاتە تەنیـا ناوچە بوو کـە لەلایەن ئیـدارەی هێزی شانشینی ئاسـمانی بەریتانییەوە بەڕێوەببرێ، هەروەها کورد یەکەمین نەتەوە بوون ڕووبەڕووی یەکەمین هێرشی ئاسمانی کیمیاوی بوونەوە لە جیهاندا.

جۆردەن پێری، توێژەر لە بواری خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقا لـە پەیمانگای مەترسـی سیاسـی و ڕاوێژی ماپلێکرۆفت، ئەو مەترسیانەی پشتڕاستکردەوە کە پێشتر لەلایەن بەرپرسـانی کوردەوە پێشاندرابوون. ئەو گوتی "ڕەنگە چەکە پێشکەوتووەکانی بەغدا تەنیا بۆ گرووپە جیهادییەکان نەبێت".

"مووشەکی هێڵفایەر و هەلیکۆپتەری ئاپاچی کە کۆنگرێسـی ئەمریکی ڕەزامەنـدی دەربڕیوە لەسـەر ناردنـی بـۆ عێـراق، دەکرێ لـە دژی ئۆپۆزیسیۆنی سوننی بەکاربهێنرێن کە ئەوەش جێی نیگەرانییەکی گەورەیە". گوتیشـی "نوری مالیکـی سـەرۆک وەزیرانـی عێراق پێشـینەی هەیـە لـە بەکارهێنانی هێز بۆ سـەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سوننی".

پێری پێیوایـە توانای هێزەکانـی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چەکدارانە سـنووورداره. ئـەو هێزانە بـاش ڕانەهێنراون و لـە ڕابردوودا تووشـی شکسـت هاتوون لـە بەرامبـەر هۆزە سوننەکان.

پێـری پێیوایـە چارەسـەری ئـەو قەیرانـە سـەربازییەی عێـراق تێیکـەوت لـە مووسـڵ تەنیـا لـەلای پێشـمەرگەیە "ئاشـکرایە کـە پێشـمەرگە زۆر بەهێزترن و مەشقیان باشترە، هەروەها ئامانجیان هەیـە لە پارێزگاریکردن لە کوردسـتان". ئەو هەروەها گوتی "پێشـمەرگە بە توندی بەرپەرچیان دەدەنەوە. ڕەنگە ناردنی هێزی پێشـمەرگە سەرەتا بۆ چەند ناوچەیەکی سـنووردار بێت وەک کەرکووک و سنوورەکانی سووریا بۆ پاراستنی خاکی خۆیان".

پێری گوتیشی بەشـێوەیەکی گشتی ڕەنگە ئەو قەیرانەی ئێسـتا لە قازانجـی هەولێر بێت لـە ناکۆکییەکانـی لەگەڵ بەغـدا "مالیکی ئەو واقیعە قبوڵ دەکات کە پێویسـتی بە یارمەتی پێشمەرگە دەبێت".



# شیعە بەنیازن سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق لە پەرلەمان دابنێن

## سوونە بەربژێریان هەیە و کوردیش یەکلایی نەبوونەتەوە

**ئاسۆ فیشەنگی**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە سبەی سێشەممە 2014/7/1 خولی سـێیەمی پەرلەمانی عێراق یەکەم دانیشـتنی خـۆی گرێ بـدات کە بەپێی دەسـتوور دەبێ هەڵبژاردنـی سـەرۆکی پەرلەمـان و هـەردوو جێگرەکـەی و سـەرۆک کۆمار و ڕاسـپاردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێـراق لەخۆبگـرێ، لەکاتێکـدا دۆخی ئەمنی ناهەمـواری عێراق و کۆنترۆڵکردنی ڕووبەرێکی زۆری پارێزگاکانـی نەینـەوا و سـەلاحەدین و ئەنبـار لەلایەن چەکدارانی داعش و چەکدارانی سوننە فشـارێکی بێوێنەی خسـتووەتە سەر لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان.

هاشـم حبوبی، سـەرکردە لـە هاوپەیمانی وەتەنیە کە ئەیاد عەللاوی، سەرۆکایەتی دەکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا پۆستی سەرۆک وەزیرانـی عێراق کێشـەی لەسـەر نییە، بگرە سـەلیم جبوری سەرکردەی ناسـراوی حیزبی ئیسـلامی ڕکابەری ئوسـامە نوجەیفی دەکات بـۆ وەرگرتنی پۆسـتی سـەرۆکی پەرلەمان، دەشگوترێ نوری مالیکی پاڵپشتی لە جبوری دەکات".

گرفتـی گـەورەی پێکهێنانـی حکومەتـی داهاتووی عێراق دەستنیشانکردنی کاندیدە بۆ پۆسـتی سـەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، چونکـە مالیکی سـوورە لەسـەر مانـەوە لەو پۆسـتە و ڕەوتی سـەدر و ئەنجومەنی باڵا و کورد و سوننەکانیش دژن.

هاوکات هەوڵێک هەیە بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسـی عێراق کە لە هەشـت سـاڵی ڕابردوو زاڵبوو، چونکە لایەنەکان ئێستا باس لە پێدانی پۆسـتی سـەرۆک کۆمار دەکەن بـە عەرەبی سوننە، سەرۆکی پەرلەمان بە کورد، لەکاتێکدا کورد. شـیعەش نزیکەی 8 کاندیدیان هەیە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

سەرکردەکەی هاوپەیمانی وەتەنیە ئاماژەی بەوەدا کە "هاوپەیمانی نیشـتمانی شـیعە بە دەوڵەتی یاسـاوە بە ڕاشـکاوانە ڕایگەیاند کە ئـەوان گەورەترین فراکسـیۆنی نێو پەرلەمانی داهاتوو دەبن و مافی خۆیانە کاندید بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیرانی داهاتوو پێشـکەش بکەن و سەرۆکی داهاتووی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی داهاتوو دیاری بکەن، چونکە یەکلاکردنەوەی هەموو پۆسـتە سەرەوەرییەکان بەنـدە بـە یەکلاکردنەوەی پۆسـتی سـەرۆک وەزیرانی داهاتوو".

### وەتەنییەکان تەنیا بۆ سوێندخواردن دەچن

پێشتر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوە کـە هاوپەیمانـی وەتەنییە، کە 21 کورسـی هەیـە، بەشـداری دانیشـتنەکەی پەرلەمـان ناکەن، سەرکردەیەکی هاوپەیمانی وەتەنیە لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا هەندێک لە پەرلەمانتارانمان بەشـداری دەکەن، ئەویش بۆ سوێند خواردن و وەرگرتنی پارێزبەندی و دواتر دانیشتنەکە بەجێدەهێڵن".

ئـەو سـەرکردەیەی هاوپەیمانـی وەتەنییە دەڵێت ئێسـتا لە نێـو هاوپەیمانـی وەتەنیە مشتومڕە لە بارەی ئەگەری ئەوەی هاوپەیمانی نیشـتمانی شـیعە بتوانێ ڕێژەی یاسـایی لە دانیشتنی ڕۆژی سێشـەممەی پەرلەمان تەواو بـکات و لەلایەن خۆیەوە سـەرۆکی پەرلەمان دەستنیشـان بکات، ئەگەر ئـەو کارەش بکات ئەوکات مالیکی سەرکەوتوو دەبێ لە ڕێگەگرتن لەوەی ئەیاد عەللاوی ببێتە سـەرۆک کۆماری عێراق، بەو پێیەی دەبێ یەکێک لەو دوو پۆستە بـۆ کورد بێ و ئەوەی دیکـەش بۆ پێکهاتەی سوننە بێ.

ئەو سەرکردەی وەتەنیە گوتیشی "پێشبینی دەکـرێ بەشـێکی زۆری فراکسـیۆنەکانی پەرلەمانی نوێی عێراق ئامادەی دانیشتنی ڕۆژی سێشـەممە بن بۆ سوێند خواردن و وەرگرتنی پارێزبەندی".

### سوننە کاندیدی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە

ڕەعـد دەهلەکی، سـەرکردە لە هاوپەیمانی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان کە نزیکەی 39 پەرلەمانتاری سوننە لەخۆدەگرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "بڕیـارە پێـش کۆبوونەوەکـەی پەرلەمان هەموو لایەنە سیاسـییەکانی سوننە کـە نوێنەریان لە پەرلەمانـی عێراقدا هەیە بە هاوپەیمانـی موتەحیـدون لـە ماڵی ئوسـامە نوجەیفـی، کۆببنـەوە بۆ بە فەرمـی ناونانی کاندیدی سوننە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی نوێی عێراق و هەڵوێسـتی لایەنەکانی سـوننە بەرامبـەر کاندیـدی هاوپەیمانـی نیشـتمانی شـیعە و کورد بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیران و سـەرۆک کۆمـاری عێـراق و ئامادەبوونی یان ئامادەنەبوونی ئەو لایەنانە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ".

ڕەعـد دەهلەکی گوتیشـی "زۆربەی لایەنە براوەکانـی سـوننە کۆکـن لەسـەر ئـەوەی پێـش بەشـداریکردن لـە یەکـەم دانیشـتنی پەرلەمانی عێراق دەبێ سـێ سەرۆکایەتییەکە یەکلایی بکرێتـەوە و بەرچاوروونییەک هەبێ. هەرچەندە پێشـوەخت هاوپەیمانی یەکگرتنی هێـزە نیشـتمانییەکان بـە نافەرمی سـەلیم جبـوری وەک کاندیـدی خـۆی بـۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتی پەرلەمانی نـوێ ڕاگەیاند، بەڵام ئـەوەی یەکلابووەتـەوە زۆربـەی لایەنەکانـی سـوننە بەشـداری دانیشـتنی پەرلەمان نابن ئەگـەر ڕێککەوتنی پێشـوەخت نەبـێ و ئەو تەمومژاوییەی کە لەسـەر کاندیدی شـیعە بۆ پۆسـتی سـەرۆک وەزیران و کاندیدی کورد بۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتی کۆمار هەیە نەمێنێ و پرسەکان یەکلانەکرێنەوە".



ل‌ە دەنگە کەمبووەکانی دەپرسێتەوە

# پارتی لە بادینان لێکۆڵینەوە دەکات



ئەندامێکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی:

## نازانین بۆچی لێکۆڵینەوە دەکەین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەهـۆی کەمبوونـەوەی دەنگەکانـی لـەو ناوچەیـەدا، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لە سنووری بادینان دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە. لە یەکەم هەنگاویشدا دەوامکردنی لە کادیرەکانی توونـد کردووە. دەنگۆی لادانی چەند بەرپرسێکیش لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە. بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی یەکی ئەو حیزبەش دەڵێت "ئاگادارین ئیجرائات دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێسـتا هیچ شـتێکی فەرمیمان پێنەگەیشووە". ئەندامێکـی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتیش گوتی "دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆئەوەی بزانین کام لقە دەنگەکانی کەمیکردووە".

ژیار کەمـال، هاونیشـتمانییەکی تەمەن 35 سـاڵە و دانیشـتووی دهۆکـە. ئەویـش دەڵێت هەواڵـی لێکۆڵینەوەکانی پارتی بیسـتووە: "لە زۆر جێگە باسی ئەوە دەکرێت کە سەرکردایەتی پارتی لە بادینان چەند بەرپرسـێکی سڕدەکات، بەڵام نازانین کێ".

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان لە ساڵی 1992 و هەڵبژاردنەکانی دواتردا پارتی بەردەوام کێرڤی دەنگەکانی لە بادینان لەسەرەوە بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی 30 نیسانی ئەمساڵدا کێرڤەکـە، بـە بـەراورد لەگەڵ جارانـی ڕابردوو دابەزیـوە. بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لەدوای ئەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوانەی پارتـی لەو ناوچەیەدا بەدەسـتیهێناوە، لەسـەر ئاسـتی سەرجەم لقەکانی ئەو حیزبە لە بادینان باسـی ئەو ئەنجامانـە دەکرێت. لە چەند لقێکی بادینانیش پارتی فۆرمی دابەشکردووە بەسەر ئەو کادیرانەی دوو دەوام دەکەن، کە خۆیان یەکلایی بکەنەوە، هەروەها ئەو کادیرانەش کە کەم دەوام دەکەن، پارتی لێی توندکردوون.

هـەر بەپێـی زانیاریی سـەرچاوەکانی ڕووداو لەنێـو سـەرکردایەتیی پارتـی، ڕووداوەکانـی ئەمدواییەی موسڵ و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانـە هەبووە. ئەو سـەرچاوانە باسـی ئەوە دەکەن کە ئێسـتا سـەرکرایەتیی پارتی و لایەنە سیاسـییەکانی دیکە خەریکی ئەو ڕەوشە نوێیەی عێراقـن، پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانیش کاریگەریـی هەبـووە، "دەبووایە گۆڕانکارییـەکان تاوەکو ئێسـتا کرابـان، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوشە تازەوە دواکەوت".

مەسعود سەرنی، بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی یەکی پارتی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "ئێمـە بادینـان بـە بانکی خۆمـان دەزانین، لەبەر ئەوە چـاوی پارتی زۆر لەسـەر دهۆکـە، بۆیە مافـی خۆمانـە دەوامی کادیرەکان توند بکەین، لـەدوای هەڵبژاردنیش دەستمان بە جێبەجێکردنی پلانەکەمان کردووە".

ئـەو کارگێڕەی لقی یەک لە بادینان گوتیشـی: "ئێمـە لەسەرشـەقام گوێمان لێبـووە کە چەند بەرپرسـێک لە بادینان سـزادراون، بـەڵام هیچ شـتێکی فەرمیمان پێنەگەیشـتووە". سـەرنی دەڵێت ڕەنگـە لەبەر پێکهێنانـی حکومەت ئەو سـزادان و گۆڕانکاریانـە نەکرابن. پێشـیوایە لە ڕۆژانی داهاتـوودا پارتی چەند گۆڕانکارییەک لە بادینان دەکات.

لـە خولی دووەمـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێـراق، لـە کـۆی 10 کورسـیی دهـۆک بـۆ پەرلەمان پارتی 9 کورسی بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سـێیەم لە کۆی 11 کورسیی دهۆک، پارتی 8 کورسیی بەدەستهێنا. ئەندامێکی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دەڵێ "چەند ڕۆژێکە دەسـتمان بـە لێکۆڵینـەوە کـردووە بۆئـەوەی بزانیـن کام لق دەنگی کەمیکردووە و کام لقەش دەنگـی زیادکـردووە". ڤیان سـەبری، ئەندامی سـەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە پـاش هەمـوو هەڵبژاردنێک ئـەو کارە دەکەین، بـەڵام ئەمجـارە نازانیـن بۆ چییـە، چونکە کە لێکۆڵینەوەکەمان تەواوبوو ئەوئەنجامانە دەدەینە مەکتەبی سیاسیمان".

## بەنزین دەبێتە کارت



**رووداو- هەولێر**

تەها زەنگەنە، بریکاری وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان رایگەیاند دوو مانگی دیکە کۆبۆنی بەنزین نامێنێت و لە شوێنی ئەو کارتی زیرەک بۆ شوفێران دروست دەکرێت.

تەها زەنگەنە باسی وردەکاری ئەو کارتە زیرەکەی کرد "هەموو وردەکارییەکی تێدایە وەک ناوی شوفێر، ژمارەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەکەی و زۆر زانیاری دیکەش". گوتیشی "شوفێر بەو کارتە لە هەر بەنزینخانەیەک مەبەستی بێت دەتوانێت بەنزین وەربگرێت، ئێمەش دەتوانین بەهۆی ئەو کارتەوە کۆنترۆڵی بەقاچاخبردنی بەنزین بکەین".

ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

### بەپێی راپۆرتی رێکخراوی EIUی بەریتانی:

# گەندەڵی خاڵی هاوبەشی هەولێر و بەغدایە

**ئەلێکساندەر ویتکەمب**
**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ زیاتر باسکردنی سەربەخۆیی کوردستان، رێکخـراوی بەناوبانگـی بەریتانـی Economic Intelligence Unit (EIU) راپۆرتێکـی لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا هەرێمی کوردسـتان بە وڵاتانی دیکەی سەربەخۆ بەراورد دەکات.

لە ریزبەندی راپۆرتەکەدا و لە ئاسـتی شەش پێـوەری جیاوازدا، هەرێمی کوردسـتان لە پێش عێراقەوەیـە. لە راپۆرتەکەدا گەورەترین جیاوازی کوردسـتان و عێراق لە "باشـی ئاسـتی ژیان" و "ئارامی و سـەقامگیری سیاسـی"دایە. کەمترین جیاوازیش لە "گەشەی مرۆیی"دایە.

### لە ئاسایش پێش تورکیا و ئێران و عێراق کەوتووە

لیستی رێکخراوی Global Peace Index کە وڵاتـان بەپێی رێژەی ئاسـایش و ئارامی ریزبەند دەکات، کوردسـتانی لـە سـەرەوەی تورکیـا و ئێرانەوە داناوە و ناوی عێراقیش لە ریزبەندەکەدا لە خواری خوارەوە دێت، تەنیا باشووری سوودان، سووریا و ئەفغانستان لە پاش عێراق دێن.

بەڵام ریزبەندییەکـە لە پێش ئەو نائارامییەی ئێسـتای عێـراق دروسـتکراوە. لەبەرئـەوە توندوتیژییەکانی ئەمدواییەی داعش لە راپۆرتەکەدا لێکدانەوەی بۆ نەکراوە. ئەگەر راپۆرتەکە ئێسـتا بکرابایە ناوی عێراق تەنانەت لە خوارتریش دەبوو.

لە رووی ئارامی سیاسـی و ئاسایشی وڵاتەوە هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی سێ پارێزگاییە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی پێنج ملیۆنە، ناوی لە نزیکی ناوی چین و بەرازیلەوە دێت. عێراقیش لە نایجیریا و سـووریا کە بە دەسـت شـەڕێکی ناوخۆیی سێ ساڵەییەوە دەناڵێنێت، نزیکە.

بـەڵام راپۆرتەکە ئامـاژە بە چەند رەخنەیەک لـە بـارەی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتانەوە دەکات. راپۆرتەکـەی EIU دەڵێـت کە قەبارەی سـوپای کوردسـتان بە بەراورد لەگـەڵ ژمارەی دانیشـتووانەکەی جێگـەی نیگەرانییـە، بـەڵام رووداوەکانـی ئەمدواییانە و شـەڕی پێشـمەرگە لەگـەڵ داعش لەو ناوچانەی کە لەلایەن سـوپای عێراقـەوە چۆڵکـران، ئـەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی کوردسـتان پێویستی بەوەندە پێشمەرگە هەیە لەم ناوچە پڕ توندوتیژییەدا.

### ژینگەی سیاسی کوردستان نزیکە لە تایلەند و تونس

لـە رووی ژینگـەی سیاسـییەوە کوردسـتان لـە نزیکـی تایلەند و تونـس دانـراوە. عێراق لە کۆتایی لیسـتەکەدا دێت، تەنانەت دوای دەوڵەتە رووخاوەکانی وەکو لیبیاش دێت.

لـە رووی یاسـای بازرگانییـەوە ئامـاژە بـە پێشـکەوتنی کوردسـتان کـراوە، بەڵام هێشـتا چەندین بەربەسـتیش لە کوردسـتان لەم رووەوە ئاماژەیان پێکراوە، لەوانە کێشە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان، نەوت و گاز و هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی ناپێویست درێژەیان کێشاوە.

گەندەڵـی لـە کوردسـتان هەمـوو کونـج و کەلەبەرێکی نەگرتووەتەوە وەکو عێراق، بەڵام لە کوردستانیش هێشتا رێژەی گەندەڵی زۆر بەرزە. کۆمپانیـا نێودەوڵەتییەکان گلەیـی ئەوە دەکەن کـە رکابەرەکانیان بەخشـیش دەدەن بۆ ئەوەی تەندەرەکان ببەنەوە.

سیستەمی یاسایی لە کوردستان هێشتا بەپێی پێویست نییە و راپۆرتەکە هانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و عێـراق دەدات کـە رێککەوتنامـە جیهانییەکان ئیمزا بکەن بۆ ئەوەی کە پارێزگاری لـە بزنسـەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بکرێت. کێشەی دیکە کە لە کوردستاندا ئاماژەیان پێکـراوە هەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر بیرۆکـرات و کەمـی هەماهەنگییـە لە نێـوان وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان.

### ژینگەی بزنسی کوردستان پێش ئەندەنوسیا و ئوردن کەوتووە

لەبەرئـەوە هەندێـک لەم فاکتەرانە ئاسـتی ژینگەی بزنسـی هەرێمی کوردسـتان لە ئاستی عێراق نزیک دەکەنەوە. لەم رووەوە کوردسـتان لـە پێش ئەندەنوسـیا و ئوردنـەوە دێت، بەڵام دوای چیـن کەوتووە. یاسـای بزنس (دۆسـتی وەبەرهێنـەران) لـە کوردسـتان زۆر کۆمپانیای نێودەوڵەتـی بـۆ کوردسـتان راکێشـاوە. دەسـتپێکردنی بزنس لە کوردسـتان ئاسـانە. هەروەهـا هەبوونی رێژەیەکی کەمی باج لەسـەر کۆمپانیاکان، وا دەکات کە کوردستان شوێنێکی بـاش بێت بـۆ بەڕێوەبردنـی بزنـس. هەندێک مەرجیـش لـە کوردسـتان هەن کە بەربەسـتن لەبەردەم وەبەرهێنان.

پەڕینـەوە لە سـنوور بۆ تورکیـا جەنجاڵە. وەدەستهێنانی سەرمایە ئاسان نییە. ئەمەش وا دەکات کە بەڕێوەبردنی بزنسی بچووک، پڕۆژەی بازرگانی بچووک ئاسـان نەبێـت. زەوی و زار و خانووبـەرە گرانە و کواڵیتی باڵەخانەکان نزمە. خاوەنکارەکان بە ئەستەم کرێکاری ئینگلیزیزان و خاوەن شـارەزایی تەکنیکـی دەدۆزنەوە. ئەو دوو لایەنەش بۆ بازرگانی زۆر گرنگن لە جیهانی گلۆبالیزەی ئەمڕۆدا.

### لە گەشەی مرۆییدا پێش بەرازیل و تورکیا و ئێران کەوتووە

لـە رووی گەشـەی مرۆییەوە کوردسـتان لە پێـش بەرازیل و تورکیـا و ئێرانەوە دێت، بەڵام لـە دوای سـعودیە و ئیماراتـەوە دێت. ئەمەش بەهـۆی کەمـی خوێندەوارییەوەیە لە نێو چینی بە تەمەنی کوردسـتاندا. بەڵام راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە گۆڕانکاری بەسـەردا دێت، بەهـۆی جیـاوازی چینـی لاوی کوردسـتان و چاکسازی لە سیستەمی خوێندنی کوردستاندا.

### بۆ باشی ئاستی ژیان ژمارە 55ە

لەرووی باشی ئاستی ژیانەوە، کوردستان بە ژمارە 55 هاتووە کە زۆر لە دوای ئەرجەنتینەوە نییە و لە پێـش تورکیا و تایلەندەوەیە. بەپێی راپۆرتەکـە نەرویج باشـترین شـوێنە بۆ ژیان و چاد خراپترین وڵاتە بۆ ژیان. عێراق لە یەمەنەوە نزیکە و لە دوای سووریا و ئێرانەوە دێت.

چەند فاکتەرێک وای کردووە کە کوردسـتان ئـەو ریزبەندە باشـەی پێ بدرێت لـەم رووەوە. لەوانەش ئەو دەستکەوتانەی حکومەتە لاوەکەی کوردستانە لە ناوچەیەکی پڕ کێشەدا.

ئاسـتی داهات لە کوردسـتان بەشێوەیەکی خێـرا بەرزدەبێتـەوە. رێـژەی لێکجیابوونـەوە (ژن و مێـرد) نزمە، بەڵام لـە بەرزبوونەوەدایە. راپۆرتەکـەی EIU رێـژەی لێکجیابوونـەوە بـە یەکێـک لە پێوەرەکانی خۆشـگوزەرانی خێزانی دادەنێـت. رێژەی بەشـداری کردن لـە بۆنەکان و رێکخراوەکان ئاسـتێکی باشـی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە.


(فۆتۆ:سیروان عەزیز )

### کوردستان لە چیدا پێش وڵاتانی جیهان کەوتووە؟

ئاسـایش: کوردسـتان پێش تورکیا و ئێران و عێراق کەوتووە
ژینگـەی بزنـس: کوردسـتان پێـش ئەندەنوسیا و ئوردن کەوتووە
ژینگەی سیاسـی: کوردستان نزیکە لە تایلەند و تونس
گەشـەی مرۆیـی: کوردسـتان پێـش بەرازیل و تورکیا و ئێران کەوتووە
باشی ئاسـتی ژیان: کوردستان ژمارە 55 و پێش تورکیا و تایلەند کەوتووە

### دەستەیەک دەیەوێت کەرتی پیشەسازی کوردستان بوژێنێتەوە

# کارگەکانی کوردستان چارەگێکی پێداویستی ناوخۆیی پڕدەکەنەوە

**محەممەد هادی**
**رووداو — هەولێر**

بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی پیشەسازی لە کوردستان، دەستەیەکی پیشەسازی بە ناوی دەستەی شار و شـارۆچکە پیشەسازییەکانی کوردسـتان دادەمەزرێـت و بەرپرسـانی ئـەو دەسـتەیەش دەڵێـن بەپێـی ئـەو پلانـەی دایاننـاوە پەرە بەو کەرتـە دەدەن و دەیکەنە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لە کوردستان.

بەپێـی ئاماری ئەو دەسـتەیە، کە ئێسـتا سـەرقاڵی کۆکردنەوەی داتا و ئامارە لەبارەی کەرتی پیشەسازی تاوەکو کۆتایی ساڵی 2013 زیاتـر لە 3367 کارگە لە هەرێمی کوردسـتان دامـەزراون، بە کارگەی (بچووک، مامناوەند و گەورە)وە.

لە سەرجەم ئەو کارگانەی کە لە کوردستان هەن، بەپێی دوایین ئاماری دەسـتەی شـار و شارۆچکەکانی پیشەسـازییەکان زیاتر لە 27 هـەزار و 230 کرێـکار کار دەکـەن، بەمـەش توانیویانـە کەلێنێکـی گـەورەی بێـکاری لە کوردستان پڕ بکەنەوە.

هـەر بەپێـی زانیـاری دەسـتەی ناوبـراو سـەرمایەی سـەرجەم کارگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان زیاترە لە 4 ملیـار و 500 ملیۆن دۆلار.

### 39 ناوچەی پیشەسازی لە کوردستان هەن

د.عەبدولڕەزاق عوسمان، سەرۆکی دەستەی شـار و شارۆچکەکانی کوردسـتان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کوردستان لەرووی ئەکادیمییـەوە هیچ ناوچەیەکی پیشەسـازی نییە، بەڵام ناوچەی شـارەوانی بۆ پیشەسازی هەیە، کە شـارەوانیەکان دابینیـان کردووە و ژمارەیان 39 ناوچەیە".

بەپێـی ئـەو بەدواداچوونـەی دەسـتەکە کردوویەتی، وەک سـەرۆکی دەسـتەکە باسی کـرد، هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتی بە 8 ناوچـەی پیشەسـازی هەیـە. د.عەبدولڕەزاق گوتی "بەپێی پلانی ئەو دەسـتەیە لە سـاڵی 2014 و 1015دا چـوار ناوچەی پیشەسـازی دروسـت دەکرێـن، هەروەهـا لـە گفتوگـۆی بەردەوام داین لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، کە بێن لە هەرێمی کوردسـتان کاری وەبەرهێنان بکەن لەم ناوچە پیشەسازیانە".

سـەبارەت بـە تێچـووی ئـەو ناوچـە پیشەسـازیانەش، سەرۆکی دەسـتەی شار و شارۆچکە پیشەسازییەکانی کوردستان گوتی "بۆ هەر ناوچەیەکی پیشەسازی نزیکەی 870 ملیۆن دۆلار دابین کراوە، بەڵام ئەم بڕە پارەیە پەیوەسـتە بە چۆنیەتـی دروسـتکردنی ئەو ناوچانە، کە ئایا لە کام شارە و چەند کارگەی تێـدا دادەمەزرێت، هەروەها بەپێی گەورەیی و بچووکی ئەو کارگانەی دادەمەزرێن".

### ناوچەی پیشەسازی هەولێر چی بەسەرهات؟

دەمێکـە باسـی دروسـتکردنی گەورەترین ناوچەی پیشەسازی دەکرێ لە شاری هەولێر، بەڵام هێشـتا پرۆژەکە لەسـەر ئەرزی واقیعدا نییە.

د.عەبدولـڕەزاق باسـی وردەکارییەکانـی ئـەو پرۆژەیەی کرد و گوتی لە سـاڵی 2010 دەسـت بەکارەکانی ئەو پرۆژەیە کراوە لەگەڵ رێکخراوێکـی ئەمریکـی کـە نـاوی ئـای ئی ئیکۆنۆمییە و کۆمەڵێک دیراسـاتی بۆ کراوە، هەروەها ماستەرپلانی بۆ دانراوە.

د.عەبدولـڕەزاق باسـی ماسـتەرپلانەکەی کـرد و گوتی "بەپێی ماسـتەر پلانەکە ئەگەر 700 کارگەی تێدا بێت ئەوا بە سـەتان ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانـی تێـدا دەکرێـت و زیاتر لە 35 هـەزار هەلی کار دابیـن دەکات، کە کرێی ساڵانەی دەستی کار لەو ناوچەیە دەگاتە 245 ملیـۆن دۆلار. جگە لـەوەش بایی 117 ملیۆن دۆلار کەرسـتەی ناوخۆیی دەکڕێتەوە لەلایەن بەکاربەرانەوە".

هەروەهـا گوتی "لەم ناوچە پیشەسـازییە جگە لە کرێی کارگەکان، کۆی قازانجی هەموو کارگـەکان بـە 840 ملیۆن دۆلار لە سـاڵێکدا مەزەندە دەکرێت".

بەپێی ماسـتەر پلانەکە شاری پیشەسازی هەولێر بڕی 3500 دۆنم زەوی بۆ دابین کراوە، بـەڵام بەهـۆی گرفتی تەکنیکـی و ئیداری تا ئێسـتا دەسـت بە جێبەجێکردنـی پرۆژەکە نەکراوە.

### پیشەسازی پێویستی بە یاسا هەیە

پیشەسـازی لە هەرێمی کوردستان چەقی بەسـتووە، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نەیتوانی درێژە بە کارکردنی ئەو کارگانە بدات، کە رژێمی پێشووی عێراق لە شارەکانی هەرێمی کوردسـتان دایمەزراندبوون، بەشێکی بە کرێ دایە کەرتی تایبەت و بەشێکیشی داخستن.

د.عەبدلڕەزاق عوسـمان باسی هۆکاری ئەو چەقبەسـتووییە دەکات و دەڵێـت "نەبوونـی یاسـای شـار و شـارۆچکە پیشەسـازییەکان گرفتـی بنەڕەتـی کەرتی پیشەسـازی بووە، ئەمساڵ پرۆژە یاسایەک ئامادە کراوە بۆ ئەوەی پەرلەمان کاری لەسەر بکات".

25%ی پێداویستی ناوخۆ پڕ دەکەنەوە

سـەرەڕای ئەوەی زیاتر لە 3000 کارگە لە کوردسـتان هەن، بەڵام ئـەم کارگانە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە 100% پێداویستی ناوخۆی بەکاربەر پڕ بکەنەوە.

سـەرۆکی دەسـتەی شـار و شـارۆچکە پیشەسازییەکان پێیوایە ژمارەی کارگەکان لە هەرێمی کوردسـتان زۆر نییـە، بەڵام کەمیش نییە.

سـەبارەت بـە توانـای کارگەکانیـش د.عەبدولڕەزاق گوتی "کارگەکان دەتوانن تەنیا 25%ی پێداویسـتی بەکاربـەری ناوخۆیی پڕ بکەنـەوە، 75%ەکەی دیکە لەلایەن دابینکاری دەرەکی پڕ دەکرێتەوە".

د.عەبدولـڕەزاق باسـی جـۆری کارگەکانی کوردسـتانی کرد و گوتـی کەمترین کارگە لە بـواری توتـن و ئەلیکترۆنیات لە کوردسـتان هەیە، لە کاتێکدا زۆرترین کارگەی دروستکردنی کەرستەی بیناسازی هەیە.


(فۆتۆ:فەرزین حەسەن)

### ژمارەی کارگەکان و سەرمایە و کرێکارەکانیان

| پارێزگا | ژمارەی کارگە | ژمارەی کارێکار | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 1961 | 15886 | 786،555 |
| سلێمانی | 920 | 9917 | 1،150،269،000 |
| دهۆک | 3367 | 4299 | 2،194،366 |

ڕووداو
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

# پەرلەمانتارانی کورد تەنیا بۆ سوێندخواردن دەچنە بەغدا

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتارانی کوردی خولی نوێی پەرلەمانی عێراق، متمانەیان بە دۆخی ئەمنی بەغدا نییە و لەو بڕوایەدان ناوچەی سەوز هەمان ناوچەی سەوزەکەی جاران نییە، بەڵام دەڵێن ئامادەن بۆ چوونە بەغدا و چاوەڕێی بڕیاری سەرکردایەتی کورد دەکەن.

لەوەتەی بەغدای دوای سەددام حوسێن بونیاد نراوەتەوە، بەقەدەر ئێستا بارودۆخ سیاسی و تەناهی و کۆمەڵایەتیی مەترسیدار و ئاڵۆز نەبووە، ڕۆژانە گرووپی ئێتنی و مەزهەبی خۆیان نمایش دەکەن و هەڕەشە لە گرووپێکی دیکە دەکەن. بەشێک لەو هەڕەشانەش ڕوو لە کوردن. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەندامە نوێیەکانی کورد دەیانەوێ بەرەو بەغدا بەڕێبکەون بۆ دەستپێکردنی خولێکی نوێی پەرلەمانی.

د.دەرباز محەممەد، بەرپرسی سەرکەوتووی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە پەرلەمانتاران ئەرکی سەرشانیانە بچنە بەغدا، مادام خەڵک هەڵیبژاردبن بۆ ئەو کارە "تاوەکو شتێک هەبێ بە ناوی پرۆسەی سیاسی و پەرلەمان، ئەوە کاری ئێمەیە و ناتوانین دژی بین، بەڵام ئایا پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟" د. دەرباز گوتی "ئێستا تەنیا بۆ سوێندخواردن دەچینە بەغدا".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، باسی تێکچوونی بارودۆخی نێوخۆیی عێراق دەکات لە دوای دەستبەسەرداگرتنی چەند ناوچەیەکی سوونەنشین لە ناوەڕاستی عێراق و دەڵێت "ئێستا بارودۆخی عێراق شڵەژاوە و ئاڵۆزە، بەڵام لەم حاڵەدا، تەنیا نوێنەرەکانی خەڵک چارەسەرن و دەبێ لەژێر چەتری پەرلەماندا بەدوای چارەسەردا بگەڕێین و لە هەموو حاڵەتێکدا باشترین گرووپی سیاسی ئێستای عێراق پەرلەمانتارانن". گوتیشی "بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد چ بڕیارێک دەدات".

دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراق لە 15ی ئەم مانگە، دەبێت سەرۆکایەتی کۆمار خولی نوێی پەرلەمام ڕاسپێرێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا کۆ ببێتەوە. بۆیە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای لە خولی نوێی پەرلەمان کرد کە لە 1ی تەمموز کۆ ببێتەوە.

هێشتا ڕوون نییە پەرلەمانی عێراق لە وادەی یاسایی خۆیدا کۆدەبێتەوە یان نا، بەڵام سەردانەکەی ئەمدواییەی جۆن کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەغدا و هەرێمی کوردستان و جەختکردنەوە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ و کۆبوونەوەی پەرلەمان لەو وادەیە، قسەیەکی سیاسی دیکەیە کە ئەمریکا فرێی داوەتە نێو گۆمە سیاسییە شڵەقاوەکەی عێراق.

پەرلەمانتارێکی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ ئەوانیش لە میدیاکانەوە زانیویانە کە بڕیارە ڕۆژی 7/1 پەرلەمان کۆببێتەوە "بەڵام چوونی ئێمە بۆ بەغدا، پابەندە بە بڕیاری حیزبەکانمان و سەرکردایەتی حیزبەکانمانەوە". عەبدولوەهاب عەلی، بەربژێری دەرچووی پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق، هێشتا دڵنیا نییە لەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا یان نا "ئەوە بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا یەکلایی دەکاتەوە".

ئەی ئەگەر سەرکردایەتی کورد بڕیاری ئەوەیدا کە پەرلەمانتارانی کورد بچنەوە بەغدا، ئایا پەرلەمانتاران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئەمنییەی لە عێراق هاتووەتە گۆڕێ، ئەوە بەسەرکێشی نازانن؟ عەبدولوەهاب عەلی پێیوایە "ناوچەی سەوز گومانی لەسەرە، بەڵام ئەگەر بزانی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان چوونەوەی ئێمەی دەوێ، بێگومان دەچینەوە".

هەروەها د.دەرباز محەممەد دەڵێت ئەوان لە سەلامەتی خۆیان دڵنیانین و دەزانن دەکەوینە ژێر مەرحەمەتی دەسەڵاتی ئەمنی عێراق "ئەگەر هەر کەموکوڕییەکی ئەمنی هەبێت دەستی حکومەت خۆیی و شیعەیە، چونکە ناوچەی سەوزە و ئەگەر بیانەوێ پێمان دەکەن و دواتر پەردەپۆشیشی دەکەن".

بەڵام ئەحمەد ڕەشید، بەربژێری براوەی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ هەموو ژیانی لە نێو موجازەفە بووە و هەرگیز گرەنتی ژیای نەبووە، بەڵکو بەردەوام کەسێکی سەرکێش بووە "دەبێت کورد بەیەکەوە بڕیار بدەن دەچن یان نا، دەبێ گرووپێکی بەهێزی ئەمنی کوردی لەوێ دروستبکرێت و پاسەوانێتی نوێنەرە کوردەکان بەهێزبێت، ئەگینا قەتڵوعاممان دەکەن".

خولی نوێی پەرلەمانی عێراق لە کاتێکدا دەستبەکاردەبێتەوە، لێکترازانێکی سیاسی گەورە دەرگاکانی بەغدای بەڕووی تاران و ئەنقەرە و ئەمریکا و ڕووسیا و سعودیە و ئەورووپادا کردووەتەوە. قەیرانی متمانە ئەوەندەیتر قەیرانەکانی دیکەی گەورە کردووە. لایەنی شیعە بیر لەوە دەکەنەوە مالیکی لاببەن لەسەر ڕێرەوی سیستمە سیاسییەکەی داهاتوو، وێڕای ئەوەی پشتگیریشی دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. ئەحمەد ڕەشید پێیوایە ئەرکی کوردیش دژوارە لە ڕووی بیرکردنەوە لە دۆخەکە و بڕیاردان تێیدا "دەبێ سەرکردایەتی کورد بڕیارێکی حەکیمانەی بۆ بدات".

ڕێزان شێخ دلێر، بەربژێری سەرکەوتووی یەکێتی وایدەبینێ چیدی دۆخی عێراق پەیوەندی بە هیواخواستن نییە و دەبێ لەگەڵ واقیعی نوێی سیاسی و ئەمنی مامەڵە بکرێت، بەڵام پێیشیوایە هێشتا چوونە بەغدا بەو شێوەیە مەترسیدار نییە "ڕۆژانە وەفد و نوێنەرایەتییەکان دەچن و دێن، ئەگەر پرۆسەی سیاسی پێویست بکات دەبێ ئێمەش بچینەوە و لەوێ کاربکەین، هەر بۆیە ئەگەر بمانێرنەوە ئێمە ئامادەین".

ناوبراو پێیوایە مادام ئەمریکییەکان و پەرلەمان و وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی حکومەت هێشتا لەوێ بن "دەتوانین لەوێ کار بکەین"، بەڵام پێشبینیش دەکات لە 4 ساڵی داهاتوودا کارکردن لە بەغدا بەتەواوی قورس ببێت "چونکە پەیوەندی نێوان لایەنەکان تێکچووە و مادەی 140 و نەوت و غاز و دەستوور و پێشمەرگە هەروەک خۆیەتی".



(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

## فراکسیۆنەکان لە جیاتی پرۆژەیاسا توێژینەوە پێشکەش دەکەن

# پەرلەمانی کوردستان فێڵی لێدەکرێت



**نەهرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، کەوتوونەتە کێبڕکێکردنی یەکدی و، لە پرۆژە بارانکردنی پەرلەمانی کوردستان، دەستیان لە هیچ نەپاراستووە. فراکسیۆنەکان یەکی تۆمەتبار دەکەن بە بردنی پرۆژە یاسای یەکدی و پرۆژە یاسای دووبارە. ئەمەش فراکسیۆنەکانی خستووەتە هەڵە و فراکسۆن هەیە "توێژینەوەی بە ناوی پرۆژە یاسا پێشکەش کردووە، کە سەرچاوەکانی توێژینەوەکەشی لەگەڵ دایە".

### "سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەزموونی نییە"

ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی لەو بارەیەوە ڕەخنە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرێت و دەڵێت "سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرێت لەماوەی ڕابردوودا، بەبێ ڕاوێژکردن بە لیژنە پەیوەندیدارەکان، یەکسەر پرۆژە یاساکانی خستووەتە بەرنامەی کار".

ڤالا ئەو کارەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بە "هەڵەیەکی گەورە" وەسفکرد، چونکە "ئەو پرۆژە یاسایانە پێویستیان بە وەرگرتنی بۆچوونی لیژنە و لایەنی تایبەتمەند و کەسانی پسپۆر هەیە، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاستەوخۆ ئەوانەی خستووەتە بەرنامەی کار" ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ کەم ئەزموونی سەرۆکاتی پەرلەمان".

لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ئێستا 38 پرۆژە یاسا ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە. ئەمەش لەکاتێکدایە نزیکەی 93 پرۆژە یاسای خولی پێشووی پەرلەمان ماون خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت.

### "توێژینەوەیان پێشکەش کردووە

سەرۆکی لیژنەی یاسایی جەخت لەوەدەکاتەوە بەشێکی زۆری ئەو پرۆژە یاسایانە کە لایەن فراکسیۆنە جیاجیاکان پێشکەشکراون "کەموکوڕی" زۆریان تێدایە. ئەوەی بە نموونە هێناوە "کە پرۆژە یاسایەک لەلایەن فراکسیۆنی سەوز پێشکەشکراوە، دەرکەوتووە لە بنەڕەتدا پرۆژە یاسا نییە، بەڵکو توێژینەوەیە، دواتر فراکسیۆنەکە دانیان پێناوە و پرۆژەکەیان کشاندنەوە و بڕیاری دەستکارکردنی ئەو پرۆژەیان داوە".

بەهار مەحمود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان، باسی ئەو پرۆژە یاسایە "توێژینەوەکە"ی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو پرۆژەیە، هیچ ماددەیەکی یاسایی تێدا نەبووە، تەنانەت لیستی ئەو سەرچاوانەی لە کۆتایی نووسرابوو کە لەو توێژینەوەدا سوودی لێوەگیراوە".

بەڵام گۆران ئازاد، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز، پێیوایە تەنیا یەک پرۆژە یاسایە و ئەمە حاڵەتێکە ڕوویداوە. هاوکات ئەمە بە کەموکوڕی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەزانێت، دەبوو پێشتر بانگی ئەو پەرلەمانتارەیان بکردایە لەسەر ئەو پرۆژەیە و داوای دەستکاریکردنی بکردایە.

### "ئەوە موزایەدەیە"

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان 10 پەرلەمانتار پێکەوە دەتوانن پرۆژە یاسایەک پێشکەش بکەن.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان پێیوایە "ئەوەی دەکرێت جۆرێکە لە موزایەدە، چونکە هەر فراکسیۆنێک لە دژی فراکسیۆنەکەی دیکە، پرۆژە یاسا پێشکەش دەکات. لەکاتێکدا بە گوێرەی یاسا دەبێت پەرلەمانتار پرۆژە یاسا پێشکەش بکات، نەک فراکسیۆن، چونکە دواتر بەهۆی کێبڕکێی لایەنەکان ناتوانرێت پەسەند بکرێن".

هەندێک لەو پرۆژە یاسایانە پێویستیان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتدا هەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی پەرلەمان کراون. هاوکات لە ڕووی یاساییەوە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە خولی پێشوو ماونەتەوە کۆتاییان دێت و دەبێت جارێکی دیکە پێشکەش بکرێنەوە.

بەهار مەحمود، پرۆژە بارانکردنی پەرلەمانی بە "نا تەندروست" وەسفکرد و گوتی "ئەگەر پرۆژە یاساکان لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە پێشکەش بکرێت، ئەوا کۆدەنگی پێوە دیار نابێت، ئەگەر لەلایەن پەرلەمانتاری چەند فراکسیۆنێکەوە پێشکەش بکرێت، بەڵگەیە لەسەر کۆدەنگی و دواتر بۆ دەنگدان ئاسانترە".

بەهار گوتیشی "لیژنەی یاسایی فریای ئەو هەموو پرۆژە یاسایانە ناکەوێت، چونکە ئەو پرۆژە یاسایانە بە دواداچوون و داڕشتنەوە و بۆچوونی لایەنی پەیوەندیداری دەوێت.

بەهار مەحمود نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "پرۆژە یاسا هەیە لەلایەن حکومەت پێشکەشکراوە، کەچی فراکسیۆنی سەوز هاتووە بەناوی خۆی پێشکەشی کردوە، بەرپرسیارییەتی خاوەندارییەتی پرۆژەکە لە بەرچاونەگیراوە".

بەڵام گۆران ئازاد دەڵێت پرۆژە یاسا کە هاتە پەرلەمان دەبێتە پرۆژە یاسای پەرلەمان، شتێک نییە بەناوی پرۆژە یاسای فراکسیۆن، ئەگەر بەمشێوەیە بێت، دەیان پرۆژەی دووبارە هەیە، پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی بەنموونە هێناوە کە "پێشتر لەلایەن فراکسیۆنی سەوز پێشکەشکراوە کەچی لەم خولەدا گۆڕان و پارتی بە جیا پێشکەشیان کردووە. لە کاتێکدا پێشتر گۆڕان دژی بوو". هەروەها "پرۆژە یاسای خۆپێشاندان، یەکێتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەشی کردبوو، کەچی ئێستا سێ فراکسیۆن بە سێ پرۆژە یاسای جیا پێشکەشیان کردووە".

لەبارەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتی نەوت و غاز. کە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکات کە پرۆژەکەی خولی ڕابردووی حکومەتی بردووە و لەم خولە بۆ خۆی پێشکەشی کردووە، گۆران ئازاد ئاماژە بەوەدەکات ئەو پرۆژەیە بە دوو شێوە هاتووە، یەکەم حکومەت پێشکەشی نەکردوە، بەڵکو لە خولی پێشوو یەکێتی و پارتی پێشکەشیان کرد، دواتر لەگەڵ ئاشتی هەورامی ئەو پرۆژەیان داڕشتەوە، بەڵام 15 ڕۆژ لە تەمەنی پەرلەمان مابوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کشانەوەی پرۆژەکەی کرد و پرۆژەکەی بردەوە.

### "سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی خراپ ناکات"

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی لەگەڵ پرۆژە بارانکردنی پەرلەمان نییە و ئەفزەڵیەتیش دەداتە پرۆژە یاسای حکومەت، نەک پەرلەمانتار، بەڵام ئازادی تەواویش دەداتە پەرلەمانتاران کە پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن.

گۆران ئازاد، گوتی "هەندێ پرۆژە یاسا هەیە، پەرلەمان بەبێ ڕەزامەندی حکومەت ناتوانێ پەسەندی بکات. لەوانە پرۆژە یاسا پێشکەشکراوە بۆ بڕینەوەی مووچەی کابانی ماڵ، ئەمە بە پرۆژە یاسا ناکرێت، بەڵکو بڕیاری حکومەتی دەوێت".

گۆران ئازاد ڕەخنەی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرێت و دەڵێت "زۆربەی پرۆژە یاساکان پەلەپەلی و کەم ئەزموونیان پێوە دیارە.

سێ پرۆژە یاسا لەبارەی یەک بابەت پێشکەش کراوە، ئەمە کاری سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە بانگیان بکات و داوایان لێبکات بیکەنە یەک، بەڵام سەرۆکاتی پەرلەمان خۆی خراپ ناکات و هەر پرۆژە یاسایەک کە دەگات، سبەی دەیخاتە بەرنامەی کارەوە بۆیە ئەو گرفتانە دروست دەبن".

## بیرەوەرییەکانی سەر بەرد گەیشتنە چیک

**رووداو- هەولێر**

فیلمی سینەمایی "بیرەوەرییەکانی سەر بەرد"، کە لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکییە لە چل و نۆیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی کارڵۆوی واری لە کۆماری چیک نمایش دەکرێت. شەوکەت ئەمین لەو بارەیەوە رایگەیاندووە فیلمی سینەمایی "بیرەوەرییەکانی سەر بەرد" Memories On Ston بەرهەمی ساڵی 2014ی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیایە ئامادەیە بۆ نمایش. بۆیە وەکو بەرهەمی هەرێمی کوردستان لە بەشی "ئاسۆکان"ی چل و نۆیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی کارڵۆوی واری Karlovy Vary لە چیک نمایشی دەکەین. ماوەی فیلمەکە 93 خولەکە.



هونەری
ڕووداو
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

# یەحیا بۆ ئێسترەکانی رۆبۆسکێ گریا

**یادگار جوان**
**رووداو- ئامەد**

4000 ساڵ پێش زایین، کە لافاوی گەورە رووی دا، نوح پێغەمبەر هێستری سواری کەشتییەکە نەکرد، بە بیانووی ئەوەی دایک و باوکی ئەو ئاژەڵە دیار نەبوون. لە کاتێکدا هەموو ئەو دارانەی کەشتییەکەیان لێ دروست کرا بەسەر پشتی هێسترەکان کێشرابوونەوە.

کاتێک یەحیای نەوەی نوح ئەمە دەبینێت و دەپرسێت "باپیرە، با هێسترەکانیش سواری کەشتییەکە بکەین؟ ئەم کەشتییە گەورەت بەهۆی ئەوانەوە دروستکرد". نوح دەڵێ "ناتوانین کورِم، ئەمە ویستی خودایە". یەحیا لەبەر ئەو ناحەقییە خۆی لە کەشتییەکە فرێدەداتە خوارەوە. بەڵام دوای لافاوە گەورەکە دووبارە هێستر دەردەکەونەوە. سێ ساڵ لەمەوبەریش هێستر و مرۆڤەکان بەیەکەوە لە رۆبۆسکێ کوژران.

ئەمە سەرەوە کورتە چیرۆکێکە، کە بەشێکە لە سیناریۆی فیلمی "فرمێسکەکانی یەحیا"ی دەرهێنەری لاوی کورد رۆ چیلە.

رۆ چیل، 31 ساڵ، گەنجێکی کوردە لە دایکبووی ناوچەی سەمسووری باکووری کوردستانە و ئێستا لە شاری ئیستەنبوڵ دەژیت. ماوەی سێ ساڵە شانبەشانی چەند کارێکی دیکەی هونەری، هەوڵدەدات ئەم سیناریۆیە بکاتە فیلمێکی سینەمایی.

جگە لە نووسینی سیناریۆی فیلم، کاری دەرهێنەری، شێوەکاری، فۆتۆگرافی، نووسینی گوتار، کاریکاتورستیش لە تایبەتمەندییەکانی ئەو گەنجە



کوردەن. هەرچوار دیواری ئەو کافتریایەی کە ئێمە لێی دانیشتبووین بە تابلۆکانی رۆ چیل رازێندرابوونەوە.

بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد رۆ چیل، دەستپێکی کارە هونەرییەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ خوێندنی لە قوتابخانەیەکی ئاینی و دەڵێت "چوومە قوتابخانەیەک کە ئیمام و خەتیبی دەردەکرد. ئێمە قورئانمان دەخوێند و خەتممان دەکرد. دوای ئەزبەرکردنی 10 بڕگەی سروودی نیشتمانی تورک، 114 سورەت و 6666 ئایەتیشم ئەزبەرکردن. بەمشێوەیە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیم تەواو کرد".

رۆ چیل، هەست دەکات حەزێکی هونەری لە ناخ دایە، بۆیە سەرەتا رووەدەکاتە بەشی شێوەکاری کۆلیژی هونەرە جوانەکان. رۆچیل لە ساڵی 2001 لە کولێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی ئەرزڕۆم وەرگیراوە ولە ساڵی 2005 بەشی شێوەکاری ئەم زانکۆیەی تەواو کردووە.

رۆ چیل دەڵێت "بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا لەوێ جەستەی رووتم بینی، شەرمم دەکرد سەیریان بکەم. دواتر و لەبەر ئەوەی رۆژانە ئەو جەستە رووتانەم دەدیتن، ئیدی منیش گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە جەستەی منیش هەروایە. ئەو جەستە رووتە منیشی فرێ دایە باوەشی هونەرەوە و باوەڕم بە داورین هێنا".

رۆ چیل تاوەکو ئێستا بەشداری چەند پێشانگایەکی شێوەکاری کردووە لەوانەش پێشانگەی فۆبیان، گەلێری وێنەکان لە زانکۆی ئاتاتورک، پێشانگەی تایبەتی کاریکاتێر، فیستیڤاڵی پێنجەمی هونەر و رۆشنبیری لە ئامەد. هەروەها کاریکاتێرەکانی لە زۆر گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و تورکیدا بڵاو کراونەتەوە.

رۆ چیل سەری لە فەلسەفە و سیاسەتیش دەردەچێت و دەڵێت "بەهۆی ئەوەی کە من لەم وڵاتەدا کوردم، بۆیە فێری سیاسەت بووم. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانم بڵێم بۆچی من کوردم، فێری فەلسەفەش بووم".

### وەزارەتی رۆشنبیری تورکیا پشتیوانی ناکات

رۆ چیل، بە هونەری شێوەکاری دڵی ئاو ناخواتەوە، بۆیە رووەدەکاتە هونەری سینەما. ناوبراو لەساڵی 2010 لە ئەکادیمیای سینەمایی عاگف یەڵماز وەردەگیرێت. پرۆژەی دەرچوونی لەو ئەکادیمیایە سیناریۆیەک بوو بە ناوی "ئەوکات و هیچ". کە دواتر کرایە کورتە فیلم.


رۆ چیل زۆر پرۆژەی هونەری جێبەجێ کردووە، لەوانەش نووسینی سیناریۆ و دەرهێنان بۆ 7 کورتە فیلم بە ناوەکانی (ئەوکات و هیچ)، (بەختەوەر)، (لە کوێوە)، (پەرتووکی عاگف یەڵمان)، (لە راستیدا من کون بووم)، (بارهەڵگری مردووەکان) و (کات و تەرم). ئێستاش خەریکی کارکردنە لەسەر فیلمێکی درێژ لەسەر رووداوی رۆبۆسکێ.

لە کۆتایی ساڵی 2011 لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا 34 کاروانچی کورد لە ناوچەی رۆبۆسکێ لەسەر سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان گیانیان لەدەستدا. لەو رووداوەدا چەند هێسترێکی کاروانچییەکانیش لە ناو چوون.

ئێستا رۆ چیل دەیەوێت فیلمێک لەسەر ئەو رووداوە دروست بکات بە ناوی "فرمێسکەکانی یەحیا". سیناریۆشی بۆ نووسیوە. سیناریۆی فیلمەکە لە پێشبڕکێی سیناریۆکانی TURSAK لە کۆی 88 سیناریۆدا، پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

وێنەگرتنی ئەم فیلمە پێویستی بە پشتیوانی وەزارەتی رۆشنبیری تورکیایە "بەڵام رەزامەندیان نەدا، چونکە سیناریۆکە باسی رۆبۆسکێی دەکرد". رۆ چیل وایگوت.

بەڵام رۆ چیل سوورە لەسەر دروستکردنی فیلمەکە و دەڵێت "شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکەمان دەستنیشان کردووە، ئێستا بە دوای بەرهەمێنەری بەشدار و سپۆنسەردا دەگەڕێین، واز ناهێنم تاوەکو فیلمەکە تەواو نەکەم".



# "لەبەر بێ بەنزینی خەڵک ناچن بۆ کۆنسێرت"

**هیوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کەمی بودجە لە لایەک و هاتنی داعش بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان لەلایەکی دیکە، وای کردووە سەرجەم چالاکییە هونەرییەکان بوەستن و خەریکە خەڵک لەبیری دەچێتەوە، کە هەولێر پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبە.

بەشێک لە هونەرمەندان نیگەرانن لە وەستاندنی چالاکییە هونەرییەکان و پێیانوایە بە وەستانی چالاکی هونەری دەروونی خەڵک هێندەی دیکە نا ئارام دەبێت، بەشێکی دیکەش دەڵێن نابێت پێشمەرگە لە شەڕدابێت و ئەوانش خەریکی ئاهەنگ و شادی بن.

### گۆران ساڵح: داعش زیانی لە پەرواز داوە

گۆرانبێژ گۆران ساڵح لەگەڵ راگرتنی چالاکییە هونەرییەکان نییە و پێیوایە لەم بارودۆخەدا واباشترە چالاکی هونەری بۆ ئارامی و دڵنەوایی خەڵکی بکرێت "پێمخۆش نییە خەڵکی هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکات، چونکە هەموو کارەکان و چالاکییە هونەرییەکان راگیراون، ئەمەش وادەکات خەڵک زیاتر هەست بە نا ئارامی و شڵەژان بکەن".

گۆران نەیشاردەوە کە زۆرترین زیان بە پەرواز حوسێنی هاوسەری و خۆی کەوتووە لە راگرتنی چالاکییە هونەرییەکان. گۆران دەڵێت "لەبەر راگرتنی چالاکییەکان چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگمان دواخراوە، کە بەو هۆیەشەوە زیانی ماددی و مەعنەوی پێگەیاندووین".

### پەیوەندی بە داعشەوە نییە

بەڵام زانا جەبەلی بۆچوونێکی پێچەوانە هەیەو پێیوایە لەم قۆناغەدا ناکرێت رۆژانە کورد شەهید بدات و هونەرمەندانیش ئاهەنگ بگێرن، زانا دەڵێت "هونەرمەندی راستەقینە دەبێت لە هەموو قۆناخەکانی ژیان لەگەڵ خەم و ئازاری نەتەوەکەی دابێت و هەست بە ئێش و نەهامەتییەکانی گەل بکات، کوردستان ئەمریکا نییە هێندە گەورە بیت لایەکی لەناو بچێت، لایەکەی دیکە ئاگای لێ نەبێت".

زانا جەبەلی لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر هونەرمەندان کۆنسێرتیش بکەن خەڵکێکی کەم ئامادە دەبێت "چونکە بەنزین نییە لە ئۆتۆمبێلەکەی بکات و پێی بچێتە کۆنسێرت".

زانا پێیوایە پێش هاتنی داعش بارودۆخی هونەر لە کوردستان هەر خراپ بووەو، گوتی"من لەو باوەڕەم پاش ماوەیەکی دیکە دەیان گۆرانیبێژ واز لە گۆرانی گوتن دێنن، چونکە هەر پارە خەرج دەکەن، کەچی یەک دینار قازانج ناکەن".

### خەتای وەزارەتی رۆشنبیرییە

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ئۆباڵی راوەستانی چالاکییە هونەرییەکان بۆ حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "من هیچ هەست بە رۆڵی وەزارەتی رۆشنبیری ناکەم و حکومەتیش هونەری لەلا گرنگ نییە و حورمەتیشی بۆ دانەناوە، پشتگیری کاری هونەریش زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا سپۆنسەری کارە هونەرییەکان زۆر کەمە، ئەمەش وا دەکات چالاکییە هونەرییەکان بووەستن".

هەڵکەوت زاهیر لەگەڵ ئەوەیە لەم قۆناخەدا بە سروود و گۆرانی نیشتیمانی پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت و حەماس و هەستی نەتەوایەتی زیاتر بکرێت، لەمبارەیەوە دەڵێت "دەکرێت بە سروود ناخی خەڵک پڕ بکرێت لە دڵسۆزی و وەفا و فیداکاری بۆ نیشتیمان".

هەفتەی رابردوو هونەرمەند حەسەن شەریف، جلێکی سەربازی لەبەرکرد و چووە سەنگەرەکانی پێشمەرگە. لەوێ چەند گۆرانییەکی گوت و پێشمەرگەی هێنایە جۆش و خرۆش.

هونەرمەندی ناوبراو پێیوایە راوەستانی چالاکییە هونەرییەکان کارێکی زۆر خراپە و کاریگەری لەسەر هونەری کوردی دەبێت "ناکرێت بەو شێوەیە چالاکییەکان بوەستێت، دەبێت ئێمە زیاتر لە جاران گوڕوتینی ئیشکردنمان هەبێت".

### هەڤاڵ ئیبراهیم ئەلبوومەکەی بڵاوناکاتەوە

هەڤاڵ ئیبراهیم، دەمێکە ئەلبوومێکی نوێی گۆرانی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام دەڵێت کە پێشمەرگە لە شەڕ بێت، ناتوانێت ئەلبوومەکەی بڵاوبکاتەوە "رەنگە ئەوکات فرۆشی کەم بێت، جگە لەوەش خەڵک زیاتر سەرقاڵی بە دەستخستنی بەنزین و کەلوپەلی پێوستی ژیانن، نەوەک پارە بە ئەلبوومێک بدەن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) بەبۆنەی بوونی شاری هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەب، وا بڕیار بوو زیاتر لە 100 چالاکی هونەری لە شاری هەولێر بەڕێوەبچن، بەڵام سەرجەم ئەو چالاکیانە وەستاون. رۆژی 20ی ئەم مانگە زانکۆی کوردستان بە نیازی سازدانی فێستیڤاڵێک بوو، بەڵام بەهۆی رەوشی ئێستای کوردستان چالاکییەکەی هەڵوەشاندەوە.

پێشتر وەک نەریتێکی ساڵانە هەندێک هونەرمەندی کورد بەر لە هاتنی مانگی رەمەزان گۆرانی و سرووودی ئایینیان تۆمار دەکرد، کەچی ئەمساڵ داعش رەمەزانیشی لەبیر هونەرمەندان بردەوە و ئەم رەمەزانە بێ بەرهەمی هونەرییە.

ئەیاد محەممەد، کە زیاتر بە گۆرانیبێژی ئاینی ناسراوە بۆ مانگی رەمەزان هیچ بەرهەمێکی نوێی نییە، لەمبارەیەوە دەڵێت "هیچم بۆ رەمەزان ئامادە نەکردووە، بەڵکو تەنیا موناجاتێکی ئایینم هەیە، کە ئەویش باسی رەمەزان ناکات، چونکە من دەمویست کارێک بکەم بۆ هەموو وەختێک بگونجێت نەوەک تایبەت بێت بەمانگی رەمەزان". گوتیشی "راستە ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان، کاریگەری لەسەر مانگی رەمەزانیش هەبووە".



## یۆتەبۆری سەربەخۆیی کوردستانی دەوێ

**ڕووداو – سوێد**

تۆڕێک بە ناوی "دۆستی کوردستان" بە مەبەستی پشتگیری و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان لە شاری یۆتەبۆری ڕێپێوانێکی سازکرد. ئەو ڕێپێوانە ڕۆژی 2014/6/28 لە شاری یۆتەبۆری ڕێکخراو چەندین ڕێکخراو و کوردی دانیشتووی ئەو شارە بە جلوبەرگی کوردی بەشداریان تێداکرد. لەو ڕێپێوانەدا جگە لە خوێندنەوەی چەندین وتار، کورد و بیانییەکان هوتافیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکێشا.



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30



ئۆزلەم چێکیچ

### بەشداری لە مەراسیمی کردنەوەی مزگەوتێکدا کردووە

# پەرلەمانتارە کوردەکەی دانیمارک هەرای نایەوە

**دێنیز سێرنجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

پەرلەمانتارێکی دانیمارکی بەڕەگەز کورد مشتومڕ دەنێتەوە بەهۆی ئامادەبوونی لە مەراسیمی کردنەوەی مزگەوتێک و نووسینی کتێب بۆ منداڵان.

نووسینی چەند کتێبێک بۆ منداڵانی موسڵمانی دانیمارک لەلایەن ئۆزلەم چێکیچ، کە پەرلەمانتارێکی دانیمارکی بەڕەگەز کوردە ناڕەزایی و مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها ئەو پەرلەمانتارە ڕووبەڕووی ڕەخنە و هەڕەشە بووەوە پاش ئامادەبوونی لە مەراسیمی کردنەوەی یەکەمین مزگەوت لە دانیمارک، کە دابینکەری بودجەکەی بووە مایەی نیگەرانی خەڵک.

کاتێک هەفتەی ڕابردوو ئەو مزگەوتە کرایەوە سیاسەتمەداران خۆیان لە مەراسیمی کردنەوەکەی بەدوور گرت، چونکە بودجەی دروستکردنەکەی لەلایەن قەتەرەوە دابینکراوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەو وڵاتەی کەنداو تۆمەتبارە بە پشتگیریکردنی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی وەک ئیخوان موسلمین و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش).

چێکیچ یەکێک بوو لەوانەی ئامادەی مەراسیمەکە بوو، کە بەهۆیەوە تووشی ڕەخنە و هەڕەشەیەکی زۆر بووەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک.

لە ئیمەیڵێکدا کە بۆ (ڕووداو) نێردرا بوو دەڵێ "بڵێ بە هاوڕێ موسڵمانەکانت کە کاردەکەین بۆ دەرکردنت. مردن بۆ موسڵمانان".

ئەو پەرلەمانتارە تەمەن 38 ساڵە، کە سەر بە پارتی سۆسیالیستی دانیمارکە و لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا لەدایکبووە، هەروەها مشتومڕێکی زۆری دروستکرد لەسەر بڵاوکردنەوەی سێ کتێب بۆ منداڵان لەم مانگەدا. هەریەک لەم کتێبانە چیرۆکێکی خەیاڵییە دەربارەی ئەزموونی کچێکی کورد بە ناوی (ئەیسا) کە لە دانیمارک گەورە بووە.

یەکێک لە کتێبەکان بەناونیشانی "یاری و ئاهەنگی بیجامە"یە، کە لە دانیمارک وا باوە منداڵان بیجامەی نووستن لەبەردەکەن و لەماڵی یەکدی کۆدەبنەوە بۆ یاریکردن لە شەودا، بەڵام ئەیسا ناتوانێ بەشداری ئەو یاریانە بکات، چونکە دایک و باوکی ڕێگەی پێنادەن.

"ئەیسا ڕووبەڕووی هەمان ئەو ئاستەنگانە دەبێتەوە، کە من بە منداڵی ڕووبەڕووی بوومەوە". نووسەری کتێبەکە دەڵێ "هەرگیز بەشداریم لە ئاهەنگە کۆمەڵایەتییەکاندا نەکردووە لەکاتی منداڵیمدا".

کتێبەکان بوونەتە جێگەی مشتومڕ و ناڕەزایی، لەبەرەوەی چێکیچ دەڵێ بەهیوایە لەڕێگەی ئەو کتێبەوە هانی کچانی نەتەوە پەنابەرەکان بدات لە دایک و باوکیان یاخی بن.

"دەبێت کچان سوور بن لەسەر ئەنجامدانی هەمان ئەو شتانەی کە براکانیان ڕێگەیان پێدەدرێ بیکەن". ئەو وایگوت، بەئاماژەکردن بەو سەرکوتکارییە توندەی کە دەڵێ دایک و باوکە موسڵمانەکان دەیخەنە سەر کچەکانیان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا.

بەڵام جەختیش لەوە دەکاتەوە کە نابێت دایک و باوکان بەزۆر بیروبۆچونیان پێ بگۆڕدرێ "بەپێچەوانەوە، پێویستە لەڕێگەی دایەلۆگەوە بە دایک و باوکان بگوترێ کە ئازادی بە کچەکانیان بدەن".

نزیکەی 250 هەزار موسڵمانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا وەک پەنابەر لە دانیمارک دەژین. ئامارێکی تەواو لەسەر کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لە دانیمارکدا نییە، بەڵام لە توێژینەوەیەکی ساڵی 2011دا هاتووە لە هەر 10 ژنێکی پەنابەر 9 ژنیان ڕووبەڕووی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لەڕووی پەیوەندییەکان و سێکس و جێندەرەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەنووسە دانیمارکییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر موسڵمانانی دانیمارک دەنووسن، بەتایبەت لەسەر ئافرەتانی موسڵمان. چەندین کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف" و "بەزۆر بەشوودان" و هەروەها چەندین نموونە کە تێیدا دایک و باوکی موسڵمان ئازادی هاتوچۆ و هەموو شتێکیان لە کچەکانیان قەدەخە کردووە. هەروەها مشتومڕ و ناڕەزایی هەبووە لەسەر لەبەرکردنی حیجاب.

چێکیچ گوتی "ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئاشکرایە هەموو کچێکی پەنابەر ڕووبەڕووی ئەو سەرکوتکارییە نابێتەوە". گوتیشی "گفتوگۆ لەسەر پۆشینی حیجاب زۆرجار زۆر بەسادەیی تەماشا دەکرێت، هەروەها هەستیارییەک هەیە لە نیشاندانی ژنانی موسڵمان وەک قوربانی سەرکوتکاری".

### سەرپۆشە سوورەکەی ئەیسا

(سەرپۆشە سوورەکەی ئەیسا) ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانە، کە باس لە حیجاب دەکات. چێکیچ خۆی لە تەمەنی هەرزەکاریدا سەرپۆشی لەسەر ناوە "زۆر کەس وابیردەکەنەوە لەبەر ئەوەی سەرپۆش دەپۆشی ئیدی تۆ سەرکوت دەکرێی، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە هەمیشە ڕاست نییە. هەندێک سەرپۆش دەپۆشن لەبەرئەوەی ناچارکراون، هەندێکی دیکە ئەوە دەکەن بۆ یاخی بوون لە دەسەڵات. من سەرپۆشم دەپۆشی بۆ دەربڕینی یاخیبوونێکی گەنجانە".

ئەو دەڵێ، بەسووک تەماشاکردنی خەڵک لە نەزانینەوەیە. هەروەها دەڵێت دەیەوێ یارمەتی دانیمارکییەکان بدات بۆ تێگەیشتن لە موسڵمانان. هەر بۆیە ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانی بۆ منداڵان بەناوی "ڕەمەزانی ئەیسایە" چونکە زۆر لە دانیمارکییەکان نازانن بۆ موسڵمانەکان لە ساڵێکدا مانگێک بەڕۆژوو دەبن.

# کوردی ئوسترالیا بە تارا کۆدەبنەوە



**ئاڤا هوما**
**ڕووداو- تۆرانتۆ**

تارا فاتیحی، 24 ساڵ، وەک داکۆکیکەر لە گەنجان و ژنانی کورد لە ئوسترالیا دەناسرێ، هەروەها یەکێکە لە گەنجە پێشەنگەکانی بواری ڕێکخستنی کۆمەڵگەیی لە باشووری ئوسترالیا

تارا، تەمەنی 3 ساڵ بووە کاتێک خێزانەکەی کۆچیان کردووە بۆ ئوسترالیا، تارا لە شاری ئادیلەیدی پایتەختی باشووری ئوسترالیا گەورە بووە. کاتێک بینی چۆن زۆر کوردی بەهرەمەند و سەرکەووتووی تاراوگە پشتگیرییەکی کەمیان هەیە و گۆشەگیر دەبن، پاشان بەو هۆیەوە هەندێکیان تێکەڵی گرووپە مافیاکان دەبن کە ئەنجامەکەی زیندانی کردن یان کوشتنە لەسەر شەقامەکان. بۆیە بڕیار دەدات کارێکیان بۆ بکات.

"ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەبوو کە لێکدەترازا یان کۆمەڵگەیەکی گەنج کە زیاتر دووردەکەوتەوە لە ڕەگ و ڕیشەکەی. لەو پرۆسەیەدا، تەواوی کۆمەڵگەیەک لە گەنجی بە تواناو بەهرەمەند دەنگیان لەدەست دەدا، لە بوونە داکۆکیکەر لە مافەکانی خۆیان" تارا لەڕێگەی ئیمەیڵەوە ئەمەی بە (ڕووداو) گوت.

ململانێ و کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هانی دا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەنجانی کوردی ئادیلەید بۆ بەستنەوەی هەموو کوردی شاری ئادیلەید و ئوسترالیا پێکەوە. ڕێکخراوەکە کار دەکات بۆ بەهێزکردنی تواناکانی ڕێبەری کردن و تەندروستی و خوێندن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی "تا هەل بدات بە گەنجان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان لە پاراستن و ناساندنی کلتورو ناسنامەی کوردی".

تارا، خوێندکاری بەشی تەندروستی ژنانە و هاودامەزرێنەری پرۆژەی تەندروستی کوردییە، ئەمە جگە لەوەی کار بۆ ژمارەیەک ڕێکخراوی خێرخوازی دەکات. تارا ئەمساڵ خەڵاتی کۆتایی وڵاتی بۆ گەنجی ساڵ پێبەخشرا.

تارا داکۆکیکەرێکی سەرسەختی کوردی تاراوگەنشینە و هەمیشە لە بۆنەکاندا ئاڵای کوردستان بەرزدەکاتەوە. بەڵام لەڕێکخستنی کۆچبەران و داکۆکیکردن لە مافی ژنان هێشتا بێ ئاستەنگ نەبووە چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کۆمەڵگەی کوردی. "دەمزانی چوونە ناو ئەو بوارە پێویستی بە خستنەگەڕی هەموو توانام دەبێت" ئەو گوتی "ئەوەم قبوڵکردووە کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر و گۆشەگیری ببمەوە بەهۆی هەموو ئەو شتانەی دەیکەم، بەڵام دەمزانی دەبوو ئەوە بکرایە". توێژینەوە پزیشکییەکەی تارا تیشک دەخاتە سەر کێشە تەندروستییەکانی ژنی کورد وەک منداڵبوون، لەگەڵ کێشە هەستیارەکانی دیکەی وەک خۆکوشتن و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە. "بواری پزیشکی بۆ من خولیا بووە، چونکە گەورەترین ئامانجم ئەوەیە بتوانم گۆڕانکاری لە ژیانی زۆرترین کەسدا بکەم لەو ماوە کەمەی هەمە لە ژیان". تارا وایگوت.

تارا هەروەها دەڵێت "بەهەموو توانایەکم باوەڕم بەوە هەیە ئەگەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک تەندروستی باش بێت ئەوا ئەو ئامێرە پێویستەیان لە دەستە وەک خوێندەواری، کە شەڕ بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بکەن".

نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر، تارا سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد. لە کاتێکدا بە چیای ئاویەری سنەدا سەردەکەوت لەو ساتەدا هەستی کرد کە مەبەستی خۆی لە ژیاندا دۆزیوەتەوە.

تارا فاتیحی دەڵێت "بەپێ لە ناوەڕاستی شارەوە چوومە سەرەوە بۆ لوتکەی ئاویەر لەکاتێکدا تەماشای کوردستان و جوانییەکەیم دەکرد، ڕووبەڕووی لوتکەی ئەو چیا شکۆمەندانەی کوردستان بوومەوە کە بۆ ئازادی دەگریان. لەوێ بەڵێنم بە چیاکان دا، کە ژیانم بۆ ئەوان تەرخان بکەم". تارا دەڵێ ڕۆژێک دەگەڕێتەوە کوردستان و لەوێ کاردەکات. ئەو لە مەینەتیەکانی ژنانی کورد و مێژووی دووروودرێژی قوربانی دانیان تێدەگات "لە نەتەوەی شێرە ژنەوە هاتووم، ئەو ژنانەی کە نەوەیەک شەڕیان کردووە لە دژی ئەوانەی ڕووبەڕووی جێندەر و نەتەوەکەیان وەستاونەتەوە". سیاسەت و پزیشکی و کێشەی جێندەر ژیانی تارای چنیوە. ئەوانە بەشێکی جیانەکراوەن لە ژیانی ئەو "باوەڕم وایە کە سیاسەت کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شتێک کە دەیکەین ئیدی بیزانین یان نا. بۆ من سیاسەت ئەوەیە کە بەشداربم لە بڕیاردانی جیهانی خۆم کە پەیوەندی هەبێت بەو شتانەی کاریگەری هەیە لەسەر کورد و کوردستان. سیاسەت شێوازی منە لە تێگەیشتن لە بڕیاردانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. سیاسەت پێ بە پێ دەڕوات لەگەڵ خولیاکەم بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد". تارا قەت ئەو ڕستەیەی بیرناچێت کە باوکی پێیگوتووە "کورد بوون خۆی لە خۆیدا لێدوانێکی سیاسییە". سەرەڕای دەسکەوتەکانی، تارا خۆی وەک چالاکوان یان شتێکی دیکە نابینێ جگە لە کوردێکی ئاسایی "هەموو ژیانم تەرخان دەکەم بۆ خزمەتکردنی خەڵکەکەم."

هەرچەندە لەڕووی جوگرافیاوە بڵاووبوونەتەوە، تارا هەست دەکات کە بەشێکە لە کۆمەڵگەی جیهانی کوردی پرۆفێشناڵ و هونەرمەند و چالاکوان، کە کۆشش دەکەن بۆ کێشەی کورد "بۆ من جێی شەرەفە بەشێک بم لە نەوەیەک لە گەنجی تاراوگە و کوردستان، کە لە ناو کتێبەکان و بیری خەڵکدا شەڕ بۆ نەتەوەکەیان دەکەن".

### 20 مانگە لەو وڵاتەیە

# چارەسەری کوردی بۆ نەخۆشی ئەڵمانی



**زنار ئالا**
**ڕووداو – بەرلین**

تێکچوونی ڕەوشی سووریا، بە دەیان کەسانی خاوەن پسپۆڕی وەکو لەوەند عەلی ناچار کرد زێدی خۆیان جێبهێڵن، بەڵام هەندێک لەو خاوەن پسپۆڕانە توانیویانە لە تاراوگەش درێژە بە پیشەکەیان بدەن، کە لەوەند یەکێکە لەوان.

ئەو پزیشکە کوردە تەمەن 42 ساڵە، کە خەڵکی ناوچەی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانە لە شاری حەلەبی سووریا وەکو پزیشک کاری دەکرد. ئێستا ماوەی 20 مانگە لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری هۆیەرسڤێردی ئەڵمانیا دەژیت و لە نەخۆشخانەی ئەو شارەدا کار دەکات.

تەلەڤزیۆنی دویچەویلە DWی ئەڵمانی ڕاپۆرتێکی لەسەر زیادبوونی ژمارەی پزیشکی بیانی لە نەخۆشخانەی هۆیەرسڤێردا بڵاوکردووەتەوە. لەوەند لەبارەی کارکردنی لەو نەخۆشخانەیەدا بۆ تەلەفزیۆنەکە دەڵێ "سەرەتا تێگەیشتنمان لەگەڵ نەخۆش و هاوکارانمان کەمێک زەحمەت بوو. بەڵام کارەکە وردە وردە ئاسان بوو. نەخۆشەکان بە تەحەمولن، کاتێک شتێک تێنەگەن دیسان پرسیار دەکەنەوە."

لەوەند چانسی هەبوو سەردەمانی زوو لەو شارە نیشتەجێ نەبوو، دەنا وەک زۆر پەنابەری دیکە ڕووبەڕووی هێرشی نەژادپەرستانی ئەڵمانیا دەبووەوە. لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو هێرشی نەژادپەرستەکان لەو شارەدا شتێکی زۆر باو بوو.

دکتۆر لەوەند دەڵێت "من پێشتر هیچم لە بارەی ئەو ڕووداوانە (هێرشی نەژادپەرستەکان) نەدەزانی و نەشمبیستبوو و هیچیشم بەسەر نەهاتبوو. هەموو شتێک لێرە لەسەر کار و لەگەڵ دراوسێکانیش بەباشی بەڕێوەدەچێت. ئەوەی باسی دەکەن 20 ساڵ لەمەوبەربوو".

پەیداکردنی کار بۆ ئەو پزیشکانەی لە سووریاوە دەچنە ئەوروپا، ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سیستمی تەندروستی سووریا و وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا هەیە.

سەرۆکی بەشی سڕکردن لە نەخۆشخانەکە لەبارەی کارکردنی ئەو پزیشکە کوردەوە دەڵێ "وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن زۆر بەزەحمەت بوو، هەروەها زەحمەتیش بوو بڕوانامەکەشی پەسەند بکرێت. ئەوە بێجگە لە پێشکەشکردن و بەڕێوەبردنی موعامەلەکان کە زۆر کاتی خایاند. بەڵام لە کۆتاییدا دەستیکرد بەکار لەگەڵ ئێمە. دەرفەتی کارم بۆ پەیداکرد، چونکە دەمزانی شایستەی ئەوەیە دەرفەتی کارکردنی پێبدرێت".

لەوەند ئێستا ڕازییە لە ژیان و کارکردنی لە هۆیەرسڤێردا. بەڵام نازانێ لە دوارۆژدا لە کوێ دەبێت و چی دەکات "لەوانەیە کاتێکی دیکە بچینە شارێکی گەورەتر یانیش بۆ هەمیشە لێرە بمێنینەوە. ئێستا هیچ نازانم و هیچ پلانێکی دیاریکراومان نییە".



MassCity
Jewel of The Cities
رمضان كريم
البيت عليك و السيارة علينا
بمناسبه قدوم شهر رمضان الكريم
تقدم اداره ماس ستي اجمل التمنيات ولاول مره في العراق تهدي لكم سيارة نوع BMW موديل 2014 مع شراء كل فيلا ،حصريا في شهر رمضان المبارك
بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز
بەڕێوەبەرایەتی ماس ستی جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکات وە بۆیەکەم جار لە عیراق ئۆتۆمبێلێکی جۆری BMW مۆدێل 2014 تان پێشکەش دەکات لەگەل کرینی هەر ڤێلایەك تەنها لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا.
/masscityiraq
0750 600 2222
www.masscityiraq.com




# بەشکردنی جیهان لەگەڵ تۆ

تا 25% پاشەکەوت بکە بۆ گەشتەکانی هیندستان و چین و مالیزیا و چەندەها جێگەی مەبەست لە سەرانسەری ئەوروپا


بە بەدەستهێنانی تیکت تا 7/3 بۆ گەشتەکانتان تا 2014/7/23

بۆ بەدەستهێنانی تیکت پەیوەندی بکە بە ئۆفیسی فرۆشتنی هێڵی ئاسمانی قەتەری, بریکاری گەشت کردنەکەت, یان سەردانی qatarairways.com/iq:بکە.

**هێشتا نەبوویت بە ئەندامێکی یانە تایبە تمەندەکەمان؟**

لە سایتی qmiles.com خۆت تۆمار بکە, یان لەرێی نوسیینگەی بەشی فرۆشتنی هێڵی ئاسمانی قەتەری.

ڕەوش و مەرجی تریش جێبەجێ دەبێت. تکایە پیاچوونەوە بکە لەکاتی بەدەست هێنانی تیکت.



ژنان
ڕووداو
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

## کوڕێک بۆ بەنزین میکیاژی کرد



**ڕووداو- هەولێر**

لە بەنزینخانەیەکی تایبەت بە خانمان، گەنجێک بە جلی ژنانەوە گیرا. لەگەڵ کەمبوونەوەی بەنزین، بەنزینخانەی نۆرس ئۆیل لەسەر ڕێگەی هەولێر- پیرمام تایبەت کرا بە خانمان. پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە "گەنجێکی کوڕ میکیاژی کردبوو، عەبایەکی خەلیجی لەبەرکردبوو، لەو کاتەی گەیشتبووە لای پەمپی بەنزین ئاشکرابوو، ئەفسەرەکەمان لەوێ ئازادی کرد، لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرا، بەڵام پێیگوترا دووبارەی نەکاتەوە".

## کەسوکارەکەی دەیانەوێت بە زۆر بەشووی بدەن

# حەنیفە 8 ساڵە لە ماڵ هەڵاتووە



**ڕووداو- دویسلدۆرف**

زوو زوو ژنی کورد لە ئەڵمانیا دەبنە ڕۆژەڤی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام زۆرجار ڕۆژەڤەکە بە بارێکی خراپ بۆ ژنانی کورد دەشکێتەوە و دەبنە هۆی ناشیرین کردنی ناوی کورد لەو وڵاتەدا، بە تایبەتی لە دۆسیەکانی کوشتنی ژنان و بە زۆر بەشوودانیان.

هەفتەی ڕابردوو بابەتی سەرنجڕاکێشی ڕۆژنامەی (Frankfurter Allgemeine Zeitung-FAZ) کە یەکێکە لە ڕۆژنامە هەر بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا، باسی هەڵاتنی کچێکی کوردی تەمەن 28 ساڵان بوو لە ماڵەوە. کە هۆکاری هەڵاتنەکەی هەمان هۆکاری هەڵاتنی زۆر لە کچانی کوردە لە ماڵەوە، ئەویش مەسەلەی بە زۆر بە شوودانە.

ئەو کچە کە ناوی حەنیفەیە و بەسەرهاتی خۆی بۆ ڕۆژنامەی (FAZ) گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی کە 8 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن باوکییەوە بە چەقۆ هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. هۆکاری ئەوەش کە نەکوژرا ئەوەبوو کە خوشکە گەورەکەی کەوتبووە نێوانیان و باوکی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە ئەگەر بیکوژێت ئەوە زیندانی دەکرێت و ئەوکاتە منداڵەکانی بە بێباوکی گەورە دەبن.

(FAZ) ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگەی ماکس- پلانس دەدات و دیاردەکات کە لە نێوان ساڵانی 1996- 2005دا 78 ڕووداوی کوشتن لەسەر شەرەف لە ئەڵمانیا ڕوویانداوە. لەو ڕاپۆرتەدا چەندین جار ئاماژە بە بۆچوونەکانی دەروونناسی کورد، پرۆفیسۆر ئیلهان کزلخان دەدرێت کە گۆشەنووسی ڕۆژنامەی ڕووداوە. کزلخان دەڵێت "ئەو ژمارەیە کەمە و لە ڕاستیدا ژمارەکە زیاترە".

تاوەکو ئێستا چەندین ژنی کورد لە تاراوگە لە ژێر ناوی پاراستنی "شەرەفی خێزان" کوژراون، هەندێک لەوانە دەنگدانەوەی جیهانیان هەبووە لەوانەش کوشتنی بەناز مەحموود لە بەریتانیا، پێلا ئەتروشی و فادیمە شاهیندال و چەندینی دیکە.

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ساڵی 2011دا 3443 کەس پەیوەندییان بە داو و دەزگای ڕاوێژکاری کردووە. 40%ی ئەو ژنانەی پەیوەندیان کردووە گوتوویانە بە زۆر بەشوودراون و ڕێژەی 60% دیکەش ئەگەری بەشوودانی بەزۆر لەبەردەمیان بووە.

حەنیفە کە ئێستا قوتابی زانکۆیە، 8 ساڵ لەمەوبەر بڕیاری هەڵاتنی لە ماڵ دا بوو. لەوکاتەوە لەلایەن هاوڕێ و پارێزەرێکی ئەڵمانەوە هاوکاری دەکرێت. ئەو کچە ئێستا بەشێوەیەکی نهێنی و دوور لە چاوی خێزانەکەیان لە یەکێک لە شارەکانی ئەڵمانیا دەژیت.

## کچێک بەر لە خۆکوشتنی نامەیەک دەنووسێت

# نەیزانی بۆ خۆی کوشت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

کچە قوتابییەک بەر لەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت، نامەیەک دەنووسێت و دەڵێت هیچ کێشەی نییە و نازانێت بۆ خۆی دەکوژێت، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن "ئەو کچە سێ ساڵ بوو لە پۆلی 12ی بنەڕەتی مابووەوە، بۆیە خۆی کوشتووە".

ڕۆژی 2014/5/25 لە شارۆچکەی بنەسڵاوە کچێک بەناوی (ب.م.ا) 20 ساڵ، بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشت، ئەو کچە پۆلی دوانزدەی بنەڕەتی بوو، دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە، لە نامەکەدا کەس تاوانبار ناکات، بۆیە سکاڵا تۆمار نەکراوە و کەسیش لەسەر خۆکوشتنەکەی دەستگیر نەکراوە.

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گوتی "هێشتا ڕاپۆرتی پزیشکی دادی دەرنەچووە، بەڵام کەسوکاری ئەو کچە لە ئیفادەکەیاندا دەڵێن، ئەو کچە 3 ساڵ لە پۆلی 12ی بنەڕەتی ماوەتەوە، بۆیە گوللەیەکی لە خۆی داوە و خۆی کوشتووە". گوتیشی "ئەو ماڵە هەژارن".

پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە، دوای ڕووداوەکە چوونەتە ماڵی کچەکە "ئەو کچە لە نێو ماڵی خۆیان، خۆی کوشتبوو، نامەیەکی لە دوای خۆی جێشتبوو، پۆلیس سەرقاڵی زانینی هۆکاری خۆکوشتنی کچەکەیە".

ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت، ئەو نامەیە 3-4 دێرە و نووسیویێتی "کێشەم لەگەڵ کەس نییە، نازانم بۆ وا دەکەم، خانەوادەکەی خۆم خۆشدەوێت". ئەم نامەیە لەگەڵ دەستنووسەکانی دیکەی ڕەوانەی نووسینگەی بەڵگەکانی تاوان کراوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەوە دەستنووسی ئەوە یان نا "بەڵام لە نامەکە باسی خوێندنی نەکردووە". ڕائید ژیلەمۆ وایگوت.

ئەو کچە بە چەک خۆی کوشتووە، لە نێو زۆربەی ماڵانی هەرێمی کوردستان چەک هەیە، بۆیە ئەوە ئاسانکاری دەکات، بۆ خۆکوشتن، ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "چەکی ماڵان ئەو کێشانەی زۆرە، کەچی هەندێک لایەن داوا دەکەن بەرگری میللی هەبێت و چەک دابەش بکرێت بۆ ئەو ڕەوشەی ئێستا، ئەوە بەرگری میللی نییە هەمووان چەکیان هەیە، ئەی ئەگەر ئەو بەرگرییە دروست بکەن چی بەسەر دێت".

ساڵانە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەرگرتنەوەی نمرەی قوتابییان چەند حاڵەتێکی خۆکوشتن تۆمار دەکرێت بە هۆی دەرنەچوون لە قوتابخانەوە، ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "ئەوە یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنی کچانە ئەمساڵ لە هەولێر بەهۆی خوێندنەوە، ساڵانە حاڵەتی خۆکوشتنمان هەیە بەهۆی دەرنەچوونەوە".

ڕائید ژیلەمۆ پێیوایە زۆربەی ئەو جۆرە خۆکوشتنانە چاولێکەرییە "دەرنەچوونیان بەهۆی غەدرەوە نییە، بۆیە ئەوانەی خۆشیان دەخنکێنن ناڵێن خەتای مامۆستاکانە، لەگەڵ ئەوەش مەرج نییە تەنیا بەهۆی خوێندنەوە بێت، هەیە بێزار بووە یان کێشەی دیکەی هەیە".



### "کەوتن سەرەتای هەستانەوەیە"

تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە ڕاینەگەیاندووە لێکۆڵینەوە لە هۆکاری خۆکوشتنی قوتابییەکانی دەکات، بەڕێوەبەرێک لە وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر هەر قوتابییەک کەوت و خۆی کوشت، دەبێت وەزارەتی پەروەردە هەر خەریکی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بێت و دەبێتە فەوزا، ساقیت بوون هەر هەیە و بۆ دەرخستنی ئاستی قوتابییە، بێ کەوتن ئاست و شارەزایی نامینێت و دادپەروەری لە کەوتن و دەرچوون هەیە".

ئامانج لوقمان، کۆمەڵناس، کە خۆی لە قوتابخانەیەکی هەولێر توێژەری کۆمەڵایەتییە، پێیوایە ئەو قوتابییانەی کە دەرناچن لە ژێر فشارێکی زۆری کەسوکاریان دان، بە تایبەتی کچەکان "دایک و باوکیان دەڵێن ئەگەر بکەوی بە شووت دەدەین، زۆربەی ئەوانەی خۆیان کوشتووە کچن".

ئەو توێژەرە خۆکوشتن بە "گەورەترین هەڵە" دادەنێت و دەڵێت "گەورەترین هەڵەیە و دەبێت قوتابی هەرگیز لە هەوڵدان ڕانەوەستێت، ڕەنگە ئەو کەوتنە سەرەتای هەڵسانەوە بێت و توانایەکی دیکەی پێ بدات، مامۆستاکانیش کەمتەرخەمیان لەو بابەتانە هەیە، باسی ئامانجی قوتابی ناکەن و زۆرجار دەیانشکێننەوە، کە قوتابی دەکەوێت، ڕەنگە بەرەو تاوانکردن و وازهێنان لە قوتابخانە هەنگاو بنێن".

## ویستی خۆی بکوژێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو

# ژەنگار پەشیمانە



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – ڕانیە**

کچە خوێندکارێک بە دەمانچەیەکی تورکی فیشەکێک دەنێت بە خۆیەوە و بەو هۆیەش بریندار دەبێت. کەسوکارەکەی دەڵێن کچەکەیان بەهۆی دەرنەچوونییەوە ویستوویەتی خۆی بکوژێت، بەڵام پەروەدەی ناوچەکە دەڵێن کە ئەو کچە لە قوتابخانە کێشەی نەبووە و لە خوێندنیش سەرکەوتوو بووە.

ئەو کچە خوێندکارە کە ناوی ژەنگار عومەرە، دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکەکانی ڕانیەیە و پۆلی نۆی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی پێشکەوتنی بنەڕەتی. دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2014/6/24 لە نێو ماڵەکەی خۆیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرتووە و بریندارببووە، ئێستاش چارەسەری پزیشکی بۆ دەکرێت.

هەوڵی ئەو کچە بۆ خۆکوشتن لە کاتێکدایە کە سەرجەم قوتابخانەکان ڕابەری پەروەردەییان هەیە. ئەو ڕابەرە پەروەردەییانە کە دەروونناس و کۆمەڵناسن، کاریان ئەوەیە کە بەدواداچوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابیان بکەن و ڕێنماییان بدەنێ تاوەکو دوورکەونەوە لە کاری هەڵەی وەک ئەوەی ژەنگار بەسەرخۆی هێناوە.

شوان حەمەد، کە مامی ئەو کچە خوێندکارەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ژەنگار قوتابی پۆلی نۆی بنەڕەتییە، لە قوتابخانە خراپ بووە، دایکی بۆ باسکردم، کە ژەنگار دوو ڕۆژ بوو گۆشەگیر بوو بوو، نانی نەدەخوارد، بۆیە تووشی جۆرێک لە تێکچوونی باری دەروونی بوو بوو".

وەک شوان باسی کرد، ئەو ڕۆژە ماڵی براکەی خەریکی نان کردن بوونە، باوکی کچەکە لە ماڵ نەبووە و دایک و خوشکەکانیشی دوای نان کردن پشوویان داوە و خەوتوون. ژەنگاریش ئەو هەلەی قۆستووەتەوە و یەکسەر چووەتە دەرەوە و بە دەمانچەکی تورکی گوللەیەکی لە خۆی داوە. شوان گوتی "دایکی لەگەڵ دەنگی گوللەکە خەبەری بووەتەوە و یەکەم کەسیش بووە گەیشتووەتە لای". گوتیشی "ژەنگار یەکسەر بە دایکی گوتبوو گەردنم ئازاد بکە نارەحەتم کردی".

بەڵام بەپێی قسەی شوان، ئێستا ژەنگار توانای قسە کردنی نییە، تەنیا بە نووسین و ئاماژەی دەستی قسە دەکات، چونکە گوللەکە بە ناو سکی کەوتووە و جگەر و سیی و سپڵ و بڕبڕەی پشتی گرتووە.

ژەنگار خاوەنی پێنج خوشک و چوار برایە، کەسوکارەکەی دەڵێن لە ماڵەوە هیچ کێشەی نەبووە. بۆیە سەریان سووڕماوە لەو ڕووداوە. شوان دەڵێت "ژەنگار ئێستا لە نەخۆشخانەی گشتی سلێمانییە و باری تەندروستی جێگیر نییە، تەنیا دەتوانێ شت بنووسێت، هەر بە نووسین لە دەستی براکەی نووسیوە پەشیمانم لەوەی کردوومە، تازە ئەوەی کردوومە لە دەستم دەرچووە، کەس تاوانبار نییە". هەر بۆیە کەسوکاری ژەنگار کەسێک لە دەرەوە و ناوەوەی خێزانەکەیان تۆمەتبار ناکەن و سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە.

یوسف جەلال ناودەشتی، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە بەدووری زانی کە ڕووداوی برینداربوونی ئەو کچە هیچ پەیوەندی بە خوێندنەوە هەبێت و گوتی " ژەنگالا لە خوێندنی ئەمساڵ لە قۆناغی نۆی بنەڕەتی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، جگە لەوەش لە ناو قوتابی و مامۆستاکانیدا خۆشەویست و دەم بەخەندە بووە".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەمەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند" کاژێر 3ی دوانیوەڕۆی 24/ 6/ 2014 برینداری‌کی کچیان هێناوە بۆ نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەناوی (ژەنگار عومەر احمد) کە پیشەی خوێندکارە و تەمەنی 16ساڵە دانیشتوی گوندی تیتۆکەیە سەر بە ناوەندی قەزای ڕانیە، لە ماڵی خۆی یەک فیشەکی دەمانچەی تورکی بەرسکی کەوتوەو بریندار بووە، لەبەر سەختی برینەکەی بەمەبەستی چارەسەرکردن بەڕێکراوە بۆ نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی".

دۆسیەی ئەو کچە لە بنکەی پۆلیسی کێوەڕەشە، ڕائید مستەفا دەڵێت "هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کراوە و دەست گیراوە بەسەر دەمانچەی بەکارهاتوودا، بەڵام تا ئێستا نەزاندراوە کە ئەو کچە فیشەکی لە خۆ داوە یان لێیدراوە، چونکە بەهۆی خراپی باری تەندروستی نەتواندراوە ئیفادە بدات".

بەختیار محەممەد، توێژەری دەروونی پێیوایە ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن پێیوایە بە جۆرێک لە جۆرەکان نەخۆشی دەروونیان هەیە، بۆیە پێویستە دوای چاکبوونەوە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو کارە دووبارە نەکەنەوە. هەروەها دەبێت چارەسەری پزیشکی وەربگرێت.

## عەرەبێکی دوژمندار لە هەولێر دەکوژرێت

**رووداو-هەولێر**

کاژێر 9ی شەوی 2014/6/25 پیاوێکی عەرەب بە ناوی (عەبد حوسین زامن) کوژرا. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی هەولێر رووداوەکە لە نزیک شیرنەمەنی عەشتار بووە، پۆلیسی هەولێر گەیشتووەتە شوێنی رووداوەکە "دەرکەوت لە نێو ئۆتۆمبێلێک بە دەمانچە تەقە لەو عەرەبە کراوە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو پیاوە دوژمندار بووە، پۆلیس سەرقاڵی دەستگیرکردنی تاوانبارە".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (316)  دووشەممە  2014/6/30

مامی بکوژەکە لە ئەنتەرنێتەوە هەواڵەکەی زانیوە

# گەنجێک دوو ئامۆزا پێکەوە دەکوژێت

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

پیاوێک باس لە برازا بکوژەکەی دەکات، کە چۆن بەر لەوەی دوو ئامۆزا پێکەوە بکوژێت، چەندینجار ویستوویەتی مام و پورەکانی خۆشی بکوژێت، مامی تۆمەتبارەکە دەڵێت "برازاکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی دوو کەسم کوشتووە خۆت رزگار بکە، هەتا لە ئەنتەرنێت نەمبینی باوەڕم نەکرد".

گەنجێک لە کۆمەڵگەی پیرزین، لەسەر رێگەی هەولێر- پیرمام، دوو ئامۆزای کوشت، ئەو گەنجە ناوی (ر. م. ع) یە، بەپێی زانیارییەکانی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، خۆی رادەستی پۆلیس کردووە و دانی بە تاوانەکەی ناوە.

ئەو دوو کەسەی کوژراون، ناویان ئەیاد رەشید عوسمان 24 ساڵ و بارزان رزگار عوسمان 30 ساڵ بوو، کە هەردووکیان خێزاندار بوون و ئامۆزای یەکدین. (ر) یش کە بکوژی ئەو دوو کەسەیە، تەمەنی 25 ساڵە و پێشمەرگەیە. بکوژ و کوژراوەکان باپیریان ئامۆزای یەکدیيە

(ر) تەمەنی 2 ساڵ بووە، باوکی مردووە، پاشان دایکی شووی کردووەتەوە، (ر) تەنیا مامێکی هەیە، بۆیە ئەو مامەی بەخێوی کردووە، (ر) خوشک و برای نەبووە، زیاتر لە 6 ساڵە ژنی هێناوە و باوکی سێ منداڵە.

تەیب عەبدوڵڵا، مامی تۆمەتبارەکە، بە جۆرێک باسی برازاکەی دەکرد، کە کوشتنی خەڵک بە دەست ئەو کەسە رووداوێکی چاوەڕوانکراو بووە "برازاکەم کەسێکی توندڕەو بووە، هیچی لە کەس قبوڵ نەدەکرد، بۆ هەر شتێک دەیویست تۆڵەی خۆی بکاتەوە، قسەی خۆشی نەبوو، (ر) کەسێک بوو بە گوێی کەسی نەدەکرد، تا خۆی بەو رۆژە گەیاند".

مامی (ر)، کە بەهۆی تاوانی برازاکەیەوە هەڵاتووە، لە رووی یاساییەوە هیچ کێشەی نییە، بەڵام لە تۆڵەی عەشایری دەترسێت، بۆیە ئەو لە رێگەی تەلەفۆنەوە لە شوێنێکی نەزانراوەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەو برازایەم تا گەورەتر دەبوو خراپتر دەبوو، دەیگوت تۆ لەگەڵم خراپ بوویت، غەدرت لێکردووم، بۆیە دژایەتی منیشی دەکرد".

کێشەی نێوان مام و برازا گەیشتووەتە هەڕەشەی کوشتن، تەیب دەڵێت "ماوەیەک چووە لای ماڵی خاڵەکانی، پاشان گەڕایەوە، ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، هەر دەیگوت دەتکوژم، چەکی لەسەر سەرمان دادەنا، یەخەی خوشکەکانیشمی دەگرت، واتا پوورەکانی خۆی، تا ناچاربووین سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین، دووجار لەلایەن پۆلیس دەستگیر کرا، بەڵام دواتر ئازاد کرا، ئەو ژنی هێنا و ماڵی دوورکەوتەوەو منیش ماڵم لە شاوێس دوور خستەوە، بووە خاوەنی ماڵی خۆی".

ئەو مام و برازایە زەوییان هەبووە، تەیب عەبدوڵڵا دەڵێت "بۆ ئەوەی کێشەمان بۆ دروست نەبێت، زەوییەکانمان دابەش کرد، هەموو زەوییەکەمان کردە دوو بەش، بەشێک بۆ ئەو، بەشێکیشی بۆ من و دایکم و 3 خوشکم، کەچی دوای ئەوە شەڕی بە خوشکەکانم دەفرۆشت دەیویست زەوییەکانیان لێ بستێنێ، بۆیە نزیکەی 6 ساڵ حاشام لێکرد، ماوەیەکە خەڵک هاتووەتە نێوانمان ئاشت بووینەتەوە".

ئەو پیاوە دوای باسکردنی برازاکەی ئینجا دێتە سەر رووداوەکە "هەردوولامان زەویمان لە گوندی کۆرەک لە سنووری مەلا ئۆمەر، برازاکەم رۆژێک پێش رووداوەکە لە گوندەکەیان هاتووەتەوە، شەو بووە ئەو دوو ئامۆزایە رێیان لێگرتووە، کە بۆ بەو شەوە هاتوچۆ دەکات؟ ئەویش کردوویەتییە دەمەقاڵی، بۆ رۆژی پاشتر لە فولکەی پیرزین چوونەتەوە سەر رێگەی یەکدی و (ر) هەردووکیانی کوشتووە".

بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردووەتەوە، هۆکاری کوشتنی دوو ئامۆزاکە لەسەر پارە بووە، مامی (ر) دەڵێت "کاتی رووداوەکە مەغریب بوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی دوو کەسم کوشتووە و خۆت رزگار بکە، هیچی دیکەی نەگوت، ئێمە باوەڕمان نەکرد چووینە ماڵە دراوسێیەکمان لەوێ لە ئەنتەرنێت زانیمان، کە خۆی رادەستی پۆلیس کردووە، تاوانەکە راستە".

تەیب عەبدوڵڵا خۆی بێبەری دەکات لە کێشەکە و گوتی "راستە لە ماڵ هەڵاتووم، بەڵام دوژمنداری ئەوان نیم، من نزیکترین کەسم لە (ر)، بۆیە بۆ خۆپاراستن ناوچەکەم جێهێشتووە، نەک گەنجێک کێشەیەک دروست بکات، ئەوان بشمکوژن دەست ناکەمەوە، بەس زۆر پیاوەتیان کردووە و هیچ کاردانەوەیان بەرامبەرمان نەبووە".

تەیب ئەوان بە خزمی نزیکی خۆیان دەزانێت "مانگێک لەمەوبەر دایکم مرد، ئەوانە هەموو لە پرسەکە بوون و پێشوازیان لە خەڵک دەکرد، بەخوا وەکو ئەوان پێم ناخۆشە کە روویدا، (ر) کەسوکاری ئێمەی شەرمەزار کردووە، هیچ بەرگری لێ ناکەین، بیشمرێت ناچمە پرسەکەی".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی (ر) لە گوندی کەڵەکینی نزیک کۆمەڵگەی شاوێس، کێشەکەی بۆ "خراپ"ی پەروەردەی (ر) گەڕاندەوە و گوتی "(ر) 6 ساڵ بوو لە گوندەکەمان بوو، بەڵام خەڵکی ئێرە نەبوو، ناوە ناوە لەگەڵ گەنجەکانی ئێرە شەڕی دەکرد، کێشەی (ر) ئەوە بوو پەروەردەیەکی جوانی نەبوو، هەر ماوەی لای کەسێک بووە، تەنیا لای مامی نەبووە، لە شوێنی دیکەش بووە".



# فیلمی رووت ماڵێکی "وێرانکرد"

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

ژنێکی دانیشتووی سەنتەری شاری سلێمانی سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار دەکات و دەڵێت 3 ساڵە لەگەڵی نەخەوتووە و شەوان دەخواتەوە "بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ژنان و کچان دەکات، پاشانیش سەیری فیلمی رووت دەکات".

(ف.م) 37 ساڵ. ئەو کاتەی خوازبێنی دێت تەمەنی 15 ساڵ دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماڵەوە ژیانێکی خۆشی نییە یەکسەر رازی دەبێت شوو بە (ع.ک) دەکات کە تەنیا 3 ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەیە "سەرەتا کە شووم پێکرد هیچ عەیبی نەبوو زۆر دڵخۆش بووم گوتم ئیدی ژیانم خۆش دەبێ و بە ئیسراحەت سەر دەخەمە سەرسەرین".

ئەو ژنە پەنای بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان بردووە و سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووە. ئەو چاوەڕێیە دادگا کێشەکەی یەکلایی بکاتەوە.

ئەو ژنە رەنگ ئەسمەرە دوای تۆمارکردنی سکاڵاکەی، شپرزەیی و ترس بە رووخسارییەوە دیاربوو "نامەوێت کەس بمبینێت چونکە دەمەوێت کێشەکەم یاسا چارەسەری بکات و نامەوێت منداڵەکانم هەست بەم سکاڵایە بکەن".

(ف.م)، کە 16 ساڵە شووی کردووە، خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە دەڵێت "باری ئابووریمان زۆر خراپە و لە خانووی کرێدا نیشتەجێم، مێردەکەم شەو تا بەیانی دەخواتەوە، حیساب بۆ ئێمە ناکات".

ئەو ژنە خەم رووخساری پیر کردبوو زوو زوو عەباکەی لە دەستی دەپێچاو دەیویست زوو بگەڕێتەوە ماڵەوە نانێک بۆ منداڵەکانی ئامادە بکات "ئەو ماوە زۆرە لەبەر منداڵەکانم توانیم تەحەمولی خراپی پیاوەکەم بکەم، بەڵام ئیدی پەتی تەحەمولم پچڕا".

هەرچەندە سەرەتای ژیانی ئەم دوو هاوسەرە بێ کێشە بووە، بەڵام هاتنی تەکنەلۆژیا شیرازەی ئەم خێزانەی تێکداوە بەشێوەیەک (ف.م) ئاوات بۆ ژیانە ناخۆشەکەی سەردەمی کچێنی دەخوازێت "مۆبایل ماڵی منی وێرانکرد شەو تا بەیانی بەدەم خواردنەوەوە و سەیرکردنی فیلمە سێکسییەکانەوە لەگەڵ کچان قسە دەکات".

ئەوکاتەی ئەم ژنە دەچێتە ژوورەوە تا بزانێ هاوسەرەکەی ئەو هەموو کاتە لە ژوورەوە چی دەکات، گوێی لە دەنگە قاقای پێکەنینەکانی دەبێت لەگەڵ کچێک، ئارامی نامێنێت و خۆی دەکات بە ژووردا و لە هاوسەرەکەی تووڕە دەبێت "من وامزانی تەنیا کچێکە کە شەوان قسەی لەگەڵ دەکات دواتر بۆم دەرکەوت ئەمە پیشەیەتی".

هەرچەندە ئەوە دووەمجارە سکاڵا لەسەر هاوسەرەکەی تۆمار دەکات، بەڵام هەموو کات هاوسەرەکەی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خێزانەکەی نییە و نایەوێت لێی جیا ببێتەوە ئەمیش سوورە لەسەر داواکەی خۆی "ژیانی کولەمەرگیم ناوێت، خۆ ئێستاش هەر ماڵی باوکم دەمژێنن، مێردەکەم بۆ ئەوەی خواردنەوە و کارتی مۆبایلەکەی لێنەبڕێت جارجار دەچێت کرێکاری دەکات".

هاوسەرەکەی (ف.م) دوای ئەوەی لە تەلەفۆن و خواردنەوە تەواو دەبێت سەیری فیلمی سێکسی دەکات "زیاتر لە سێ ساڵە لەگەڵ منداڵەکانم رۆژ دەکەمەوە مێردەکەم بەهیچ شێوەیەک لەگەڵم ناخەوێت".

ئێستا (ف.م) لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژی، هەرچەندە ئەو نازانێت ژیانی دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی چۆن دەبێت، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی هاوسەرەکەی ئەو داوایە قبوڵ بکات.



مێردیکرد و حاشایان لێکرد

# خیانەتی لێدەکات و بوختانیشی پێدەکات



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

زیاتر لە 2 کاژێر لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕێبوو، هەموو نیگاکانی لەسەر وێنەی سەر دیوارەکە بوو، کە وێنەی ژنێک بوو پارێزگاری لە خۆی دەکرد تاوەکو مێردەکەی لێی نەدات "ئەم وێنەیە وەک ژیانی من وایە چونکە ماوەی 3 ساڵە لێدان نان و ئاوی منە".

چرا ئەحمەد، 36 ساڵ، پرچی هێشتا رەشێکی قەترانییە، بەڵام دیاربوو خەمەکانی رۆژگار تاڵ تاڵێکی سپی کردبوو. چرا تاوەکو پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، ماوەی زیاتر لە 13 ساڵە هاوسەرگیری کردووە خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە "کچی دووەمی ماڵ بووم 3 خوشکەکەم شوویانکرد بەس من مامەوە حەزم دەکرد منیش ماڵ و منداڵ و مێردم هەبێت، مێردەکەم دراوسێمان بوو حەزمان لە یەک دەکرد زیاتر لە ساڵێک پێکەوە بووین".

ئەو کوڕە کرێکار بووە، وەک چرا گوتی ماڵەوەیان رازی نەبوون شووی پێبکات، چونکە پێیانوابووە ناتوانێت کچەکەیان بەخێو بکات "ئێمە دەوڵەمەند بووین، بۆیە حەزیان دەکرد شوو بە کەسێکی دەوڵەمەند بکەم".

ئەو شەوەی ئەو کوڕە دەچێتە داوای چرا، سەرجەم خێزانەکەی رازی نابن، تەنانەت خوشکەکانیشی "منیش پێمگوتن هەر شوو بەو کوڕە دەکەم، ئەگینا خۆم دەسووتێنم، بەڵام خۆزگە بمردمایە و ئەو شووەم نەکردایە، هەموو خێزانەکەم گوتیان ئەو رۆژەی لە دەرگاکە دەچیتە دەرەوە حاشات لێدەکەین".

چرا کاتێک باسی مێردەکەی دەکرد، بە خوڕ دەگریا "من بە جوانی ئەو هەڵخەڵەتام و بە دەمی خۆم پێمگوت بەس بمهێنە بە ئەڵقەیەک رازی دەبم، کێشەم نییە ماڵت نییە دەچینە خانووی کرێ".

نەهامەتییەکان ئەو رۆژە روویان لەو خێزانە کرد، کە بە قسەی چرا ئەو رۆژەی مێردەکەی فێری خواردنەوەی ئارەق بوو "2 ساڵ لەمەوبەر ئێوارەیەک لەگەڵ هاوڕێکانی چوو بە سەیران، ئیدی هەر ئەوە بوو هەموو شەوێک لە دەرەوە و یەکێک دەیهێنێتەوە بە سەرخۆشی".

وەک چرا گوتی ئەو بەو ژیانە هێشتا هەر شوکر بووە، بەڵام قۆڵی ماکسییەکەی هەڵدەکات و پەڵەیەکی رەش و ئاوساو دەرکەوت "هەموو لەشم ئاوا شین و مۆر بووەتەوە، هەموو شەوێک بەسەرخۆشی دێتەوە و تێر لێم دەدات، جارێکیان پەراسووم و جارێکی دیکەش شەویلگەی شکاندم".

ئەو هەموو شتێک قبوڵ دەکات تاوەکو ئەو رۆژەی دەبینێت بە مۆبایل قسە لەگەڵ کچێک دەکات "ئاگام لێیبوو شەوێک لەگەڵ کچێک قسەی دەکرد".

ئیدی چرا پەنا بۆ نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سلێمانی دەبات و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، بەڵام تووشی شۆک دەبێت کاتێک مێردەکەی بانگ دەکەن بۆ نووسینگەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەی "مێردەکەم بە کارمەندانی نووسینگەکەی گوت ژنەکەم درۆ دەکات، نەک هەر درۆ دەکات خیانەتیشم لێدەکات، بەڵگەتان بۆ دێنم کە پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەیە".

چرا پەنای بۆ ئەو نووسینگەیە بردووە وەک خۆی گوتی تاوەکو مێردەکەی بێننەوە سەر رێگەی راست "ئەگەر نا یەک سەعات دانانیشم منداڵەکان دەبەم و کارێک دەکەم، خۆ کەس لە برسان نامرێ".

# تێپەڕین بە عوزێمدا ملیۆنێکی دەوێت

نەوزاد مەحموود و چۆمان مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

"باوکم ئیفلیج بووە و لە جێگادا کەوتووە و بۆ خۆشم ماوەی 18 ڕۆژە منداڵەکانم نەبینیوە، ئێمە گوناهمان چییە کە نەتوانین بگەڕێینەوە بۆ نێو منداڵەکانمان". لە نێو گەراجە قەرەباڵخەکەی سلێمانی هیچ شتێک بەدڵی عەمار ناگوزەرێ، چونکە ئەو جادانەی دەچنەوە بۆ شارەکەی، شمشێری شەڕێکی قورسی تایفی بە سەرەوەیە.

عەمار، هاووڵاتییەکی عەرەبی شیعەی دانیشتووی بەغدایە و لەبەر ئەوەی هەندێک خزم و ناسیاوی لە سلێمانین، نزیکەی 20 ڕۆژ لەمەوبەر بەسەردان هاتووەتە سلێمانی، بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر ئەو ڕێگایە بەتەواوی لەلایەن چەکدارانی داعش و گروپە سوننەکان کۆنترۆڵکرا "دێمە ئێرە و تاکسی دەبینم دەڵێ بە 100 هەزار دینار، بۆ خۆشی نازانێ دەردەچێ یان نا، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن و حکومەتی ناوەندی هیچمان بۆ ناکات".

لەو گەراجەدا، تەنیا شۆفێری هێڵی بەغدا بێدەنگن، هەموو هێڵەکانی دیکە هاوار دەکەن و ئۆتۆمبێلەکانیان بە نەفەری پڕەوە دەجوڵێن، وا هەستدەکەیت ئەو پایتەختە بەسەر نەخشەی ژیانەوە نەمابێت. زۆر کەس لەوێ دەبینی دەیانەوێ هەر چۆن بووە ئەوجارەش بگەنەوە بەغدا و جارێکی دیکە نەیەنەش دەرەوە.

هاووڵاتییەکی عەرەب کە لە گەراجەکە وەستاوە، ئەوەندە بێمتمانەیە بەرامبەر بە بارودۆخی عێراق، نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەترسێ گرووپەکان لە ڕێگادا لە ئۆتۆمبیلەکە دایبگرن و بیکوژن. ئەو هاووڵاتییە دەڵێ دووشەممەی ڕابردوو لە ڕێگای کەلارەوە هاتووەتە سلێمانی، بەڵام چەند ڕۆژێکە دێتە نێو گەراجەکە و ناتوانێ بگەڕێتەوە "دەڵێن نەفەری بە 100 هەزار دەتبەین و منیش تەنیا 75 هەزار دینارم پێیە. پاسەکان هەرزانن، بەڵام ناڕۆن. نازانم چی بکەم و شەوان منداڵەکانم لە نێو پارک و باخەکان دەخەوێنم".

لەوانەیە گەیشتنەوە بە بەغدا بۆ ئەو هاووڵاتییە خۆشترین خەون بێت. ئەو دەڵێ لەم ئێوارانە کوردێک بردویەتییەوە ماڵەوە و نانی پێداون، ئەو نیوەڕۆیەش خاوەنی چێشتخانەیەک بە خۆڕایی خواردنی پێداون.

بەڵای هاتوچۆ تەنیا ملی گەشتیارانی عەرەبی سوننە و شیعەی نەگرتووەتەوە، بەڵکو بۆ شۆفێرەکانی هێڵی بەغداش گورزێکی کوشندەی بێکارکەوتن و دەستبەتاڵییە. شۆفێرانی کورد گازندەیەکی زۆریان هەیە و ئەوانیش لەلایەکەوە نیگەرانی ئەو شۆفێرە عەرەبانەن بەبێ گوێدانە مەترسییەکانی ڕێگاکە گەشتیارەکان بە نرخی خەیاڵی دەبەن و لەلایەکی دیکەش هەڕەشەی گرووپە جۆراوجۆرەکانی سەر ڕێگا.

جەزا بێسەری، سەرپەرشتیاری شۆفێرەکانی گەراجی بەغدا لە سلێمانی پێیوایە ئەوان خاوەنیان نییە "نە لێرە و نە لەوێ و نە لە ڕێگاکەش خاوەنمان نییە، نازانین پەنا بۆ کێ ببەین".

ناوبراو هەروەها دەڵێ "ڕێگاکە مەترسیدارە و ناتوانین لە دوا سنووری پێشمەرگەوە دەربچین، چونکە ئێمە کوردین، بەڵام عەرەبەکان کێشەیان نییە و دێنە ئەمدیو. جا یان ئەوەتا دەبێ لە ڕێگادا نەفەرەکان بگۆڕینەوە، یان ئەوەتا قبوڵ ناکەین ئەوان بێن و بچن و ئێمەش زەق زەق سەیریان بکەین و هیچمان پێنەکرێت".

148 ئۆتۆمبیلی تاکسی لە هێڵی سلێمانی- بەغدا کاردەکەن. 140 لەو شۆفێرانە کوردن و ئەوانی دیکە عەرەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگە کێشەیان بۆ دروستناکات، عەرەبەکان دێن و دەچن، بەڵام شۆفێرانی کورد لە ڕێگای عوزێم و دووز خورماتوو و شارەبان و سلێمان بەگ، تووشی گروپەکان دێن و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکەن.

"کورد زۆر بە دەگمەن سەفەر دەکەن بۆ بەغدا، بەڵام عەرەبەکان دێن و دەچن و لێرە کاریان هەیە". یەکێک لەو شۆفێرە کوردانەی لەو چەند ڕۆژەی پێشوو کەوتووەتە دەست یەکێک لە گرووپەکان دەڵێ "هەر باشبوو نەیانکوشتین". گوللەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و پیشانیدا "ئەمە یەکێکە لەو گوللانەی پێیانەوە نابن".

ئەو شۆفێرە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەبەر ئەوەی بەردەوام هاتوچۆی بەغدا دەکات، دەڵێ "لەبەرئەوەی ڕێگاکە پڕ بووە لە مەترسی، زۆر بەزەحمەت دەگەیتە بەغدا، من جاران بە 4 کاژێر دەچووم، بەڵام ئەمجارە 9 کاژێرم پێچووە، ڕێگاکە جگە لە داعش و سووپای عێراق، دز و جەردە و میلیشیا و مافیاشی تێدایە، بەهەموو شێوەیەک ئازارت دەدەن".


کرێی هەر نەفەرێکی تاکسی لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا 30 هەزار دینارە، بەڵام ئێستا نرخەکان فرێون بەهۆی ئەو مەترسییە زۆرەی لەسەر ڕێگاکان هەن.

یەکێک لە شۆفێرەکان لەوە تووڕەبوو کە عەرەبی شیعەی بینیوە هاتوونەتە ئێرە و تاکسییان پێویست بووە، یەکێک لە شۆفێرە عەرەبەکان مامەڵەی ئەوەی لەگەڵ دەکردن بیانبات "3 کەس هاتن و شیعە بوون، گوتیان یەکی 1 ملیۆن دینار دەدەین ئەگەر بمانبەنە نێو بەغدا بە سەلامەتی". ئەو شوفێرە بە تووڕەییەوە گوتی "هیچ کار و کاسپی بۆ ئێمە نەماوەتەوە، ئەگەر حکومەت چارەسەرێکمان بۆ نەدۆزێتەوە، ناچارین ئۆتۆمبیلەکانمان بسووتێنین".



(فۆتۆ:سێڤان محەممەدسەلیم)

---



بنیامین کیۆسکین

## جارێ بای بای کوردستان

زۆر لە هاوڕێ و ناسیاوەکانمان تێناگەن بۆچی ئێمە کوردستانمان هێندە خۆشدەوێت و لێرەین، بەڵام پرسیاریشیان لێ نەکردووین، کێ دەزانێ بۆ هەندێک خەڵک فەرەنسایان خۆشدەوێت و هەندێکی دیکە ڕقیان لێیە؟ هەندێک خەڵک حەزیان لە تایلەندە و هەندێکی دیکەش پێیانوایە خراپترین شوێنە.

زۆر کەس تێناگات کە هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە وڵاتێکی جیاوازە، تەنیا ئەوە نەبێت کە وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ دانی پێدا نەنراوە. چەند ساڵێک پێش ئێستا زۆر کەس گاڵتەیان بە سەربەخۆیی کوردستان دەهات، ئەمڕۆ هەر ئەو کەسانەی کە پێدەکەنین پێشەنگی باسی سەربەخۆیی کوردستانن و ژمارەشیان تا دێت زۆر دەبێت.

دوای ساڵی 2003 ئێستا سەرنجڕاکێشترین کاتە بۆ ئەوەی لە کوردستان بیت و پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسینیان بکەیت. لە ماوەی دە مانگی مانەوەم، کوردستان زۆر ئارام بوو لە ڕووی سیاسییەوە و ژیان زۆر ئاسوودە بوو، بەڵام سێ هەفتەی ڕابردوو پڕ ئاڵۆز و سەرێشە بوو، چونکە بەشەکانی دیکەی عێراق ڕووبەڕووی شەڕێکی تایەفی بووەوە کە لە ڕاستیدا هەر لە 2003ەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

دوای ئەوەی کە بۆ 10 ساڵ بوو دەمویست سەردانی کوردستان بکەم، دوای پرۆسێسێکی دوورودرێژ و هەندێکجار بێ هیوابوون، دواجار خەونەکەم هاتەدی. ئەوەی من لە کوردستان بینیم، پیشانی دا کە چاوەڕوانییەکە شایەنی سەردانەکەم بوو. ئەزموونی من لێرە لە 95% پۆزەتیڤ بووە. پێمخۆشە کە دەبینیم هاوڕێکەشم ئێرەی پێخۆشە و زۆر ئەزموونی خۆشی لێرە هەبووە بە تایبەتی لە کاتی کاری خۆبەخشی لە یەکێک لە کامپی ئاوارەکاندا.

شانازی بە دەستکەوتەکانمەوە لە کوردستان دەکەم. زۆر شوێن گەڕاین و سەردانی زۆر شوێنی دیکەشمان ماوە، کوردییەکی سۆرانی باش قسە دەکەین، بۆ کەسێکی بیانی زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام هێشتا زۆرجار لێم دەپرسن خەڵکی تورکیام یان لە سووریاوە هاتووم؟

من و هاوسەرەکەم پێمان خۆش نییە لە کاتێکی ئەوها گرنگدا کوردستان بەجێبهێڵین. بەڵێ زۆر شوێنی ناسەقامگیرە، وەکو ئەو ناوچانەی کە پێیاندەگوترێت "کێشە لەسەرەکان" وەکو شاری کەرکووک کە شارێکی گەورەی کوردییە.

هەرچەندە بینینی توندوتیژی خۆشحاڵمان ناکات، بەڵام پێمان خۆشە کە دەبینین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکەوتووانە پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان دەکەن و لە زۆر حاڵەتدا ئەو ناوچانە دەگرنەوە کە پێشتر لە لایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێرا لێیان داگیر کرابوو.

شانازی بە کوردستانەوە دەکەین کە نەک تەنیا داڵدەی نزیکەی 300 هەزار کوردی ڕۆژئاوای داوە، بەڵکو داڵدەی دەیان هەزار ئاوارەی ناوخۆی عێراقی داوە، کە لە شارەکانی ئەنبار و بەمدواییانەش لە شاری موسڵ و ناوچەکانی دیکەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

هەر لە ساڵی 2003 بوو، کە هەرێمی کوردستان بۆ هەزاران ئاوارەی کریستیانی بەغدا، ئارامترین شوێن بوو. هەر لەو کاتەشەوە هەزارەها ئاوارەی کریستیان ڕوویان لە شارۆچکەکانی کوردستان، وەکو شەقڵاوە و عەینکاوە و گوندە مەسیحییەکانی ناوچەی موسڵ کردووە. زۆر لە ئێزدییەکان کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین چەندین مانگە داوای هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت. هەروەها زۆر لە عەرەب و تورکمانەکانیش هەست بە سەلامەتی زیاتر دەکەن بە بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکانیان.

دوای ژیان لە شوێنێکی مەزنی وەکو ئێرە کە زۆر کەس هەر ناوێرێت سەردانی بکات، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئەو ئەزموونەی کە لێرە بینیومە هاوڕێ و دۆستەکانمی پێ ئاشنا بکەم. زۆر شت هەیە باس بکرێت و خۆشبەختانە وێنەمان هەیە تا پیشانیان بدەین، چیرۆکی زۆری ئەو کەسانەمان لایە کە لێرە پێیان ئاشنا بووین تا بیانگێڕینەوە.

لەگەڵ تەواوبوونی یەکەم گەشتمان بۆ کوردستان یەکەم چاپتەرمان لە کوردستان کۆتایی پێدێت، دڵتەنگین کوردستان بە جێدەهێڵین. بەڵام خۆشحاڵ و گەشبینین بە داهاتووی کوردستان، جارێ خوا حافیز کوردستان.

---



کارزان کۆیی

نامەیەک بۆ بارزانی

## بمبەنە سەنگەری پێشەوە

پێشمەرگە ئەو ناوە پیرۆزەیە بەخۆمی ڕەوا نابینم پێناسەی بکەم، کەسیش نییە بتوانێ پڕاو پڕ پیرۆزی ئەو ناوە لە گوتارێکدا لەچوارچێوە بگرێ، بەڵام زۆر لە بەرپرسانی ئەم هەرێمە لەماوەی ڕابردوودا و لە بۆشایی ناعەدالەتی و لێ نەپرسینەوەو بێ ویژدانی خودی خۆیاندا بەردەوام بەرهەمی ماندووبوونی پێشمەرگەو شەهیدانیان خواردووە، کار گەیشتە ئەوەی بە میلیشیا ناویان بردن.

ئەم نادادپەروەرییە لەشاخیشدا پەیڕەو دەکرا، زۆر لە بەرپرس و کادیر و فەرماندەکان لە ماڵی ئاغا و کوێخای گوندەکان خوانیان بۆ دەڕازایەوە، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانیش لە هەوار و دەوار و کەپر و مزگەوت و ماڵە هەژاران دەمانەوە.

ئێستاش ئەوەتا زۆربەی باخ و کۆشک و باڵەخانەکان، خاوەنەکانیان بەرپرس و بەچکە بەرپرسن.

براو برازاو خوشکەزاو خزمانی بەرپرسان دادەمەزرێن بە پلەی جۆراو جۆر و مووچەیان بۆ دەچێتە ماڵەوە، بەڵام خێزانی شەهیدانی پێشمەرگە قارەمانەکان و شەهیدە زیندووە کەمئەندامەکان بۆ چەند هەزار دینارێک لەبەر بانکەکاندا پۆلیس بەدار سەرەیان پێدەگرێ بۆ وەرگرتنی مووچە.

وەلێ لەگەڵ بوونی ئەم هەموو نادادپەروەرییە ئەمڕۆ پێشمەرگە قارەمانەکانمان بە ورەیەکی پۆڵایینەوە سەنگەری بەرگریان گرتووە.

باش بزانن پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکان ئێوە سەربەرزتر و بوێرترن لەئێمە. سەربەرزی و سەرفرازی هەر بۆ ئێوەیە. خەجاڵەتی و سەرشۆڕیش بۆ ئەو خانەنشینکراوانەیە کە بە پلەی تایبەتی سەربازی خانەنشین کراون بێ ئەوەی فیشەکێکیان لە سەنگەری بەرگریدا تەقاندبێ. بەڵام ئێوە نازانن چەند گەورەو بەڕێزن لەدڵی ئێمەدا.

من وەک ئەفسەر لە دادگای شۆڕش بووم، پێنج ساڵ نەفی کرام بۆ هۆڕەکانی چبایش لە ناسریە، چەندین ساڵیش لەهێزی ناوخۆدا بە پلەی ئەفسەر لە خزمەت نیشتیماندا بووم.

لە شەڕی خۆکوژیشدا لەبەر ئەوەی نەتەوەییانە دەمڕوانییە ڕووداوەکان و هەڵوێستم وەرگرت خانەنشین کرام. بەڵام ئێستا ملم کەچە لەئاست هەڵوێستی شێرانەی ئێوەدا.

من بەسەر بەرزی دەزانم لەبەرەی گەلدا بم، بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بەهیچ لایەنێک نیم. بۆیە دەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماچ دەکەم بۆ ئەوەی بەبڕیارێک بمگەڕێنێتەوە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە نەک وەزارەتی ناوخۆ. تا شەرەفی بەشداری کردن بە دەست بێنم لە سەنگەری پێشەوەدا، وەک ئێوەی پێشمەرگە ببمە خاوەن ڕێزی گەل.

لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان. من وەک شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک، بەشانازیتری دەزانم بە هەردوو کچەکەم بگوترێ کچە شەهید یا کچە پێشمەرگە . نەک کچە شاعیر یا نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

---



ئەحمەد ڕەفیق کەریم*
ahmadrafiqkarim@yahoo.com

## ناوچە کوردستانییە تازە ئازادکراوەکان

لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و پاشتر لە مادەی 140ی دەستووری عێراقدا ئەو ناوچانەی لە ڕووی کارگێڕییەوە ململانێی لەسەربوو ناونرا بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان (المناگق المتنازع عليها).

پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (11) دا کە ڕۆژی 2013/4/24 گرێ درا، بڕیارێکی دەرکرد. پاشتر بە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 2013 لە لایەن هەرێمی کورردستانەوە دەرچوێنرا. لە ژمارە (163)ی وەقائیعی کوردستان لە 2013/5/30 بڵاوکراوتەوە. دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم) لە بری دەستەواژەی (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) بەکاردێت.

دوای ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتەوە زۆربەی خاکی کوردستان، کە بە بەشێکی دانەبڕاومان دەزانی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کارگێڕی ئەو ناوچانە بەپێی مادەی 140 لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە بەڕێوەدەبرا.

لەئەنجامی سەرهەڵدانی جەنگێکی نوێی تایفی بەرفراوان لە عێراقدا و لە دەستدانی دووەم گەورەترین پارێزگا (موسڵ) لە عێراق و چەندین قەزاو ناحیەی دیکەی لە چوار پارێزگای دیکەی سوونەنشین، هێزەکانی حکومەتی عێراق (سەرباز، پۆلیس و هەواڵگری) بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەر بوو پاشەکشەیان کرد، ئەمە جگە لەوەی هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستانی بە هەوڵی پێشمەرگە قارەمانەکان گەڕێندرانەوە باوەشی نیشمان.

وەک دەزانین ئێستا لە زۆر لەو ناوچانەی کە پێشتر بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسێنرابوون، هیچ داو و دەزگایەکی فەرمی حکومەتی عێراقی تێدا نەماوە، بۆیە دەبێت ئەو بۆشاییە ئیدارییە و ئەمنییەی کە لەو ناوچانە دروستبووە، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پڕبکرێتەوە.

ئەگەر دەسەڵاتی کارگێڕی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگاتە هەر ناوچەیەک ئیدی بۆ دەبێت ئەم ناوچە بە ناوچەی ناکۆکی یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناو بەرین، لە کاتێکدا پێشڕەوی چەکدارانی سوونە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایەو هەنگاو بە هەنگاو لە بەغدا نزیک دەبنەوە. بەگەیشتنی جەنگ بۆ بەغدا شتێک نامێنێت بە ناوی حکومەتی عێراقی یەکگرتوو بە دەستوورەکەشییەوە، حکومەتی بەغدا بە عەمەلی هەڵوەشاوەتەوە، چونکە لەپار ساڵەوە نەیتوانیوە قەزای فەللوجەی هاوسێ و سنووری بەغدا بهێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ئەمە جگە لەوەی دەیان هەزار کیلۆمەتری لە خاکەکەی لەدەستداوە.

ئەوەی زۆر گرنگە لەڕووخانی حکومەتی عێراقی بە زۆر بەیەکەوەلکێندراودا ئەو پارچە کێکەی کە بەر کورد دەکەوێت چەندە؟ ئەمەش دەکەوێتە سەر ژیری و ستراتیژ و یەکێتی لایەنە سیاسییەکان و سەرکردایەتی کورد.

بۆیە پێشنیاز دەکەم دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییە تازە ئازادکراوەکان) لە بری دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم) بەکاربهێنرێت.

* مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (316) دووشەممە 2014/6/30

## هەڵکەوت زاهیر ئاواز بۆ قورئان دادەنێت



**ڕووداو- هەولێر**

بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر سێ ئەلبوومی قورئان بە دەنگی قورئانخوێنانی هەولێر تۆمار دەکات و دەڵێت گۆڕانکاری لە خوێندنی قورئاندا کردووە. لەمبارەیەوە هەڵکەوت زاهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشێوازێکی نوێ کارم بۆ سێ قورئانخوێن کردووە، کە گۆڕانکاریم لە ئەدا و خوێندنەوەی قورئان کردووە. سیدی یەکەم لە 3 کاژێر خوێندنی قورئان پێکهاتووە و سیدی دووەمیش لە 2 کاژێر پێکهاتووە، بەڵام سیدی سێیەم بۆ گەنجێکی شاری هەولێرە چەند ئایەتێکی قورئانم بە ستایلی خۆم بۆ تۆمارکردووە". هەروەها هەڵکەوت زاهیر ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەم سێ سیدییەی پێشکەشی زانکۆی ئەزهەر کردووە لە میسر زۆر شێوازی ئەویان بەدڵ بووە.

# کوردەکانی حەسەن هاتن



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- دهۆک**


هونەرمەند حەسەن شەریف گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە تۆمار دەکات و لە گۆرانییەکەدا موژدەیەک دەداتە خەڵکی کوردستان.

حەسەن شەریف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "(کورد هاتن) ناوی ئەم گۆرانییەیە کە مژدەی سەربەخۆیی کوردستان بە خەڵکی دەدات". گۆرانییەکە لە پەیڤ و ئاوازی ئەمین بۆتانییە لەم ڕۆژانەدا بڵاودەکرێتەوە.

"کورد هاتن، خەونی هەزاران ساڵەی گەلی کوردە کە دەمێکە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەکەن، بۆیە دەبیندرێت ڕۆشنایی خۆری کوردستان لە ئاسمانی کوردستان بەم نزیکانە دەدرەوشێتەوە". حەسەن شەریف وایگوت.

بڕیارە لەم ڕۆژانە کلیپێک بۆ گۆرانییەکە بکرێت، کە دیمەنەکانی بریتین لە ئەرشیفی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستا. حەسەن شەریف لەو بارەیەوە دەڵێت "بەهۆی نەبوونی پارەوە ناچارین ئەم کلیپە بەشێوەیەکی سادە بکەین".

# لەنجە باخەوانە



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنە گۆرانیبێژ لەنجە عەلی کۆتایی هێنا بە وێنەگرتنی نوێترین کلیپی خۆی بە ناوی باخەوان، کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی محەممەد ماملێ.

لەنجە عەلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم گۆرانییە لە ئاواز و تێکستی محەممەد ماملێیە و بەبۆنەی یادی مامڵێوە تۆمارمان کردبوو، کۆتاییمان بە وێنەگرتن هێناوە و ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژدایە".

کاری دەرهێنانی کلیپەکە فەرمان محەممەد جێبەجێی کردووە و دابەشکردنی گۆرانییەکەش زانا ساڵح کردوویەتی.

# ئالان بووە دیجیتاڵ



**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەندێکی شێوەکار لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە تابلۆی ڕەنگاورەنگی هونەری بەرهەم دێنێت و لە چوارەمین پێشانگای تایبەتی خۆیدا لە سلێمانی نمایشیان دەکات.

ئالان عەلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هونەرێک کە ئێستا لە دنیادا کاری لەسەر دەکرێت و بووەتە جێی سەرنجی بینەر بە گشتی، بە دیجیتاڵکردنی کاری شێوەکارییە، واتە لەڕێی هونەری شێوەکاری و هونەری فۆتۆگرافییەوە بەرهەم دێت و ڕێبازی سوریالی، ئەپستراکت، مۆنیپۆڵەیشن،فۆتۆکرەیتف".

ئالان گوتیشی "دڵخۆشم بەوەی کە بینەر بە تامەزرۆییەوە پێشوازی لەم کارانە دەکەن، نەک بە تەنیا بینەری ئاسایی بەڵکو هونەرمەندانیش پێشوازی لەم کارانە دەکەن".

کارەکانی ئالان لەم پێشانگایەدا 44 تابلۆ بوو، کە بەرهەمی 2 ساڵ کارکردنیەتی. پێشانگاکە بە سپۆنسەری کۆڕەک تیلیکۆم بووە.

# ئیسلام باسی پێشمەرگە دەکات



**ڕووداو- زاخۆ**

چەند هونەرمەندێکی شاری زاخۆ سروودێک پێکەوە تۆمار دەکەن بۆ هاندانی هێزەکانی پێشمەرگە و دەڵێن ئامادەن بچنە بەرەکانی شەڕ و بەرگری لە کوردستان بکەن.

ئیسلام زاخۆیی کە بەشدارە لە گوتنی ئەو سرودەدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "(ئێمە هەموو پێشمەرگەین بۆ شەڕ ئامادەین) ناوی ئەم سروودەیە کە بەهاوکاری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان-لقی زاخۆ بەرهەم هاتووە، لە ئاوازی عەبدولقەهار و تێکستی ئەحمەد هەسنییە".

ئیسلام زاخۆیی ناوی گۆرانیبێژەکانی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "هونەرمەندان عەبدولقەهار زاخۆیی، حاجی زاخۆیی، ڕێکێش سەیرانی، دەلال زاخۆیی، عەدنان ساڵح و بەندە بەشداری ئەم سروودەمان کردووە و لەم ڕۆژانەدا بڵاوی دەکەینەوە".

# ئەمیتاب باوکیەتی



**ڕووداو- mbc**

ئەستێرەی بۆلیوود دیبیکا بادیکون لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگی هیندی ئەمیتاب باتشان ڕۆڵی کچ و باوک لە دوو فیلم دەبینن و دیبیکا دەڵێت لە ڕاستیشدا وەک باوکم وایە.

دیبیکا لە کاتی وێنەگرتنی نوێترین فیلمی خۆیدا رایگەیاند "لە ساڵی 2011 لە فیلمی Aarakshan ڕۆڵی کچی ئەمیتابم بینی، ئەمجارەش بە فیلمێکی دیکە بەناوی Piku دیسان دەبیمەوە کچی ئەمیتاب، بەراستی کارکردن لەگەڵ ئەمیتاب شانازییەکی گەورەیە، من جگە لە نێو کاری هونەری ئەمیتاب بە باوکێکی ڕاستەقینە دەبینم و زۆر شتی لێوە فێربووم، کە هەرگیز لە بیر ناکرێت".

# هەیفا عادل ئیمام دەبەزێنێ



**ڕووداو- ڕویترز**

بەهۆی بەشداریکردنی هەیفا وەهبی لە درامایەکی میسریدا کەناڵەکان کێبڕکێیان بوو لەسەر کڕینی ئەم درامایە، بۆ یەکەمجاریشە 150 ملیۆن جونەی میسری بە درامایەک بدرێت، کە دراماکەی هەیفا پێش درامای عادل ئیمام کەوت.

ئەمساڵ درامای میسری پێشڤەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینی دوای ئەوەی چەندین ئەکتەری بەناوبانگی عەرەبی بەشداریان لە درامای میسریدا کرد، هەیفا وەهبیش یەکێک بوو لەو کەسانەی بەشداری یەکەمین درامای میسری کرد، بەناوی کەلام عەلا وەرق، بەم هۆیەشەوە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی میسر درامایەک بەم پارە زۆر بکڕدرێت، کەچی دراماکەی عادل ئیمام کە بەناوی ساحب سەعادەیە 120 ملیۆن جونەی میسری پێدراوە.

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

# بەختی ڕووداو



**کاوڕ**
هەست دەکەیت هەندێک لە هەنگاوەکان زەحمەتن، بەڵام لە کاتی هەنگاونان ئاسان دەبن. بەشداری ئەو چالاکیانە بکەن کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کەسایەتیتان. کارێک دەکەن بۆ داهاتوو سوودی لێوەربگرن.

**گا**
هەندێک جار بەهۆی قسەکانی خۆتەوە دژایەتی دەکرێی، بەتایبەت لەم ماوەیەدا. ژیریتان بەکاربهێنن کاتێک دەکەونە کێبڕکێ. لەماوەکانی داهاتوو چەند ئاواتەکانیشتان گەورەبێت بۆتان دەگاتە ئەنجام. دیارە زۆرەکان بیرۆکەکانت دەوڵەمەند دەکەن.

**جمک**
دەسکەوت و دارایی زۆر دەبێت و بە وەرگرتنی دیارییەک ئاسوودە دەبیت. سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو کارانە دەبن کە ئێستا ئاواتی بۆ دەخوازن. بەختت لەخۆشەویستی دەکرێتەوە.

**قرژاڵ**
لەئێستاوە تاکۆتایی ساڵ باری داراییتان ڕوو لە باشبوون دەبێت، هەندێکتان دەوڵەمەند دەبن. ئەم هەفتەیە هاوڕێیەکی نوێ دەناسن بەتەواوی سەرنجتان ڕادەکێشێت. دەتوانن کارەکانتان ڕێکبخەنەوە و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنن.

**شێر**
هەرچەندە پەلە بکەیت، کارەکان بەسروشتی خۆیان بەڕێوە دەچن، هەست بە ڕەشبینی دەکەیت، بەڵام لەداهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکاری خۆش ڕوودەدات لە ژیانتدا. نزیکبوونەوە لە کەسێک بیرکردنەوەت دەگۆڕێت.

**گوڵەگەنم**
بڕوابەخۆبوونێکی بەهێزت هەیە کە ئەوەندەی دیکە کەسایەتی جوان و بەهێز کردوویت، لەوە زیاتر بەبیرکردنەوە سەرقاڵ مەبە و دەست بەئەنجامدانی کارەکانت بکە. هەنگاوی یەکەم بەرەو ئاواتەکانت برۆ هەنگاوەکانی دیکە ئاسانن.

**تەرازوو**
پلەو پایەی کۆمەڵایەتیتان بەرزدەبێتەوە. دەرامەت پێویستی بەهەوڵی زیاترە. هاوبەشەکەت زیاتر لەپێویست بابەتەکان گەورە دەکات، پێویستە هێمنی بکەیتەوە. دەتوانی کاری زیاتر بکەیت بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت.

**دووپشک**
پەیوەندییەکانت لەگەڵ شوێنە دوورەکان زیاد دەکات و ڕەنگە ڕێکەوتی کەسێک بکەیت کە گرنگیت پێدەدات. ماوەیەکی نوێ لەژیان دەستپێدەکەن و بەختەوەری دەبێتە هاوڕێت. بەشێک بەختەوەریت لەسۆزداری بۆ دەکرێتەوە.

**کەوان**
کارەکانتان ڕوولەزیادبوون دەکەن و دوایان مەخەن. تەندروستیت پارێزراو دەبێت. هێز و چالاکیەکی زیاترتان دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەندێک لەپرۆژە گرنگەکانتان، فرسەتێکی کارکردنتان بۆ دەرەخسێت لەدەستی مەدەن.

**کارژۆڵە**
ڕووبەڕووی کەسانێک دەبیتەوە کە هاوکاریت دەکەن، هاوبەشەکانتان و ئەو کەسانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن بەگرنگییەوە لەبیرو بۆچوونەکانتان دەڕوانن، بەڵام سەرنجتان ڕادەکێشن و دەتانخەنە ژێر کاریگەری خۆیان.

**سەتڵ**
لەبارەی سۆزدارییەوە هەست بەئاسوودەییەکی تەواو ناکەن. کارەکانتان پشتگوێ مەخەن ئەگەر دەستکەوتتان بەلاوە گرنگە. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لەو بابەتانەی پێویستە فێری ببن.

**نەهەنگ**
کاتە بەتاڵەکانت بەبابەتی بەسوود پڕبکەرەوە، کاتەکانی داهاتوو فرسەتی بەختەوەری زۆری تێدایە و سەرقاڵتان دەکات. بڕواتان بەخۆتان هەبێت. خۆشەویستەکەت دڵنیا بکەرەوە.

تەنیا لە مانگێکدا

# 1.500.000 بەرمیل نەوتی کوردستان بەتانکەر هەناردەکراوە





( فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ڕووداو – هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارەم ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بڵاوکردەوە، کە بریتییە لە چالاکییەکانی ئەو وەزارەتە لە مانگی کانوونی دووەمی 2014. بەپێی ڕاپۆرتەکە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ئەمساڵەوە ڕۆژانە 236 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمیان هەبووە. ڕاپۆرتەکە پێنج بەش لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: بەرهەمی نەوتی خاو و پاڵاوتن، تێکراکانی مانگانە بەرهەمهێنان و پاڵاوتن، گەشەی هێزی کاری ناوخۆ، گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، ژمارە و چالاکی سەکۆی بیرهەڵکەندن، چالاکی هەڵکەندنی بیرە نەوت.

## بلۆکی خورمەڵە زۆرترین بەرهەمی هەبووە

لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا، بڕی بەرهەمی نەوتی خاو، بڕی هەناردەکراو و پاڵێوراو خراوەتە ڕوو. بەپێی خشتەی بەرهەم، کێڵگەی نەوتی خورمەڵە، کە لەلایەن کۆمپانیای کارەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە سەرەتای ئەمساڵ زۆرترین بڕی غاز و نەوتی بەرهەمهێناوە، کە 2،609،073 بەرمیل بووە. دوای ئەویش تی تی ئۆپکۆ بە 2،601،783 بەرمیل دێت، پاشانیش DNOی نەرویجی دێت، کە 1،175،237 بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە.

بۆرییەکەی کوردستان نەوتی دوو کۆمپانیای پێدا تێپەڕیوە

بەپێی ڕاپۆرتەکە لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، تەنیا دوو کۆمپانیا نەوتیان لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە کردووە، ئەوانیش کۆمپانیای DNOی نەرویجی 396،210 بەرمیل و، کۆمپانیای تی تی ئۆپکۆ 75،047 بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی ئەو بۆرییەوە هەناردە کردووە.

بەڵام زۆر لە کۆمپانیاکانی دیکە لە ڕێگەی تانکەرەوە نەوتیان هەناردە کردووە لەوانەش گەلف کیستۆن 260،798 بەرمیل، دانا غاز 438،222 بەرمیل، تی تی ئۆپکۆ 737،445 بەرمیل.

جگە لەوەش زۆر لە کۆمپانیاکان هەر لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەشێک لە بەرهەمەکانیان فرۆشتووەتەوە لەوانەش: دی ئێن ئۆ 665،567 بەرمیل. گەنەل ئێنێرجی 8،971 بەرمیل. گەلف کیستۆن 7،618 بەرمیل. ئەفرن 29،728 بەرمیل. تی تی ئۆپکۆ 745،564 بەرمیل و خورمەڵە 751،202 بەرمیل.

تاکە کۆمپانیایەک کە بەرهەمەکەی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ هەناردە کردبێت کۆمپانیای دانا غاز بووە، کە بڕی 961 بەرمیل بووە.

بەشێک لەو نەوتەی بەرهەمهاتووە نێردراوە بۆ پاڵاوگەکان، لەوانەش دی ئێن ئۆ 165،624 بەرمیلی ناردووە، خورمەڵە 1،852،082 بەرمیل و تی تی ئۆپکۆ 1،043،594 بەرمیلی ناردووە.

## بەرهەمی مانگێک 7 ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل بووە

دروشمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان "بەرەو یەک ملیۆن بەرمیلە". بەپێی قسەی بەرپرسانی وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و مانگی دادێ ئەو ژمارەیە دەگەیەنێتە 400 هەزار بەرمیل. ساڵی داهاتووش 1 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. بەپێی پلانی وەزارەت ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2018 دەگاتە 2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003ەوە دەستی بە بەرهەمهێنانی نەوت کردووە، کە ئەوکات لە مانگێکدا تەنیا 32 هەزار و 995 بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە. بەڵام بەپێی دوایین ئامار بەرهەمی نەوتی کوردستان لە مانگی یەکی 2014 گەیشتووەتە 7 ملیۆن و 316 هەزار و 850 بەرمیل لە مانگێکدا. ئەم بڕەش دەکاتە 236،028 بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تاوەکو ئێستا 50 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا (ناوخۆ و بیانی)یەکان واژۆ کردووە، بەڵام تاوەکو مانگی یەکی ئەمساڵ تەنیا 26 کۆمپانیا گەیشتوونەتە قۆناخی دۆزینەوەی نەوت و بەرهەمهێنان، ئەوانی دیکەش خەریکی گەڕانن بە دوای نەوتدا.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە مانگی یەکدا تەنیا کۆمپانیاکانی وەک DNO، گەنەل ئێنێرجی، خورمەڵە، تی تی ئۆپکۆ، گەڵف کیستۆن، ئەفرن و دانا غاز بەرهەمیان هەبووە.

## بۆرییەکەی کوردستان 471 هەزار بەرمیلی پێدا ڕۆیشتووە

ساڵی ڕابردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە دانانی بۆری گواستنەوەی نەوت بۆ تورکیا، لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو 40 هەزار و 927 بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی ئەو بۆرییەوە نارد بۆ تورکیا. بەڵام تەنیا لە مانگی یەکی ئەمساڵ 471 هەزار و 257 بەرمیلی لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان هەناردە کردووە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی 2012ەوە دەستی بەهەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تەنکەرەوە کردووە. بەپێی ئاماری وەزارەت لە ساڵی 2012دا مانگانە 62.464 بەرمیل نەوت لەو ڕێگەیەوە هەناردە کراوە. هەروەها لە ساڵی 2013دا مانگانە 940.238 بەرمیل و لە مانگی یەکی 2014شدا 1،436،465 بەرمیل لە ڕێگەی تەنکەرەوە هەناردە کراوە. واتە ڕۆژانە زیاتر لە 46 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی تەنکەرەوە هەناردە کراوە.

## نەوتی کوردستان بۆرییەکانی عێراق تەڕ ناکات

کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە مەسەلەی نەوت گەیشتنە لوتکە و حکومەتی بەغدا بڕیاری دا بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، کاتێک هەرێمی کوردستان بڕیاری فرۆشتنی نەوتەکەی خۆی دا لە ڕێگەی تەنکەر و بۆری کوردستان. ئامارەکان دەریدەخەن کە پێدەچێت چیدی بۆرییەکانی عێراق بە نەوتی کوردستان تەڕ نەبن. بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008دا بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ (somo) نەوتی خۆی هەناردە کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی 2008 مانگانە 27.392 بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە کردووە، دواتر ئەو بڕە زیادی کردووە و لە ساڵی 2012 مانگانە گەیشتووەتە 2.042.268 بەرمیل، بەڵام لە ساڵی 2013 کە ساڵی چڕبوونەوەی ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا بوو لەسەر دۆسیەی نەوت، هەناردەی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە مانگانە تەنیا 717 بەرمیل نەوت بووە. لە مانگی یەکی ئەمساڵیش تەنیا 916 بەرمیل نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە هەنارده کراوە، ئەویش بەرهەمی کۆمپانیای دانا غاز بووە.

## 64%ی کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوت خۆماڵین

کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە هەزاران دەرفەتی کاریان دابین کردووە، سوودمەندی یەکەمیش لەو دەرفەتانە هێزی کاری ناوخۆیە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، تاوەکو مانگی یەکی ئەمساڵ 4566 کرێکار لە کۆمپانیاکانی نەوت دامەزراون، لەوانەش 2872 یان کرێکاری خۆماڵین، کە دەکاتە 64%.

کێڵگەی نەوتی خورمەڵە، کە لەلایەن کۆمپانیای کار ئێنرجییەوە بەڕێوەدەبرێت، زۆرترین دەرفەتی کاری بە کارمەندی خۆماڵی داوە. لە کۆی 422 کارمەندی کێڵگەکە 418یان خۆماڵین، واتە بەرێژەی 99%. دوای ئەویش کۆمپانیای HKN دێت کە 213 کارمەندی کۆمپانیاکە 173یان خۆماڵین، واتە بەرێژەی 81%. کۆمپانیای دانا غازیش بە پلەی سێیەم دێت، کە لە کۆی 514 کارمەندی کۆمپانیاکە 399یان خۆماڵین، واتە بەرێژەی 78%.

بەڵام کۆمپانیای گازپرۆم کەمترین دەرفەتی کاری بە کارمەندی ناوخۆیی داوە، لە کۆی 57 کارمەندی کۆمپانیاکە تەنیا 9 کارمەندیان ناوخۆیین، واتە بەرێژەی 16%. دوای ئەویش کۆمپانیای ئەفرن دێن، کە لە کۆی 56 کارمەندی کۆمپانیاکە 13یان خۆماڵین، واتە بەرێژەی 23%.

## گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ماوەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی زۆرترین گلەیی بووەتەوە لەسەر ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت کردوونی، کە لە جۆری "گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش"ە (Production Sharing Contracts)، ئەمەش بە پێچەوانەی گرێبەستەکانی حکومەتی عێراقە، کە لە جۆری گرێبەستی خزمەتگوزارییە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتی مانگەی خۆیدا (کانوونی دووەمی 2014) گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەشی ڕوونکردووەتەوە و دەڵێت "لە پیشەسازی نەوت و غازدا، گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، جۆرێکی باوی گرێبەستن لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکانی گەڕان و بەرهەمهێناندا ئیمزا دەکرێن، بۆ دیاری کردنی ئەوەی چەند لە بەرهەم دەچێت بۆ هەر لایەک".

گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1950 لە بۆلیڤیا کاری پێکراوە، بەڵام تا ڕاددەیەک جۆرێکی باو نەبوون تاوەکو ئەمدواییانە، ئێستا ئەمجۆرە گرێبەستە زاڵە بەسەر ڕێککەوتنەکانی نەوت و غاز، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

وەک لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا هاتووە "بەپێی ڕێوشوێنی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کۆمپانیای گەڕان و بەرهەمهێنان ریسکێکی دارایی لە ئەستۆ دەگرێت، تا ئەو کاتەی دۆزینەوەی (نەوت و غاز) بەدیدەهێنێت.

ئەگەر دۆزینەوە بەدی نەیەت، هیچ تێچوونێک نادرێتەوە بە کۆمپانیای گەڕان و بەرهەمهێنان، بەڵام ئەگەر کۆمپانیاکە نەوتی دۆزییەوە و دەستی کرد بە بەرهەمهێنان، کۆمپانیاکە ڕێی پێدەدرێت پارەی نەوتی بەرهەمهاتوو بەکاربهێنێت بۆ دانەوەی تێچوون و خەرجی چالاکییەکانی.

بەمەش دەڵێن: "نەوتی دانەوەی تێچوون". ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە پێیدەڵێن (نەوتی قازانجکردن" و دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکەدا، کە لەباری نموونەییدا ڕێژەی 80%ی بۆ حکومەتە و ڕێژەی 20% بۆ کۆمپانیاکەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە باری نموونەییدا نزیکەی ڕێژەی 90%ی بۆ حکومەتە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تاوەکو ئێستا 50 گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت واژۆ کردووە. یەکەم گرێبەستی لەو جۆرەشی لە ڕۆژی 2006/12/22 لەگەڵ کۆمپانیای شیفرۆن بووە لە بلۆکی ڕۆڤی.


دوایین گرێبەستیشی هەر لە گەڵ هەمان کۆمپانیا بووە لە 2013/6/11 لە بلۆکی قەرەداخ.

| سەرجەمی بەرهەمی نەوتی هەرێم - (BOE) تێکراکانی مانگانە | |
|---|---|
| 2003 | 32.995 |
| 2004 | 13.383 |
| 2005 | 30.645 |
| 2006 | 42.189 |
| 2007 | 127.018 |
| 2008 | 259.764 |
| 2009 | 1.307.421 |
| 2010 | 2.290.315 |
| 2011 | 5.685.957 |
| 2012 | 6.392.179 |
| 2013 | 6.538.627 |
| 2014 | 7.316.860 |

| هەناردەی نەوت لە ڕێی (سۆمۆ)وە (BOE) - تێکراکانی مانگانە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 27.392 |
| 2009 | 572.529 |
| 2010 | 181.399 |
| 2011 | 3.103.523 |
| 2012 | 2.042.268 |
| 2013 | 717 |
| 2014 | 916 |

| هەناردەی نەوت لە ڕێی هێڵی بۆری هەرێمەوە – لە ئەمباردایە (BOE) - تێکراکانی مانگانە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 0 |
| 2009 | 0 |
| 2010 | 0 |
| 2011 | 0 |
| 2012 | 0 |
| 2013 | 40.927 |
| 2014 | 471.257 |

| هەناردەی نەوت لە ڕێی تانکەرەوە – ئاڵوگۆڕپێکردن (BOE)- تێکراکانی مانگانە | |
|---|---|
| 2003 | 0 |
| 2004 | 0 |
| 2005 | 0 |
| 2006 | 0 |
| 2007 | 0 |
| 2008 | 0 |
| 2009 | 0 |
| 2010 | 0 |
| 2011 | 0 |
| 2012 | 62.464 |
| 2013 | 940.238 |
| 2014 | 1,436,465 |



# لەگەڵ بیستنی ناوی "هیوا" دەترسن

## پزیشکێکی نەخۆشخانەی هیوا:
## 400 تووشبووی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی هیوا چاک بوونەتەوە

**سەروەر سالار و ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو – سلێمانی**

خێڵان سەعید، 34 ساڵ، کاتێک سەرەتا پێیانگوتووە لە نەخۆشخانەی هیوا هەندێک پشکنین بکە، زۆر ترساوە، چونکە پێشتر وایزانیبوو ئەوەی ڕەوانەی ئەو نەخۆشخانەیە بکرێت، شێرپەنجەی هەیە، بەڵام دوای دەرچوونی ئەنجامەکان، هیچ ترسێکی نەماوە. خێڵان داوا لە هاووڵاتیان دەکات کاتێک دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەی هیوا، ترس دایاننەگرێت و ئاسایی وەری بگرن.

ترسان لە شێرپەنجە "کانسەرفۆبیا" لە ئەدەبیاتی زانستی پزیشکیدا زاراوەیەکی ئاشنایە، پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ئەرۆنۆویتز، پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسیی زانستی دەڵێت "هەندێکجار ترسانی کەسێکی ئاسایی لە شێرپەنجە، ژیانی لەو کەسە زیاتر تێکدەدات کە لە ڕاستیدا شێرپەنجەی هەیە".

نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، بەهۆی ئەوەی شوێنی دەستنیشانکردن و چارەسەری شێرپەنجەیە، زۆرکات لە بری هیوا، ترس بۆ خەڵکیی دروستدەکات، لەکاتێکدا مەرج نییە ئەو کەسەی ڕووی تێدەکات شێرپەنجەی بێت، شێرپەنجەش ئەو دێوەزمەیە نییە کە زانستی پزیشکی بێدەسەڵات بێت لە ئاستیدا.

دکتۆر دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ڕۆژانە 300 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکەمان بکەن، ئەوا 100-150 کەسیان نەخۆشییەکی ئاساییان هەیە و تووشبووی شێرپەنجە نین، کەچی کە لە نەخۆشخانەکانی دیکەوە بە نەخۆشێک دەڵێیت لە نەخۆشخانەی هیوا ئەم پشکنینانە ئەنجام بدە، بە حاڵێکی زۆر خراپەوە و لەگەڵ خزم و کەسوکاری هاتووە و گوایە شێرپەنجەی هەیە و لە مەترسی دایە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە نەخۆشییەکی زۆر سادەی هەبووە".

نەخۆشخانەی هیوا، لە ساڵی 2007 دامەزراوە و تا ئێستا 15 هەزار کەس چارەسەریان لەوێ وەرگرتووە. بەپێی ئاماری نەخۆشخانەکە، 30%ی نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە دێن.

نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، هۆکاری مردنی ژمارەیەکی زیاتری خەڵکین لەچاو شێرپەنجە، بەجۆرێک لە ساڵی 2012 دا بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی 17 ملیۆن کەس بەو نەخۆشییانە مردوون، بەڵام لە هەمانساڵدا هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە لە جیهاندا هۆکاری مردنی 8 ملیۆن کەس بوون. کەچی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن ئەو خورپەیەی لە ناخی خەڵکیدا دروست ناکەن، کە شێرپەنجە دروستی دەکات.

دکتۆر فەهمی عەلی عەزیز، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان پێیوایە جگە لە نزمی ئاستی هۆشیاری تەندروستی هاووڵاتیان، خەڵکی ترسێکی زۆریان لە توانا کەوتن و لەجێدا کەوتن هەیە "تۆ تەماشاکە لە کوردەوارییدا کاتێک یەکێک دەچێتە لای نەخۆشێک و سەرەخۆشی و دڵنەوایی دەداتەوە پێیدەڵێت خوا کەنەفت و زەلیلی ناو جێگات نەکات، ناڵێت خوا شیفات بدات".

ئەو پسپۆڕە دەروونییە پێیوایە هۆکارێکی دیکەی ترس لەو نەخۆشخانەیە ترسی تێچوونی ماددی زۆری نەخۆشی شێرپەنجە و بیستنی چیرۆکی خەمناکی ئەو کەسانەیە، کە تووشی جۆرە کوشندەکانی شێرپەنجە بوون.

بەڵام نەخۆشیش هەن، دڵخۆشن لەو چارەسەرییانەی لە نەخۆشخانەی هیوا وەری دەگرن. کافیە سەلام، 40 ساڵ، لەبارەی چیرۆکی خۆی لەگەڵ نەخۆشخانەی هیوا، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا کە پشکنینەکانم دەرچوون دەترسام، بەڵام ئێستا کە چارەسەرییەکان وەردەگرم، زۆرباشم و ناشترسم".

خەڵک وادەزانن تاکە ئومێد بۆ سەردانیکەرانی نەخۆشخانەی هیوا ئەوەیە پێیانبگوترێت تووشبووی شێرپەنجە نین. بەڵام پزیشکەکان دەڵێن بۆ تووشبووانی شێرپەنجەش، ئومێد هەیە و ژیان بەردەوامە.

دکتۆر دانا عومەر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە دەڵێت "هەندێک لە خەڵکی وەک دێوەزمە بۆ شێرپەنجە دەڕوانن و نەخۆشخانەی هیوا بە شوێنی مردن دەزانن، ئەمە بۆچوونە بۆ شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕاست بوو، بەڵام ئێستا زانست پێشکەوتووە و چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجە قۆناخی باشی بڕیوە".

دکتۆر دانا کە ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ تووشبووانی شێرپەنجەدا هەیە بە (ڕووداو)ی گوت "300-400 نەخۆشم هەبوون، کە شێرپەنجەیان هەبووە، بەڵام دوای چارەسەر بە تەواوی چاکبوونەتەوە".


( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )


**دکتۆر ئیکرام حوسێن**
Ikram_dent@yahoo.com

## کۆلیژە پزیشکییەکان دابخەن

ئەگەر وەزیرەکان هەموو دەسەڵاتێکی سەرۆک وەزیر یان تەنانەت جێگرەکەشیان هەبووایە، ئەگەر ئەندام پەرلەمان مافی سەرۆک پەرلەمانی هەبووایە، ئەوا کابینەکەی حکومەت هەر 5 خولەکێکی دەویست بۆ ئەوەی پێکبێت.

شتێک هەیە پێیدەگوترێت ماف، وەزارەتی تەندروستی خەریکی یارییەکی ترسناکە لە نێو پێکهاتەکانیدا، مافی توێژێک دەداتە توێژێکی دیکە و دواتر دەیکاتە بڕیار و سەرۆکی حکومەتیش واژووی لەسەردەکات، لەوەش خراپتر، بڕیارەکەی حکومەت بۆ دەرمانفرۆشتن یاسا شکێنییە و یاسای ژمارە 8ی ساڵی 1999 ی پەرلەمانی کوردستان ورد و خاش دەکات، بڕگەی 1 لە ماددەی 7ی ئەو یاسایە دەڵێ "جگە لە پزیشکی دەرمانساز، کە ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانە، کەسی دیکە بۆی نییە مامەڵە بە دەرمانەوە بکات".

کاتی خۆی وەزیرێکی تەندروستی هاتووە و لەبەر خاتری خاترێنە، هەر گوندێک شێخێکی تێدابووبێت بنکەیەکی تەندروستی بۆ کردووەتەوە، ئێ خۆ پزیشک بەشی ئەو هەموو گوندە ناکات، ئەوەش ناکاتە ئەوەی ئێستا کارمەندە بەڕێزەکان بتوانن کاری پزیشکی دەرمانساز یان هەر پزیشکێکی دیکە بکەن، کە ئێستا دەیکەن.

لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت، لە هیچ کون و قوژبنێکی دونیادا نییە یاریدەدەری پزیشکان و یاریدەدەری دەرمانسازان و پەرستیارانی کۆلێژ و پەیمانگا، وەک لە بڕیارەکەدا هاتووە، دەسەڵات و مافی فرۆشتنی دەرمان و کەرەستەی پزیشکییان هەبێت، واژووی سەرۆکی حکومەتیش لەسەر بڕیارەکە بێت.

وەزیرەکانی پێشووی تەندروستی گوتوویانە 5 هەزار دەرمانخانەی "نایاسایی" هەن، بەڵام ئێستا ئەو بەو بڕیارە دەیانکەنە یاسایی، ئەوانە تەنیا دەرمانخانەش نین، بگرە لە نۆرینگەش زیاترن، لە سەیدسادق شوێنی لەو بابەتە هەیە نەک هەر دەرمان دەفرۆشێ، نەخۆشیش دەخەوێنێ و چیشی بوێ بۆی دەکات، دەبووایە وەزارەتی تەندروستی و حکومەت، لە جیاتی دەرکردنی بڕیاری نایاسایی، نەخۆشخانەکانیان هێندە ئاوادانکردایەتەوە، خەڵک نەک تەنیا ئیشی بە دەرمانفرۆشی لاکۆڵان نەبووایە، بەڵکو ئیشی نەکەوتایەتە نۆرینگەی پزیشکانیش.

نیوەی کۆتایی ساڵی 2014 یە و دەرمانی دژە بەکتریا لە نێو دوکانی لاکۆڵانا دەفرۆشرێ، لە هەر شارۆچکەیەکدا چەند ددانسازێکی ئێرانی قووتبونەتەوەو هەرچی بێت بە خەیاڵیان لە ددان و دەمی خەڵکی دەکەن، مەلا عەلی بە ئاشکرا میزی حوشتر دەرخواردی خەڵک دەدات، دەک ڕووی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕەش بێت وەک قەرەبرووت، کە دەڵێ لە سیستمی پزیشکی خێزانی هەرێمی کوردستان ڕازییە، لە هەولێر تەنیا یەک سەنتەری پزیشکی خێزانی هەیە بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس، مەگەر پزیشک بیت ئەوجا دەزانی پێویستت بە کام جۆری پزیشک و نەخۆشخانەیە، ئیتر نازانم چۆن لێی ڕازییە؟

کاتێک شتێک نەمێنێ ناوی پسپۆڕی و تایبەتمەندێتی کارکردن بێت، ماف بە بڕیاری یاسا شکێن ببەخشرێتەوە، ئیدی کۆلێژی پزیشکیمان بۆچییە؟ کۆلێژە پزیشکی و دەرمانسازییەکان دابخەن و بیانکەنە نەخۆشخانەی ئەهلی، یان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرە پسپۆڕەکەی وەزارەتی کشتوکاڵدا ئیشێکیان بۆ بدۆزنەوە.

# هەموو شتێک دەربارەی ڕەپنەبوون



**ڕووداو– ئاژانسەکان**

هەندێک لە پیاوان بەدەست ڕەپنەبوونی چووکیان دەناڵێنن، بەڵام پێویست ناکات خەفەتی پێوە بخۆن. دەتوانیت بە کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی تووشبوون بەو حاڵەتەدا، بەسەر گرفتەکەدا زاڵ ببیت.

### هۆکارەکانی ڕەپنەبوون

– **خەمۆکی:** مێشک ناوچەیەکی هەستیارە بۆ ئارەزووی سێکسی، وروژاندنی سێکس لە سەرەوە دەستپێدەکات، لەوێوە کاردەکات و بەرەوخوار شۆڕدەبێتەوە. خەمۆکی دەبێتە هۆی خراپکردنی ئارەزووی سێکسی و نەهێشتنی ڕەپبوون.

ئەوەی سەیرە ئەو دەرمانانەی دەبنە هۆی نەهێشتنی خەمۆکی، هەروەها دەشبنە هۆی کەمکردنەوەی توانای ڕەپبوون، هەروەها دەشبنە هۆی درەنگ گەیشتن بە ئەوپەڕی چێژ.

– **خواردنەوە کحولییەکان:** لەوانەیە وابیر بکەیتەوە خواردنەوەی کحولی مێشکت کەمێک هێور بکاتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەوە کاری سێکسکردن قورس بکات، کحولە قورسەکان بن، کە کاردەکەنە سەر ڕەپبوون، بەڵام کاریگەرییەکەیان کاتییە.

– **دەرمان:** ئەو دەرمانانەی بەکاریان دەهێنی و لە شوێنی هەڵگرتنی دەرمان هەڵتگرتوون، لەوانەیە لە ژووری نوستن خراپ بەسەرتدا بشکێنەوە، لیستێکی دوورودرێژ لە دەرمان دەبنە هۆی ڕەپنەبوون، لەوانەش دەرمانی دابەزاندنی فشاری خوێن، ئازار شکێنەکان و دژە خەمۆکییەکان، هەروەها ماددە هۆشبەرەکانیش پیاو لە پیاوەتی دەخەن.

– **فشاری دەروونی:** ئاسان نییە لە ژێر فشاری دەروونی کار و لێپرسراوێتیدا بیت و دەروونێکی ئارامیشت هەبێت. فشاری دەروونی دەتوانێ کاریگەری لەسەر تێکڕای ئەندامەکانی جەستەت دروستبکات، زیاتر لەسەر ئەندامی نێرینەش، پێویستە شێوازی ژیانت بگۆڕیت بە ئاراستەی کەمکردنەوەی فشاری دەروونی، بە وەرزشکردنی ڕێکخراو و بەردەوام، خەوتن بە ڕێژەی پێویست، پشوو وەرگرتن لە دوای ماندووبوونی زۆر.

– **تووڕەیی:** تووڕەیی دەبێتە هۆی کێشکردنی خوێن بۆ دەموچاو، بەڵام دووری دەخاتەوە لەو شوێنەی تۆ پێویستت پێیدەبێت لە کاتی سێکسدا، ناتوانیت تووڕەش بیت و ڕۆمانسیش بیت لە هەمانکاتدا، ئەگەر تووڕەبوونەکەت بەرامبەر هاوبەشەکەت بێت یان نا، تووڕەبوون لە ژووری نووستندا تۆڵەت لێدەکاتەوە.

– **دڵەڕاوکێ:** بوونی دڵەڕاوکێ دەربارەی ئەوەی ناتوانی لە ژووری نووستندا ئەنجامی بدەیت، کارەکەت لێقورستر دەکات، تەنانەت دڵەڕاوکێ لە بەشەکانی دیکەی ژیانیشتەوە، درێژدەبێتەوە بەرەو ژووری نووستن و کارەکە تێکدەدات، هەموو ئەو دڵەڕاوکێیانەش ژیانی سێکسی خراپ دەکەن .

– **ورگ:** بوونی چەند کیلۆیەکی زیادە لەسەر لەش، کاریگەریی خراپ لەسەر ئەنجامدانی سێکس دروستدەکات، ئەوەش نەک هەر تەنیا لە ڕێگەی نەمانی متمانە بەخۆبوونەوە، بەڵکو پیاوە قەڵەوەکان ڕێژەیەکی کەمتر لە هۆرمۆنی نێرینەیان هەیە، کە گرنگە بۆ ڕەپبوون و ئەنجامدانی سێکس. قەڵەوبوون دەشبێتە هۆی بەرزکردنەوەی فشاری خوێن و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی نەڕۆیشتنی خوێنی تەواو بۆ چووک و ڕەپنەبوونی.


– **خۆبەکەمزانین:** کاتێک لەبەردەم ئاوێنە دەوەستیت و حەزت لە شێوەی خۆت نییە، ئەو بڕوایەت لا دروستدەکات کە هاوبەشییە سێکسییەکەشت ئارەزووت ناکات، بوونی ڕای نەرێنی لەسەر شێوازت، تەنیا ترسی ئەوەت لا دروستناکات خراپ دەردەکەویت، بەڵکو دڵەڕاوکێی ئەنجامدانی سێکسیشت لا دروستدەکات.

– **تەندروستی گشتی:** زۆر حاڵەتی تەندروستی هەیە کاریگەرییان لەسەر دەمارەکان، ماسولکەکان، ڕۆیشتنی خوێن دەبێت بۆ کرداری ڕەپبوون. شەکرە، بەرزی فشاری خوێن، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ڕەپنەبوونی چووک هەیە. نەشتەرگەری پرۆستات و میزڵدان، لەوانەیە کاریگەری بەجێبهێڵن لەسەر ئەو دەمارو بۆرییە خوێنانەی کۆنترۆڵی ڕەپبوون دەکەن.

### چارەسەری ڕەپنەبوون

لەوانەیە جێگای شەرمبێت باسی ژیانی سێکسیت بۆ پزیشک بکەیت، بەڵام ئەوە باشترین ڕێگای چارەسەرە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی سۆزداری و ڕازیکردنی هاوسەرەکەت، پزیشک دەتوانێ بە وردی هۆکارەکە دیاری بکات و ڕێگای چارەسەرکردنت بۆ دیاری بکات. لەوانەیە لە ڕێگاکانیشدا دابەزاندنی کێش و وازهێنان لە جگەرەی تێدابێت، یان پێویست بە بەکارهێنانی دەرمانی ڕەپکردن، یان هۆرمۆن بکات، یان هەر شتێکی دیکە پزیشک بە پێویستی بزانێت.

# ڕێنمایی تەندروستی بۆ ڕەمەزان



**ئا: لاپەڕەی تەندروستی**

ڕۆژووگرتن ئەگەر لە ڕووی تەندروستی و ئیمانییەوە سوودی هەبێت، ڕەنگە بۆ هەندێک کەس زیانی هەبێت، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی باری تەندروستیان خراپە، بەڵام ساخەکانیش پێویستیان بەڕێنماییە، بەو پێیەی لە ڕەمەزاندا ژەمەکانی خواردن و گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و ژەمێکی خواردن کەم دەبێتەوە.

– ئەگەر هەر نەخۆشییەکی درێژخایەنت هەیە، ڕاوێژ بە پزیشکەکەت بکە، کە ئاخۆ ڕۆژوو زیان لە تەندروستیت دەدات یان نا.

– بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ ژەمەکانی ڕەمەزان دابڕێژە، کە تێیدا بڕی پێویستی ڕەگەزە خۆراکییەکان و شلەمەنی پێویست وەربگریت، واتە بیر لە کوالیتی ژەمەکانت بکەوە نەک زیادکردنی بڕەکانیان.

– لە پارشێودا خۆراکی هەمەڕەنگی پرۆتینی، کاربۆهیدراتی ئاڵۆز و بڕێکی زۆر ئاو بخۆنەوە. بۆ نموونە: هێلکەیەک، نانێک، چەند قاشە پرتەقاڵێک، چەند گوێزێک و چەند پەرداخێک ئاو.

– لە سەعاتە هەرە گەرمەکانی ڕۆژدا، چالاکیی قورسی جەستەیی ئەنجام مەدە.

– لەکاتی ڕۆژوو شکاندندا زۆر مەخۆ. باشتر وایە سوود لە خۆراکە سروشتییەکان وەربگریت بۆ ڕۆژوو شکاندن، وەک خورما، شیر، شەربەتی سروشتی. پاشان کەمێک پشوو بدە، ئینجا ژەمێکی ئاسایی بخۆ، کە پرۆتینی پێویستی تێدابێت. هەوڵبدە لە کاتی ڕۆژوو شکاندنەوە تا کاتی نووستن 8 پەرداخ ئاو بخۆیتەوە، بەڵام لەسەرخۆ.

– دوای ڕۆژوو شکاندن چا و قاوە و سۆدا کەم بخۆرەوە.

– لە شەوانی ڕەمەزاندا میوە و بادام بخۆن و دوور بکەونەوە لە شیرینی دەستکرد و چوکلێت.

– شەوانی ڕەمەزان وەرزشی سادە بە ڕێکوپێکی بکەن، وەک بەپێ ڕۆیشتن بۆ ماوەی 20 خولەک.

– لە زۆر خواردنی خۆراکی چەور و قورس دوور بکەونەوە، چونکە دەبنە هۆی دڵەکزێ و تێکدانی کرداری هەرس.

– ڕەمەزان هەلێکی گرنگە تا بە هەمیشەیی ماڵئاوایی لە جگەرە و خواردنەوە کحولییەکان بکەیت.

# "5%ی چەکدارانی ناو موسڵ داعشن"

**یودیت نورینک**
**رووداو – سلێمانی**

ئەو ئاوارانەی کە لە تکریت و سامەڕاوە روو لە کوردستان دەکەن دەڵێن جیهان لۆمەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەکەن بەوەی کە ئەوان هەوڵدەدەن دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراق دروست بکەن، بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە. ئەوان دەڵێن ئەوەی کە جیهان نازانێت ئەوەیە کە شۆڕشێکی سوونی بەڕێوەیە بۆ رزگارکردنی عێراق لە چنگی سەرۆک وەزیرانە شیعییەکەی.

سوونەکان بەهۆی ترسی دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی ناوچەکانی خۆیان بەجێ ناهێڵن، بەڵکو لە ترسی توندوتیژی هەڵدێن. ئەوان لە ترسی شەڕی نێوان سەربازەکانی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی و ئەو چەکدارانە هەڵدێن، کە جیهان بە چەکدارانی دەوڵەتی داعش ناوزەدیان دەکەن و بە لقێکی ئەلقاعیدە دەیانژمێرن.

سائیر، کە خۆی خێزانەکەی لە ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە شتومەکەوە گەیشتبوونەتە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "داعش تەنیا رووکەشێکە". دوای ئەوەی کە شەڕ گەیشتە شار و شارۆچکەکانیان نزیکەی 6000 خێزان لە تکریت و سامەڕاوە لە ماوەی چەند رۆژێکدا گەیشتنە سلێمانی. ئێستا کە زۆربەی مۆتێل و هۆتێلە هەرزانەکان پڕ بوون، سائیر و خێزانەکەی هێشتا بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن تا شەوی تێدا بکەنەوە.

"کەس پێیوانیە کە ئەم چەکدارانە داعشن". ئەو بە ئاشکرا دەڵێت "ئێمە دەزانین کە ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشێکن لە سوپای پێشووتری سەدام. ئەوان شۆڕشگێڕان و موجاهیدی نین".

بە بۆچوونی سائیر، تەنیا 5%ی چەکدارەکان سەر بە داعشن. ئەم بۆچوونە لای زۆر لە ئاوارەکانی ئەو ناوچانە بەدی دەکرێت. کە پرسیاری داعشیان لێدەکەیت بێزار دەبن.

رۆکانی تەمەن 18 ساڵان کە ئەویش لەگەڵ خێزانەکەی لە گوندێکی نزیک تکریتەوە هەڵهاتووە دەڵێت "ئەمە دەعوەتی مالیکی بوو" ئەو دەڵێت چونکە "بەلای ئەوەوە هەموو سوونەیەک داعشە. ئەو ئێمە بە دوژمن دەزانێت".

هەندێک لە ئاوارەکان دەڵێن مالیکی داعش وەکو پڕوپاگەندە بەکاردێنێت و وەکو مەترسی بۆ سەر عێراق ناویان دەبات تاوەکو پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ خۆی راکێشێت. ئەمەش هۆکارێک دەداتە دەستی ئێران تاوەکو تەداخولی سەربازی بکات. لە چیرۆکی ئاوارەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەو چەکدارانەی کە شەڕی سوپای عێراق دەکەن نزیکەی 20 گروپن، داعش تەنیا یەکێکە لەو گروپانە.

دوای ساڵ و نیوێک لە خۆپیشاندان، سوونەکان مالیکی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مەزهەبەکەیانی پشتگوێ خستووە و زۆر لە سوونەکانی دەستگیر کردووە. مالیکی خۆپیشاندانەکانی سوونەکانی پشتگوێ خست و تەنانەت هێزیشی بەکارهێنا بۆ ئەوەی کە بێ دەنگیان بکات. تووڕەیی و نیگەرانی لەکاتێکدا گەیشتە لوتکە کە مالیکی جارێکی دیکە بوو بە کاندیدی سەرەکی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەمدواییەدا. سەربازەکانی سووپای پێشووتر و سەرکردەکانی خۆپیشاندانەکان پێکەوە کاریان لەگەڵ چەکدارە ئیسلامییەکاندا کرد، لە نێوانیشیاندا چەکدارەکانی داعش بۆ ئەوەی کە "موسڵ ئازاد بکەن". زۆر لە ئاوارەکان بەو شێوەیە وەسفی رووداوەکان دەکەن. دوای ئەمەش، ئینجا ئەفسەر و سەربازەکانی سووپای پێشوو کە لە قبوڵنەکردنیان لە سوپا شیعە تازەکەی عێراق تووڕەی کردبوون، هەروەها چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان و ئەندامانی حیزبی بەعس و تەنانەت ئەندامانی ئەو میلیشیایەی کە ئەمریکییەکان دروستیان کردبوو (هێزەکانی سەحوە) پەیوەندیان بەم گروپانەوە کرد.

لە تکریت، شوێنی لە دایکبوونی سەدام، چەکدارەکان لەلایەن رێکخراوێکەوە پێشوازیان لێکرا. رێکخراوەکە چەندین مانگ بوو بە نهێنی کاری دەکرد.

"هەرچییەک بێت لە مالیکی باشترە" ئەمە قسەی ئاوارەکانە. ئەمە هەروەکو ئەو قسەیەی زۆر لە عێراقییەکان دێت کە لە 2003دا دەربارەی سەدام حوسێن دەیانکرد. بەڵام دواتر رزگارکەرە ئەمریکییەکان دەسەڵاتێکی زۆرینەیان بۆ شیعەکان دروستکرد و ئەو دەسەڵاتەش سوونەکانی دەچەوساندەوە و ئێستا ئەوان جارێکی دیکە پەنا بۆ پیاوانی رژێمی پێشوو دەبەنەوە.

ئەمە روونە، چونکە هەرچەندە چەند گروپێکی دیکەی ئیسلامی دەستیان لە رووداوەکانی ئەمدواییانەدا هەیە، بەڵام هیچ لە ئاوارەکان لە دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی ناترسن.

"ئەوان نەزانن، نازانن رۆڵی ئیسلام چییە". عابد، کە مولازمێکی سووپای پێشووی عێراقە وایگوت. "ئێمە دەمانبینین ئەلکحولیان دەخواردەوە. ئەمە ئیسلامە؟" ئەنوەر ناوێک وای ووت. ئەو ترسەی کە لە رۆژئاوا دروستبووە دەربارەی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی ئیسلامی لای ئاوارەکان بوونی نییە. هەرچەندە زۆربەیان دیندارن، بەڵام ئەوان زۆر لە داعش بیرکراوەترن. بە ئەستەم یەکێکیان دەبینی خەونی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە لا هەبێت. عابد دەڵێت ناگات بەو ئاستە "کەم کەس پشتگیری لە داعش دەکات، ئەوانەش کە پشتگیری لە داعش دەکەن، لە ترسان پشتگیریان لێدەکەن".

بۆچوونی باوی زۆرینەی ئاوارەکان ئەوەیە کە هەر کە لە مالیکی رزگاریان بوو، کێشەی توندڕەوە ئیسلامیەکان بۆخۆی نامێنێت. خەڵکی سەیری رووداوەکانی موسڵ دەکەن، ئەو شوێنەی کە هاوپەیمانییەکی فرەلایەنەی سوونی ئارامی و ئاسایشی بۆ شارەکە گەڕاندەوە. ئەوان پێیانوانییە کە سەرکردەکان هەوڵی دڵڕاگرتنی خەڵکی بدەن، هەروەکو داعش لە سوریا، تا بتوانن حکومی ئیسلامی جێبەجێ بکەن.

ئێستا بۆچوونی سەرەکی لای ئاوارەکان ئاسانە بۆ تێگەیشتن. عابد بەمشێوەیە کورتی دەکاتەوە "هەرچییەک بێت باشترە لە مالیکی. پێویستمان بە حکومەتێکە کە پارێزگاریمان لێ بکات و یەکسانی بگەڕێنێتەوە".



ئەوانەی لە موسڵ هەڵدێن دەڵێن لە ترسی توندوتیژی هەڵدێن نەک داعش

(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

# مەسیحییەکان بە یەکجاری شارەکەیان جێدەهێڵن

**رووداو – بەردەڕەش**

"جێگەیەک بۆ ئەوان نییە لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا" ئەمە وتەی ئەو مەسیحیانەیە کە لە شاری موسڵەوە هەڵهاتوون بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

ئیمان و سەباح، دوو پەرستاری خەڵکی موسڵن، کە لە شێڵتەری کەنیسەی مار ماتی دەژین لە دووری 40 کیلۆمەتر لە شاری موسڵ. ئەوان گوتیان شارەکەیان جێهێشتووە چونکە چیدی ناتوانن لەوێ بژین "یاساکانی ئەوان جیاوازن لەوانەی ئێمە و هەر کەسێک سەرپێچی یاساکانیان بکات دەکوژرێت". یەکێکیان وایگوت.

لەترسی چەکدارە توندڕەوەکانی داعش و گرووپەکانی دیکە کە رۆژی 2014/6/10 شاری موسڵیان کۆنترۆڵکرد، زیاتر لە نیو ملیۆن کەس ئەو شارەیان جێهێشتووە.

لەنێو ئەوانەش بە هەزاران مەسیحی هەن کە هاتوونەتە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان. زۆر لەوان لە ترسی توندوتیژییەکان چەندین جار ئاوارەبوون و شارەکەیان جێهێشتووە.

"ئەمجارەیان ئیدی تەواو" زیاد کە خێزانەکەی لەگەڵ خێزانێکی دیکە لە ژوورێکی کەنیسەکەدا دەژین وایگوت "هەرکاتێک هەڵبژاردن دەکرا، دوای دوو هەفتە دەگەڕاینەوە. ئەمجارەیان جیاوازە. ئێستا دەبێت بەڕاستی بڕیاری گەڕانەوە بۆ ماڵ و حاڵمان لەبیر بکەین".

زۆر لەو مەسیحیانەی کە لە میوانخانە 35 ژوورییەکەی کەنیسەکەدا نیشتەجێ بوون بەمشێوەیە بیریان دەکردەوە. زیاتر لە 50 خێزان لە کەنیسەکەدا دەمێننەوە.

لەو پێنج هەزار مەسیحییەی کە لەشاری موسڵ ماونەتەوە ئەمجارەیان تەنیا چەند سەد کەسێکیان شارەکەیان جێنەهێشتووە. زۆریان چوونەتە گوندەکانی دۆڵی نەینەوا کە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دایە، یان چوونەتە گەڕەکی عینکاوەی شاری هەولێر.

هەفتەی رابردوو، رابەرەکەیان کە لە سووریاوە هاتبوو هیوای بەهێزی و خۆڕاگری بۆ خواستن و سەردانی کەنیسەکەی کرد ئاماژەی بە ئارامی ناوچەکە کرد، کە خەڵکەکەی پەنایان بۆ هێناوە.

بەمشێوەیەی کە ئیسلامیە توندڕەوەکان پێشوازیان لێکرا لەلایەن هەندێک خەڵکی شاری موسڵەوە هەندێکی دیکە لەترسی هاتنیان شارەکەیان جێهێشت، ترس و نیگەرانی لای مەسیحییەکان دروستکرد سەبارەت بە داهاتووی شارەکە. دوو پەرستیارەکە سەباح و ئیمان، فەرمانیان پێکراوە بگەڕێنەوە سەر کارەکەیان چونکە ئەو چەکدارانە دەیانەوێ بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و نەخۆشخانەکان بخەنەوە گەڕ، بەڵام ئەو دووانە لەترسی ژیانیان گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە نابن.

ئەوان تەنیا بە جلوبەرگەکانی بەریانەوە رایانکردووە و ماڵەکەیان بەکراوەیی جێهێشتووە، ترسی چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکانی شارەکەیان وایان لێدەکات نەگەڕێنەوە "چۆن بتوانین پارێزگاری لە کچەکانمان بکەین لەوێ؟" ئەمە ترس و نیگەرانی هەموو ژنەکانی دیکەی ناو کەنیسەکە بوو.

لەو ژوورەی کە دوو خێزانەکەی تێدا بوو، دەنگە دەنگی ساردکەرەوەکە ئەو شوێنەی پڕکردبوو لەگەڵ هەڵچنینی دۆشەکی نووستن لە کاتێکدا منداڵێکی بچووک لە باوکی دەپاڕێتەوە تا پارەی بداتێ بۆ کڕینی ئایس کرێم.

چیرۆکی رووداوەکانی موسڵ تەواوی ژوورەکەی گرتووەتەوە، بەتایبەت لەسەر بڵاوکردنەوە و سەپاندنی حوکمی شەریعە بەسەر خەڵکەکەدا، یەکێک لە یاساکان لێدانی 20 جەڵدەیە لەهەر پیاوێک کە نەچێتە مزگەوت لەکاتی بانگ و هەموو ژنێک دەبێت حیجاب بپۆشێ.

یەکێک لەو خێزانانەی گەڕابوونەوە موسڵ پێیانگوترابوو دەبێت مەسیحییەکان لەگەڵ بارودۆخەکەدا خۆیان بگونجێنن: دەبێت وازبهێنن لەهەموو رەمزێکی مەسیحییەت و دەبێت ژنەکانیان سەرتاپا خۆیان بپۆشن بە دەموچاویشیانەوە. ئەو خێزانە دووبارە شارەکەیان جێهێشتووەتەوە.

زیاد گوتی بەر لەوەی شارەکە جێبهێڵێ چەندین نامەی لەسەر کۆڵانەکان بینیووە کە بۆ ماڵە مەسیحییەکان فڕێدرا بوون، تێیاندا هاتووە یان دەبێت یاسا و فەرمانەکانیان قبوڵ بکەن یان دەبێت شار جێبهێڵن.

واباوە کە مەسیحییەکانی عێراق بە شانازییەوە باوەڕیان نیشان دەدەن، خاچ لە مل دەکەن و ماڵەکانیان بە هێماو وێنەی مەسیحییەت دەڕازێننەوە. بە گشتی ژنەکانیان لەسەر شێوازی رۆژئاوایی جلوبەرگ دەپۆشن، سەرپۆش و حیجاب لەبەرناکەن. بەزۆر گۆڕینی ئەم شتانە واتە گۆڕینی شێوازی ژیانیان.

مەسیحییەکان دەیانەوێ بزانن چی بەسەر شارەکەیان دێت. زۆر کەس پێشبینی شەڕ لە نێوان گرووپە جیاوازەکان دەکەن چونکە فەرماندە سەربازییەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان لە ململانێی دەسەڵاتدان.

یەکێک لە ئاوارە مەسیحییەکان گوتی "ئەو گرووپە چەکدارانە هیچ بەزەییان نییە. تەنانەت لە دراوسێکانی خۆشم دەترسم کە بمفرۆشن بە رفێنەرەکان". هەروەها دەترسن لە داهاتوویان: چی بەسەر ماڵ و موڵکەکەیان دێت؟ ئایا دەستیان بەسەردا دەگیرێ؟ وەک ئەوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر لە چەند بەشێکی بەغدا روویدا کاتێک مەسیحییەکان ماڵ و حاڵیان جێهێشت.

یەکێک لە ترس و نیگەرانیەکانیان دەربارەی گوزەران و ژیانیانە. ژیان لە کوردستانی عێراق گرانە و کارەکانیان لە موسڵەوە ناگوازرێتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. هەندێکیان خزم و خێزانیان هەیە لە دەرەوەی وڵات، کە فشاریان دەخەنە سەر بۆ کۆچکردن.

"ئێستا زۆر کەم بووینەتەوەو بە ئاسانی دەکرێینە ئامانج". یەکێکیان وایگوت.

ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق لە ساڵی 2003دا نزیکەی 1.5 ملیۆن بوو، بەڵام دوای رووخانی سەددام سەرهەڵدانی توندوتیژی لە عێراق ژمارەیان زۆر کەمبووەتەوە و زۆربەیان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، رەنگە تەنیا 35 هەزار کەسێکیان لە عێراق مابن.



(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

واباوە کە مەسیحییەکانی عێراق بە شانازییەوە باوەڕدارییەتیان نیشان دەدەن

چاوەڕوان دەکرێ زیاتر بن

# ئاوارەکانی عێراق ریکۆردی جیهانی تۆماردەکەن

**ئەلیکساندرا دی ستیفانۆ**
**رووداو– ژنێف**

عێراق یەکێکە لەو 10 وڵاتەی جیهان کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی هەیە. بۆ یەکەمجار لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ژمارەی ئاوارەکانی جیهان 50 ملیۆنی تێپەڕاند، ئەمە لەراپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە دەشڵێ ئەو ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بەهۆی قەیرانی عێراقەوە. کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) کە بنکەکەی لە جنێفە لەراپۆرتی ساڵانەیدا دەڵێ تاوەکو کۆتایی ساڵی 2013 زیاتر لە 51 ملیۆن کەس ناچارکراون بەزۆر ماڵ و حاڵیان جێبهێڵن و زیاتر لە 6 ملیۆن کەس لە ساڵی 2012. راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات کە 2.6 ملیۆن ئاوارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقایە.

راپۆرتەکە دەڵێ "ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران و ئەوانەی لە ناوخۆیی وڵات ئاوارە بوون لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆ یەکەمجار لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە 50 ملیۆنی تێپەڕند. جگە لەو ئامارەی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بڵاوکراوەتەوە بۆ ساڵی رابردوو، کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سووری عێراق رایگەیاند ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی قەیرانی ئەمدواییەوە لە موسڵ هەڵهاتوون 800 هەزار کەسە. ئەوانەی لە موسڵ هەڵهاتبوون بۆ هەرێمی کوردستان خەریکی گەڕانەوەن بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، چونکە دەگوترێ کە بارودۆخی موسڵ ئارامە سەرەڕای ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی داعش و هۆزە سوونە عەرەبەکان دایە.

سەرەڕای گەڕانەوەی هەندێک کەس بۆ موسڵ، UNHCR دەڵێ ئێستا 1 ملیۆن کەس لە عێراقدا ئاوارە بوون کە 500 هەزاریان خەڵکی پارێزگای ئەنبارن، کە بەشێکی زۆری لەژێر کۆنترۆڵی داعش و هۆزەکاندایە.

UNHCR هۆشیاری دەدات کە ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک قەیرانێکی مرۆیی گەورەی دروستکردووەو ئاوارەکان پێویستیان بە هاوکاری بەپەلەیە. نزیکەی 250 هەزار ئاوارەی سووری لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن. کوردستان بووەتە هەرێمێکی ئارام و پەناگا بۆ دەیان هەزار ئاوارەی باشووری عێراقیش کە لە ترسی توندوتیژیەکان هەڵدێن.


UNHCR دەڵێ قەیرانی سووریا هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان بووە کە تا ساڵی رابردوو 2.5 ملیۆن خەڵکی ناچار کردبوو وڵاتەکەیان جێبهێڵن و 6.5 ملیۆن لە ناوخۆی ئەو وڵاتە. لەپاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سووریا سێ ساڵ لەمەوبەر، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن کە هاوکاری و بایەخ بدەن بەو ژمارە زۆرەی ئاوارانە کە بە لێشاو دێنە سنوورەکانی.

بەڕەچاوکردنی ناوچەیی، ئاسیا و وڵاتانی ناوچەی زەریای هێمن زۆرترین ئاوارەیان هەیە کە ژمارەکە دەگاتە 3.5 ملیۆن کەس. وڵاتانی بیابانی سەهارای ئەفریقا 2.9 ملیۆن ئاوارەیان هەیە، هەروەها خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا 2.6 ملیۆن ئاوارەی هەیە.

بەگشتی، زۆرترین دانیشتووانی ئاوارە کە لەژێر چاودێری UNHCR بێت لە وڵاتانی ئەفغانستان و سووریا و سۆماڵە، کە پێکەوە نیوەی ژمارەی هەموو ئاوارەکانی جیهانن. هەروەها ئاماژە بەوەکراوە کە وڵاتانی پاکستان و ئێران و لوبنان لەو وڵاتانەن کە زۆرترین ئاوارەیان لەخۆگرتووە.

جگە لە ژمارەی ئاوارەکان، نزیکەی 1.1 ملیۆن کەس لە ساڵی 2013 داواکاریان بۆ مافی پەنابەری پێشکەش کردووە. لەو ژمارەیە زیاتر لە 25 هەزاریان منداڵن کە لە دایک و باوکیان یان چاودێریکەرەکانیان جیابوونەتەوە. هاووڵاتیانی سووری زیاتر لە 64 هەزار داوایان پێشکەش کردووە ئەم ژمارەیەش لە هەموو نەتەوەکانی دیکە زیاترە.

راپۆرتەکە لە رۆژی جیهانی ئاوارەکاندا بڵاوکراوەتەوە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن داوای کرد هەموو لایەک پەیمان نوێبکەنەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی سەربازی و یارمەتیدانی ئەوانەی بە زۆر ماڵ و حاڵیان جێهێشتووە. بان کی مۆن گوتی "تەنانەت ئەگەر یەک خێزانیش بەهۆی جەنگەوە پەرتەوازە بێت هێشتا زۆرە".



پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین*

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.. پرۆسەیە نەک دروشم

ماوەیەکە بابەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا ورووژاوە و لە دوای ڕووداوەکانی حوزەیرانیشەوە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی عاتیفی. زۆر لە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان وای دەنوێنن کەوا زەمینەساز بووە و بارودۆخی ناوچەکە گونجاوە، خودی هەرێمی کوردستانیش ئێستا ئامادەیە بازە گەورەکە بەرەو بەدەوڵەتبوون بدات. بەڵام لەڕاستیدا، لایەنی کوردی لە غەیری قۆستنەوەی هەلێکی سەربازیی و ئیستیغلالکردنی فەشەلی حکومەتی مالیکی، جۆرە کارێکی دەستپێشخەری ئەوتۆی نەکردووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی پرۆسەیەکی تۆکمەی سیاسی و یاسایی و سەربازی و ئابوورییەوە کاروانی سەربەخۆیی کوردی لەو بارودۆخە دژوارەدا، بە خێرایی و بە سەلامەتی، بگەیەنێتە دوا قۆناخ.

پرۆسەی دەوڵەتسازی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە کاری بێ وچانی دەسەڵاتدار و بڕیاردەران هەیە بۆ ئەوەی جارێ کورد بتوانێ بەسەر بەربەستە مەزنەکاندا زاڵ ببێ. ئەگینا ئەو جۆرە گوڕە پڕ لە عاتیفەیەی ئێستا مەترسی ئەوی لێدەکرێ کە لەو کاتە ناوەختەدا ڕووی هێرش و لوولەی تفەنگی دوژمنان، لە ژێر پاساوی ڕێگریکردن لە پارچەکردنی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەرەو هەرێمی کوردستان وەربسوورێ، و دەستکەوتەکانی ئەو دواییەش لەدەست بچن.

## لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان

زامنکردنی پشتگیری پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پردی متمانە لەگەڵیاندا، یەکێکە لە تەحەددا گرنگەکان. ئێستا بەهۆی ململانێی سیاسی و بەردەوامبوونی سیستەمی دوو ئیدارە و قەیرانی ئابوورییەوە، خەڵکی هەرێمی کوردستان لە دڵەڕاوکێدانە و ئاستی متمانەشیان بە دەسەڵاتی سیاسی هێشتا لە نزمی دایە، تاکە هۆکاری لێکترازیبوونەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەو ڕۆژگارەدا بریتییە لە سەرهەڵدانی دوژمنی دەرەکی. بێگومان ڕازی کردنی خەڵک لەڕێگەی تۆکمەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی و سەروەرکردنی یاسا و داهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کاتێکی زۆر دەخایەنێ. بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستان چاویان لەوەیە دڵنیا بکرێنەوە کە پەیامی سیاسی و هێزی عەسکەری لایەنەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە ئاستی قەیرانەکەدایە و سەرجەمیان لەسەر هەمان ستراتیژ کۆک و هەماهەنگن.

خەڵکی هەرێمی کوردستان ترسی گەورەیان لەوەیە کە ململانێی سیاسی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان جارێکی دیکە، وەک ساڵی 2003 ببێتە هۆی لەدەستدانی کەرکووک و ناوچە ڕزگارکراوەکان. هەروەها ترسیان هەیە کە بەهۆی دەستێوەردانی هێزە دراوسێکان، شەڕی داعش بەسەر کوردا فەرزبێ، ئەوجا شەڕی بەغداشی بێتە سەر. شاراوە نییە کەوا دوو زلهێزە ناوچەییەکەی دراوسێمان، بەرژەوەندی دژ بەیەکدیان هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆشیان لەسەر سیاسەتی حیزبەکانی گۆڕەپانی هەرێمی کوردستاندا هەیە. بەڵام بەرپرسیارێتی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە ڕێگە بە فراوانتر بوونی کەلێنەکان و لێکترازانی سیاسی هەرێمی کوردستان نەدەن. گرنگە کە سەرجەم حیزبەکان و سەرکردەکانیان لەبیریان بێ کە لە گۆڕەپاندا بە تەنیا نین و، بڕیارەکانیان کاریگەری لەسەر دۆخی ناوەکی و دەرەکی سەرتاپای هەرێمی کوردستان هەیە.

پێویستە لایەنە کوردییەکان حیسابی ورد بۆ هەڕەشە عەسکەرییەکانی هێزی توندڕەو بکەن، بەڵام حیسابێکی درێژخایەنیش بۆ دراوسێیەتی سوونەی نەتەوەپەرست و توندڕەو بکەن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەن لەگەڵیاندا دووچاری شەڕی مان و نەمان نەبنەوە. بەپێچەوانەوە، پێویستە هەوڵی نەرم کردن و ڕاکێشانیان بدەن بەوەی کە ڕووی لوولەی تفەنگەکانیان بەرەو هەرێمی کوردستان نەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، ڕەنگە پێویست بکات کەوا بە تەنسیقەوە لایەنی کوردی لەگەڵ سەرجەم هێزە سوننەکانی گۆڕەپان گفتوگۆ ئەنجام بدات. ئەو کارە ئاسا نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە.

پێویستە تەرکیز بخرێتە سەر وەدەستهێنانی پشتگیری سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستانی، بە کورد و غەیرە کوردەوە، بە تایبەتی لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکاندا. ئەو پشتگیرییە بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی کوردی و ئاسایشی گشتی زۆر گرنگە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە شێوازێکی نوێی فەرمانڕەوایەتی دروست نیشانی ئەو خەڵکە بدرێت کە تا ئێستا بەخۆیانەوە نەبینیوە. ئەوەش تەنیا لەڕێگەی سەروەرکردنی یاساوە دێتە کایەوە.

سەبارەت بە هێزی بەرگری و ئاسایشەوە، پێویستە بە خێراییەوە تۆڕی زانیاری پێویست لە ناوچە ڕزگارکراوەکان زامین بکرێت و توانای خەڵک بۆ زانیاری بەخشین بە هێزی کوردی بەرز بکرێتەوە. هێزی پێشمەرگەش کێشەی ڕاهێنان و ڕێکخستن و تەجهیزی هەیە، پێویستە ئەو کەموکوڕیانەی بۆ چارەسەر بکرێت تاوەکو بەرگەی هەڕەشەکان بگرێت. دەکرێت بەشێوازی فەرمی داوا لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بکرێت کە چەک و تەقەمەنی بدرێتە پێشمەرگە و هەماهەنگی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هێزی ئاسمانی ئەمریکی هەبێت تاوەکو بەشدار بن لەهەر شەڕێکی ڕووبەڕووی پێشمەرگە دەبێتەوە.

## لە بەغدا

لە خەڵک و سیاسەتمەدارانی بەغدا شاراوە نییە، کە کورد وا بە خێرایی بواری سەربەخۆبوونی بۆ دەڕەخسێ، بەشێک لە لایەنە عەرەبەکانیش لە قەناعەتەوە دان بە مافی سەربەخۆیی کورد دادەنێن، یان حەز دەکەن کوردیان لە کۆڵ ببێتەوە. جا دەکرێ هەوڵ بدرێ کە لە ڕێگەی بەغداوە و بەڕەزامەندی عەرەبەکانەوە کورد ریفراندۆم بکات و لە عێراق جیا ببێتەوە. لەو حاڵەتەدا بەغدا دەبێتە فاکتەری سەرخستنی پرۆسەکە و عێراق دەبێتە دراوسێیەکی گرنگ کە لە هەموو کاتێکدا کورد پێویستی بە مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەبێ.

بەڵام دیارە کە هێشتا بەغدا بۆ ئەو ئەنجامە ئامادە نییە، و ئامادەش نییە کە بە ئاسانی و بێ خوێن ڕشتنن دەست لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکان هەڵبگرێ. هاوکات، لەوە ناچێ کەوا هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش بەمزووانە بە دابەشکردنی عێراق ڕازی ببن و سەرجەمیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی عێراقەوە و لە بەغداوە کێشەکان چارەسەر بکرێن.

واتە، لەو حاڵەتەی ئێستا کە عێراق وا لاوازە و کوردیش لەڕووی وره و هێز و پێگەی سیاسییەوە بە تواناترە، پێویستە بە لانیکەمەوە لەڕووکەشدا سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بدیترێن کەوا پشتگیری لە پرۆسەی سیاسی و ڕەوتی دیموکراسیەت و ئاسوودەکردنی عێراق دەکەن. لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانن مەرجەکانی کورد بەسەر حکومەت و سەرجەم هێزە سیاسییەکانی عێراقدا فەرز بکەن و دەسەڵاتی کوردی بەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان بە فەرمی بچەسپێنن، و لە کاتی پێکهێنانی حکومەت و جێبەجێکردنی دەستووردا ڕۆڵی پێشڕەو ببینن. لە ئایندەیەکی نزیکیشدا داوای هەموارکردنی دەستوور بکەن و سیستەمێکی فەرمانڕەوایەتی نوێیان (بە شێوازێک کە نزیک بێ لە کۆنفیدراڵی) بەسەردا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری بۆ کورد زامن بکەن. هاوکات، دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەتا هەتایە کەم بکەنەوە و پۆستی سەرۆکی کۆمار هەمیشە بۆ کورد مسۆگەر بکەن و دەسەڵاتی ڤیتۆی گەورەتری پێ ببەخشن.

بە هەمانشێوەش، کورد دەتوانێ لەڕێگەی بەغداوە زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی باوەڕپێکراو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکات. ئێستا هەر جۆرە ریفراندۆمێک کە بە بڕیاری کوردی بکرێ چی جیاوازییەکی لەگەڵ ریفراندۆمە خۆماڵییەکەی جاری پێشوو نابێ و چی جۆرە شەرعیەت و ئیعتیرافێکی یاسایی و نێودەوڵەتی دەست ناکەوێ، بەغدا و هیچ وڵاتێکی دەرەکیش پێوەی پابەند نابن.

## لەگەڵ ئێران

ئێران یەکێکە لە زلهێزە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی جیهان، کە لە سەرجەم شەڕە بەرپابووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێ. لەوەتەی ئەمریکا ڕۆڵی پێشڕەوی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەستداوە، ئێران بووەتە تاکە بڕیاردەر لەسەر سیاسەتی بەغدا. ئێران تاکە زلهێزی دراوسێشە کە لە یەککاتدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەڕەشە، یان پشتگیریی کردن بۆ هەرێمی کوردستان.

دیارە کە ئێران تەنیا لەڕوانگەی ئاسایشی گشتی خۆیەوە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە وڵاتانی ناوچەکە، بە عێراق و سوریا و کوردستانی باشووریشەوە، دادەڕێژێ. بۆ ئێران زەحمەت نییە کە هەرێمی کوردستان بنکۆڵ بکات و بیخاتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی هاوکاری لەگەڵدا بکات. بەڵام ئەزموونیش نیشانی داوە کەوا سەرکردەکانی ئێران زۆر پراگماتین و لە حاڵەتی تەبایی پەیامی کوردیدا، مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ سەرکردە کوردییەکان دەکەن، بەمەرجێ لە دژی ئێران نەبن. بەردەوامکردنی دیالۆگی کوردی لەگەڵ ئێران و هەماهەنگی لە هەر شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ توندڕەوەکان گرنگە، هەروەها ئێران توانای گۆڕینی سیاسەتی بەغدای هەیە و دەکرێت لەڕێگەی پەیوەندییەکانیانەوە بڕیاری دژ بەکوردیش ئەگەر لە بەغداوە دەربچێت بگۆڕدرێت. واتە ئێستا بوونی ئێران وەک دۆستێکی کورد لە هەموو کاتێک گرنگترە و دەبێت کاری بێوچانی بۆ بکرێت.

## لەگەڵ تورکیا

ئێستا تورکیا بە پێچەوانەی ئێرانەوە، لەڕوانگەیەکی لۆژیکی سیاسی و ئابوورییەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان. لەڕوانگەی سیاسەتی چارەسەرکردنی کێشە کوردییە ناوخۆییەکانیشیەوە مامەڵە لەگەڵ باشووری کوردستاندا دەکات. بە کرداریش سەلماندوویەتی کەوا ئەو گۆڕانکاریانە لە سیاسەتی وڵاتەکەدا گەیشتووەتە ئاستێکی ستراتیژی وا کە چیدی بەگۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوەکی وڵاتەکە ناچێتە دواوە. بەو پێیەش لە کاتی هەڕەشەی عەرەبی توندڕەو یان بەغدا دوور نییە تورکیا بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکات. لەڕووی ئابوورییشەوە هاوکاری لە فرۆشتنی نەوت و دەستکەوتنی دراوەکەی بکات.

بەڵام هێشتا تورکیا بڕیارێکی سیاسی لوتکەیی وای لەخۆ نەگرتووە کەوا پێشوازی لە بڕیاری سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان بکات. ئەو جۆرە پێشوازییە پێویستی بە زەمینەسازییەکی زۆر زیاتر هەیە لەوەی کە ئێستا کراوە. خۆ بوونی تورکیا وەک بەدیلێک بۆ هەناردەکردنی نەوت و سەربەخۆکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان گوژمێکی دیکە بە هەرێمی کوردستان دەدات. گرنگە کە سیاسەتی وابەستەکردنی تورکیا و لکاندنی بەرژەوەندییەکانی بە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانەوە بەردەوام بێت.

## لۆبی دەرەکی

دەبێت دڵنیاکردنەوە و زامینکردنی پشتگیریی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ببێتە یەکێک لە ئەولەوییەتەکان. ئێستا لە غەیری دەوڵەتێکی وەک ئیسرائیل، هیچ دەوڵەتێکی دیکە بە زەقی لۆبی بۆ پارچەکردنی عێراق نەکردووە. پشتگیری ئیسرائیلیش بۆ سەربەخۆکردنی هەرێمی کوردستان مەوداکەی کورتە، چونکە ئەو وڵاتە تەنیا بەشێوازی هەلپەرستانە و لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئاسایشی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کوردی کردووە و بگرە لە پێچی گرنگیشدا پشتی بەرداوە. بۆیە ئیسرائیل جێگەی متمانە نییە و بگرە ڕەنگە ئەو پشتگیرییەیان بۆ دەوڵەتی کوردی کاردانەوەی نێگەتیڤی لێ بکەوێتەوە، وا بکات کە لۆبی عەرەبی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە پیلانێکی زایۆنی لە قەڵەم بدات. جا لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، هیچ دەوڵەتێکی دیکە جارێ ئامادە نییە کە مل بداتە بەر هەڕەشەکانی دژ بە کورد و بۆ پاراستنی کیانی کوردی.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانیان و کۆمەڵگای مەدەنی کوردی لە هەندەران ڕۆڵێکی مێژوویی لە لۆبی دەرەکیدا ببینن. هەوڵبدەن ڕای گشتی جیهانی و ڕای حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی وڵاتەکان بۆ بابەتی سەربەخۆیی کوردی ڕابکێشن. ئەمڕۆ حکومەتی عێراق و وڵاتە عەرەبییە نەژادپەرستەکانی پێشوو لە بارێکی وادانین کە ڕای گشتی لە دژی کورددا بجولێنن. لۆبی نەژادپەرستانەی تورکیش دەمێکە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا ون بووە. واتە بەربەستە هەرە مەزنە نێودەوڵەتییەکان وا خەریکە هەڵدەوەرێن. جا پێویست دەکات کە لەو نێوەدا لە جاران زیاتر، هەوڵەکانی لۆبی کوردی بە هەماهەنگی و لە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەردا لە مەمەڕەکانی دەسەڵاتی بڕیاردانا، لە واشنتن و بروکسل و لەندەن و پاریس و بەرلین و مۆسکۆ و پەکین و وڵاتانی دیمە، کار بۆ ڕاکێشانی دۆست و نەیاران بکەن و دڵنیایان بکەنەوە کە دەوڵەتی کوردی لە بەرژەوەندی سیاسی و ئاسایشی و ئابووری سەرجەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە.

## پەیام

لە مێژووی دێرینەوە، زەمینە و دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی بەقەد ئێستا نەڕەخساوە. لە ناوەوەی عێراق و لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا تێگەیشتنێکی زۆر و پشتگیرییەکی بێ هاوتا بۆ پێشوازی کردن و لە ئامێزگرتنی دەوڵەتی کوردی لە ئایندەیەکی نزیک، یان مام ناوەندیدا هاتووەتە کایەوە. دۆست و نەیارانی کورد تەسلیمی ئەو ڕاستییە بوونە کەوا بوونی کوردی باشوور بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ مەسەلە کاتە و هیچی دیکە. بەڵام لێرەوە هەتا ئەوکاتە، پێویستە ئەولەویەتی کورد ئەوە بێ کەوا بنەماکانی پتەو بکات، گرنگی زیاتر بە میکانیزم و پرۆسەی بەدەوڵەتبوون بدات، نەک بە لایەنی سۆز و گوڕی عاتیفی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە.

*** سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**

---



سلێمان عەبدوڵڵا یونس

# پارتی.. گرفتی بەردەم بارزانی

ڕاستە بارزانی، سەرۆک و مەرجەعی بێ ڕکابەری پارتییە و ئەو لە ڕاییبوونی بڕیارەکانی لەناو پارتیدا هیچ گرفتێکی شیاوی باسی نییە. بەڵام گرفتی بارزانی لەگەڵ پارتیدا، کاتێک بەڕوونی دەردەکەوێت، کە ئەو ئیجبارە بەوەی وەزیفە گەورە نیشتیمانییەکانی خۆی، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی وەزیفە و بەرژەوەندییەکانی پارتی ئەنجام بدات.

گرفتی گەورەی بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی ئەم قۆناغە هەستیارەی میللەتەکەیدا جگە لە پارتەکەی خۆی، گرفتی بەتەنیابوون و بێ هاوتابوون و بێ بوونی یارمەتیدەرێکی ئاستبەرزی چوون خۆیەتی. بەتایبەت کە بینیمان هەرێمە کوردییەکە لە غیابی هاوتا مێژوویی و سیاسییەکەی ئەودا، کە تاڵەبانی بوو، دەستەوستان بوو لە پەیداکردنی ئەلتەرناتیڤدا.

لەمپەربوونی پارتی بۆ سەرۆکەکەی، لەمپەربوونێکی بیست ساڵەیە. لەمپەربوونێکە لانیکەم لەمێژووی ڕاپەڕینەوە دەست پێدەکات و هەتا ساتەوەختی ئێستاش بەردەوامە.

لەمپەربوونێکە، کەوای کردووە لەزۆر وێستگەی مێژووییدا، بارزانی دەستەوستان بێت و لە زۆر کات و سات و قۆناغی مێژووییدا لە بەرامبەر هاوتا مێژوویی و سیاسییەکەی خۆیدا، کە مام جەلال بوو. ئەو موبادەرە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکان، لە پرسە جیا و جیاوازەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا، لە دەست بدات.

ڕەنگە لە مێژووی ڕاپەڕینەوە بوونی تاڵەبانی یارمەتیدەر بووبێت بۆ ئەوەی بارزانی بە تەنیشت ئەوەوە، سەرکردەی چارەی قەیرانەکان و ڕێبەری بەدیهێنەری خەون و خواست و دەستکەوت و بەرژەوەندییە کوردییەکان بووبێت. بەتایبەت کە هەرگیز لەو مێژووەدا، حیزبەکەی تاڵەبانی نەیتوانیووە بچووکترین ئاستەنگ بخاتە بەردەم موبادرە بەردەوامەکانی مام جەلال و هەمیشە ئەو لە پێناو سەرخستنی پرسە گشتییەکاندا، گۆچانەکەی لەهاوڕێ سەرکردە حیزبییەکانی خۆی ڕاوەشاندووە و لە جێگایەکدا وەستاندوونی، کە خۆی ویستویەتی لەپێناو کوردایەتیدا بەدەر لەویستی ئەوان بۆی بڕوات.

لێرەدا گرفتی بارزانی کاتێک زەقتر دەبێتەوە کە بێ تاڵەبانی و بێ هاوتایەکی سیاسی و نیشتیمانی لە هەرێمەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و قەدەرییەتی سەرکردایەتی قۆناغێک بکات، کە ڕەنگە سەختترین و چارەنوسسازترین و گرنگترین قۆناغی ناو تەمەنی بارزانی خۆی و ناو مێژووی دوور و نزیکی گەلەکەی بێت. قۆناغێک، کە قۆناغی بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەکەیەتی و لەبەرامبەر ئەوەشدا لەهەرکات زیاتر پارتەکەی بەدەر لەبەرپرسیارێتی و ناوبانگی بارزانی پێ لەسەر بەرژەوەندییە حیزبییە ئەبستراکتەکانی خۆی دادەگرێت و گرام بە گرام بەشوێن دەسکەوتە بچووکەکانییەوەیەتی.

ئەم تابلۆیە کاتێک زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە بارزانی وەکو ڕێبەری دیفاکتۆ سەرکردایەتی دیسکۆرسی یەکڕیزی کوردی دەکات و بەهێزێکی زۆرەوە تێدەکۆشێت کە لەسەر دەستی خۆی و لەزەمەنی ڕێبەرایەتیکردنی خۆیدا، دەوڵەتی کوردی دروست بکات و دەخوازێت ڕەشماڵێک هەڵبدات کە هەمووان بێنە ژێر سایە و سێبەری. کەچی لەولاوە، پارتی بەپێچەوانەوە هەنگاو دەهاوێژێت و ئامادە نییە بەگوێرەی قۆناغە نوێیەکە ڕەفتار بکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئیستیحقاقاتەکانی هەڵبژاردن، هەولێر وەکو پایتەختێکی کوردی هاوبەش، لەودیوی بەرژەوەندییەکانی پارتایەتی تەسکەوە بەڕێوەبەرێت.

بارزانی گرنگە گۆچانەکەی تاڵەبانی بۆ ساتێکی مێژوویی بخوازێت و چوون تاڵەبانی ئەو گۆچانە لە پارتەکەی خۆی و سەرکردە لۆکاڵییەکانی پارتەکەی ڕاوەشێنێت و جڵەوی بەرژەوەندییە بچووکەکانی پارتەکەی لە بەرامبەر بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمەکەی خۆی بگرێت و ڕێگە نەدات لە هەولێرەوە شەرعیەتی سەرۆکایەتی خۆی لە کەرکووک و سلێمانی و هەڵەبجەدا کەم بکاتەوە. شەرعیەتێک کە بۆ کورد پێویستە بارزانی هەیبێت.

شەرعیەتێک، کە گرنگە بارزانی دەرفەتی ئەوەی هەبێت تێیدا، هەموو سەرکردەکانی کورد بێ جیاوازی بخاتە ژێر چەتری سەرۆکایەتی خۆیەوە بە سەرکردەی هێزە ئیسلامییەکانیشەوە، نەک وەک ئەوەی لە هاتنی جۆن کێریدا ڕووی دا. شەرعیەتێک کە هێزە کوردییەکان لە هەر جێگایەکدا بێت جا ئەو جێگایە هەولێر بێت یان کەرکووک، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە. خەڵکی هەموو ئەو جێگایانە هەست بەبەرپرسیارێتی بارزانی و ڕەوایەتی دەسەڵاتەکانی بکەن.

لەم پێناوەدا گرنگە بارزانی وەکو سەرۆک و مەرجەعێکی کوردی باڵا بەر لەهەر شتێک بەرژەوەندی و بیرکردنەوە ڕێگرییەکانی پارتەکەی خۆی لە هەولێرەوە لەبەردەم جوڵە نەتەوایەتییەکانی لابەرێت!

---



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# کامەیە مۆدێلی ئێرانییەکان؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زۆر جێگای دونیا خاوەنی پێگەو نفوزە، هەر لە هەرێمی کوردستانەوە تاوەکو عێراق، سووریا، لوبنان و فەلەستین، لەولاشەوە قەوقاز و ئەفغانستان و هەندێکیش تەنانەت باس لە نفوز و پێگەی ئێران لە ئەمریکای لاتینیش دەکەن.

ئێران لە پێگە و جێپێکردنەوەدا بەتایبەت لەدوای جەنگی ئازادی عێراق بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕکابەری ئەمریکایی و ڕۆژئاواییەکان دەکات.

لە هەرێمی کوردستان، عێراق، سووریا و لوبنان، هاوتەریب بە پێگە و دەسەڵاتی ڕۆژئاواییەکان جێگەی بۆ پێگەو دەسەڵاتی خۆی کردووەتەوە. ئێرانییەکان لە هەندێک قۆناخ و وێستگەشدا توانیویانە تەنگ بە پرۆژەی ئەمریکایی و ڕۆژئاواییەکان هەڵچنن و پاشەکشەیان پێبکەن.

ئەگەر پێگە و نفوزی ئێران لە وڵاتێکی وەک لوبنان بە نموونە وەربگرین کە خۆی لە دەسەڵاتی حیزبوڵڵادا دەبینێتەوە، پرسیارێکی گرنگ ڕووبەڕووی کۆی پرۆسەی پاوانخوازی و "دەسەڵات فراوانیی" ئێرانییەکان دەبێتەوە، لەهەموو ئەو ناوچانەی کە وەک لوبنان ئێرانییەکان دەسەڵاتیان تێدا هەیە.

پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەو مۆدێلە سیاسی و فەرهەنگی و ژیارییە چییە و کامەیە کە ئێرانییەکان لە ڕێگەی بوون و دەسەڵاتیان لەو ناوچانەی تێیدەچن دەیانەوێ بیچەسپێنن و بیکەنە مۆدێلی ژیانی سیاسی لەو ناوچانە؟ ئەو مۆدێلە چییە، پێناسەکەی چییە، ماهیەتی چییە و چوارچێوەکەی کامەیە؟

ئەم پرسیارە هێز و کاریگەری زیاتر دەبێت کاتێک هەمان پرسیار ئاراستەی پێگە و دەسەڵاتی ئەمریکایی و ڕۆژئاوایی و ئەوروپاییەکان دەکەین لەهەمان ئەو ناوچانەی تێیدا لەگەڵ ئێرانییەکان دووچاری ململانێ هاتوون، یان هەر ناوچەیەکی دیکەش کە بەسەرکەوتوویی یان بە شکستخواردوو تێیچوون و لێی هاتوونەتە دەرەوە.

مۆدێلی ڕۆژئاوایی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا دیارە، ئەوان بانگەشەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و ئازادی و تایپی ژیانێکی لیبراڵ دەکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیاندەچن.

ئەمریکا جەنگی عێراقی بە ڕوونی کرد، ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و ئازادکردنی عێراقییەکان و چەسپاندنی دیموکراسییەت لە عێراق، لەمەدا چەندێک سەرکەوتوو بوو یان تێکشکا ئەوە تەورێکی دیکەی قسەکردنە.

ئەگەر ئەمریکایی و ڕۆژئاواییەکان بۆ عێراق دیموکراسییان دەویست و بانگەشەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیان دەکرد، ئەی ئێرانییەکان کە لە عێراقدا هەر لەسەرەتاوە ڕکابەریی ئەمریکاییەکانیان کرد و جێپێی خۆیان کردەوە و تارادەیەکی باشیش سەرکەوتووبوون، ئەی ئەوان دەیانەوێت چی بکەن؟ ئەی ئەوان چییان دەوێت و پەیامیان چییە؟

ئێرانییەکان دەیانەوێت لە عێراق چی بکەن؟ باوەڕناکەم زیاتر لەوەی کە لە لوبنان هەیانە هیچ پرۆژەیەکی دیکەیان بۆ عێراق پێبێت، مەبەستم لە پرۆژە، پرۆژەی ژیاری و مۆدێلی سیاسی و جۆری ژیانە لەم کۆمەڵگایانەدا.

ئێران کە چەندین ساڵە لە لوبنانە، بۆچی لەوێیە؟ چی کردووە و چی پێشکەش کردووە؟ چ مۆدێلێکی سیاسی و ژیاری لە لوبناندا چەسپاندووە؟ ئێران لە لوبناندا بریتییە لە حیزبوڵڵا، بریتی نییە لە پرۆژە و مۆدێلێکی سیاسی و ژیاری بۆ کۆی لوبنانییەکان.

ئێرانی لوبنان، لە عێراق و لەهەرێمی کوردستانیش هەر ئەو ئێرانە دەبێت، لە حیزبوڵڵایەک زیاتر شتێکی دیکە پێشکەش ناکات، ڕوئیا و بینینەکانی ناڕوون و نائاشکران. مۆدێلێکی پێ نییە و قسەیەکی جددیشی لەسەر بابەتە چارەنووسسازەکانی ئەم وڵاتی خوێنە، نییە.

ئێران لە ڕوئیا و دنیابینی سیاسیدا نەک لەبەرامبەر ڕۆژئاوایی و ئەمریکاییەکاندا دۆڕاندوویەتی، بەڵکو ئەوەتا ڕووداوەکان پێماندەڵێن تورکیاش لەم ڕووەوە پێش ئێران کەوت و بەجێیهێشت.

تورکیای ئەردۆغان مامەڵەیەکی واقیعیانەی پراگماتی ڕاستەقینە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و قسەیەکیشی بۆ سوننەکان هەیە و ڕێز لە بەغداش دەگرێت، بەکورتی خاوەنی "تێڕوانینە" بۆ کۆی عێراق.

بەڵام ئێرانی خامنەیی و ڕۆحانی و نەژاد تا ئێستا قسەیەکی جددییان نییە، نە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، نە لەگەڵ سوننەکان و بەتەواوەتیش کەوتوونەتە بەرەی شیعەوە، ئەگەر ئەوەش بۆ بەرەی مالیکی بچووکتر نەبێتەوە.

ئێرانییەکان تائێستا پێیان نەگوتووین ئەوان پێیان خۆشە لە عێراق حکومەتێکی دیموکراتی عەلمانی دروستبێت، یان پێیان خۆشە مۆدێلی حکومەتێکی ئیسلامی بێتە کایەوە؟ یان شتێکی دیکە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران تائێستاش لە سلێمانیەوە بە تانکەر و بەقاچاخ نەوت دەبات و خاوەنی تێگەیشتنێکی ڕاگەیەنراوی فەرمی نییە بۆ بازرگانیی نەوت لەنێوان خۆی و سلێمانیدا، لەبەرامبەردا تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیی هاوبەش بۆریە نەوتەکانی خۆی بەهەرێمی کوردستانەوە بەستووەتەوە.

ئەم دوو مامەڵەیە بێگومان دوو مامەڵەی بەتەواوی جیاوازن و سەر بە دوو مۆدێل و دنیابینی جیاوازن کە دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێرانییەکان هەر مۆدێل نییە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یۆبیلی زێڕینی جەلالی و مەلایی

ڕێک پەنجا ساڵ لەمەوبەر، لەو ڕۆژانەدا، باڵی مەکتەب سیاسیی پارتی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، دوای بێ هیوابوونیان لە کۆنترۆڵکردنی مەلا مستەفای بارزانی، پەنایان بردە بەر ڕژێمی شاهەنشای ئێران و ئیدی لەو ڕۆژەوە بەکردەوە شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتی دوو کەرت بوو. ڕاستە سەرکردایەتی باڵی مەکتەب سیاسی لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەڵام لەبەر هەڵسوراوی و کاریزمای جەلال تاڵەبانی کە ئەوکات فەرماندەی پێشمەرگەش بوو، بە جەلالی ناوزد دەکران. پەنجا ساڵ تێپەڕیوە، ڕۆژگار زۆر گۆڕاوە، هاوکێشەکان وەکو ڕابردوو نەماون، وڵاتی بەناو عێراق هەڵوەشاوەتەوە، وڵاتی بەناو سووریاش وێرانەیەکە و بەس، تورکیاش لە دە دوازدە ساڵی ڕابردووەوە زۆر گۆڕاوە و تەنانەت یەکێکیشە لە گەورەترین پشتیوانەکانی باشووری کوردستان. ئەو تورکیایەی کە سەردەمێک بەوە ڕازی نەبووە سەددام ئۆتۆنۆمی بداتە کورد و هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە ئەگەر هەر مافێکی لەو شێوەیە بداتە کوردی باشووری کوردستان، ئەوا بۆری نەوتی کەرکوک-جەیهان دادەخات و ڕێگە نادات عێراقی ئەوسا نەوت هەناردەی دەرەوە بکات.

لەو بەینەدا ئەوەی نەگۆڕاوە و ناشگۆڕێ ئێرانە، پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا ئێران دەستی بەهێزی خۆی خستە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی باشووری کوردستان. بۆ ڕاکێشانی مەلا مستەفای بارزانی بۆلای خۆی داڵدەی نەیارانی مەلا مستەفای دا و کوردی باشووری وەک کارتێکی بەهێز لە دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتی بەناو عێراق بەکارهێنا، کە ئیشیشی پێ نەمان لە چاوترووکانێکدا پشتی تێکردن. لە ئێران ڕژێم گۆڕا، ئینقلاب کرا، بەڵام زیهنیەتی دەسەڵاتی ئێران لە بەکارهێنانی کوردی باشووری کوردستان بۆ بەرژەوەندیی خۆی نەگۆڕا. ئێران نەک هەر کوردی لەدژی ڕژێمەکانی وڵاتی بەناو عێراق هان دەدا، بگرە جار نا جاریش بەگژ یەکدیشیدا دەکردن. پشتیوانی هەمووان و لە گەڵ هیچیشیان نەبوو.

ڕوانگەی سیاسیی هێزە کوردستانییەکان (یەکێتیی نیشتمانیی لێ بترازێ) سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتانی ئیقلیمی گۆڕاوە. بزووتنەوەی گۆڕان کە هێزی سیاسیی دووەمە، باوەڕی بەوە هێناوە کە ئێران دۆستێکی تاکتیکییە و هەتا سەر لەگەڵ کەس نابێ، پارتی وەک هێزی یەکەم متمانەی بە ئێران و ئێرانییەکان نییە و، هەر سەریان بۆ دەلەقێنن، هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانیش پتر لەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بن، لەگەڵ ڕوانگەی پارتی و گۆڕاندان. ئەوەی دەمێنێتەوە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە کە بەشێکی زۆری سەرکردەکانی تا ئێستاش نەیانتوانیوە لە ژێر هەژموونی پەنجا ساڵەی ئێران دەرباز بن و، پێیانوایە کە ئەگەر ئێران نەبێ گورگ دەیانخوات!

ئەمڕۆ کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستییان بە قەبوڵکردنی مەرجەعێکی سیاسی و دیاریکردنی ستراتیژی بۆ داهاتوو هەیە. پارتی لە هەڵبژاردنی تورکیادا بەهەڵەدا نەچووە و بگرە ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا نەبووایە ڕەنگبێ مالیکی دەستی لە بیناقاقامان نابایە. بەڵکو ئێران بۆ بەرژەوەندیی خۆی سووکە یارمەتییەکی دابایین، بەڵام قەت وەکو ئەوەی تورکیا نەدەبوو کە ئێستا هەیە. بیهێننە پێش چاوی خۆتان، دەساڵ بەر لە ئێستا تورک دەیانگوت کەرکوک هێڵی سوورە و تەنانەت دانیان بە ماددەی 140ی دەستووری وڵاتی بەناو عێراقیشدا نەدەنا، بەڵام پێنجشەممەی ڕابردوو باڵاترین دەسەڵاتی تورکیا (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) کۆبووەوە بە یەک ڕستەش باسی ئەوەی نەکرد کە کورد بۆچی کەرکووکیان گەڕاندۆتەوە سەر کوردستان؟!

ئەم گۆڕانە ستراتیژییە و تەنانەت ڕێگەدان بە فرۆشتنی نەوتی کەرکوک لە لایەن کوردەوە، جێگای هەڵوەستەیە و هەقە سیاسییەکانی کوردستان ئەوە ببینن کە ئەگەر بەڕاستی باوەڕیان بە سەربەخۆیی یان جیابوونەوە لە وڵاتی بەناو عێراق هەیە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە لەژێر ڕکێفی ئێران و سیاسەتەکانی دەرچن، ئەگەرنا ناوهێنانی کوردستان و داهاتووی کوردستان درۆی زلە!

سەردەمی جەلالی و مەلایی بەسەر چووەو، قۆناغێکی تازە هاتووەتە پێش. پێموانییە کە هیچ هێزێکی سیاسی لە کوردستان دژی ئەوە بێت کە مەسعود بارزانی لە قۆناغەدا وەک سەرۆکێکی نەتەوەیی ڕۆڵ ببینێت. ئەویش باش دەکات کە لە پرسە ستراتیژییەکاندا ڕاوێژ بە نەوشیروان مستەفا و هێزەکانی دیکە دەکات، بەڵام ئەو یەکڕیزییەی ئێستا دروست بووە، پێویستی بەوە هەیە کە بە هەموو کەناڵەکانی حوکمڕانیی کوردستاندا شۆڕ بێتەوە و، هاوکات جگە لە مەرجەعیەتی سیاسی کەس بۆی نەبێ بچێ لەگەڵ وڵاتانی دەرو دراوسێدا کۆبوونەوە بکات و، بۆ یەک دوو ساڵیش بێت واز لە ناکۆکیی سیاسی بێنن و خەمی ئایندەی کوردستانیان بێت. بەوە پەنجا ساڵی خوێناویی مێژووی کورد، مێژووی تەفرەقە و ململانێی ناڕوا، کوردکوژی،ماڵوێرانی، دەربەدەری و ژێردەستەیی کۆتایی دێت.

**تێبینی: کۆماری باشووری کوردستان، پێشنیاز دەکەم بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پارچەکانی دیکەمان لە بیر نەچێت.**



قەرەنی قادری

# تراویلکەی "حکومەتی گشتگیر" لە عێراق

دۆخی شڵەژاوی عێراق لە دوای ڕووداوەکانی مووسڵ، هەروەها گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و شکستی ئەرتەشی عێراق، بەغدایان گەیاندە بنبەست. هەر بەو پێیە، هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و یاسای یارییەکانیش لە شەترەنجی ئاڵۆزی عێراق و ناوچەکەدا شتێکی دیکەن. هەر ئێستا بۆچوونە سەرەکییەکان بۆ "چارەسەرکردن"ی قەیرانی عێراق کە باس دەکرێن: پێکهێنانی "هەرێمێکی فیدراڵی" بۆ سوننە، حکومەتێکی "بنکە فراوانی نیشتمانی"، هەروەها مالیکیش کە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکانە، نەبێتەوە سەرۆک وەزیران.

لەلایەکی دیکەوە مالیکی بۆ دەربازبوونی لەو تەنگژەیە، باس لە هێزی چەکداری دەکات و فەتواکانی عەلی سیستانیش هەر دەچنە ئەو خانەیەوە. کۆماری ئیسلامیش کە پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ دەوڵەتێکی شیعە و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ داعش دەربڕیوە، قبووڵیان نییە کە دۆخی عێراق گۆڕاوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پرسی "هەرێمێکی سوننە"، بووەتە بابەتی ڕۆژ. مەرزیە ئەفخەم گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەوانەی وا بیردەکەنەوە خراپەی عێراقیان دەوێت و دەخوازن ئەو وڵاتە لاواز بێت". مالیکی و کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە چارەسەری سەربازی بە دژی داعش لە ئەولەویەتی کاریاندا بێت. بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە کە تاران بیری لە جێگرەوەی مالیکیش کردبێتەوە. خاڵی جیاوازیش لە نێوان کورد و مالیکیش ئەوەیە کە کورد لایەنگری چارەسەری سیاسیی کێشەکانن، هەروەها مالیکیش بە سەرچاوەی کێشەکان دەزانن، بەڵام نووری مالیکی باس لە یەکگرتوویی لەدژی داعش دەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە بەڕێگەی سەربازیی خێرا ڕووداوەکان بگۆڕێت، تا دۆخەکە بۆ بەر لە ڕووداوەکانی مووسڵ بگەڕێنێتەوە کە ئەمەشیان ڕێی تێناچێت.

ڕوانگەی ئەمریکییەکانیش گەرچی چەشنە "نائۆمێدی"یەکی سەبارەت یەکگرتوویی خاکی عێراق پێوە دیارە، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدایە بە بەشداریی کورد حکومەتێکی "گشتگیر" لە بەغدا پێکبێنێ کە "شیعە، سوننە و کورد مافی یەکسانیان هەبێت". بۆچوونی بەریتانیش ئەوەیە کە جارێکی دیکە کورد "بەرژەوەندیی باڵای عێراق" لەبەرچاو بگرێت و عێراق لەو دۆخە ڕزگار بکات. لەلایەکی دیکەوە مالیکی پێیوایە کە ئەو چەشنە حکومەتە "بنکە فراوانی نیشتمانی"، پێچەوانەی ئاکامی دواییین هەڵبژاردنە و "دیموکراسیی تازەپێگەیشتووی عێراق لەبەین دەبات."

سێ هێڵی سەرەکیی گەلێک جیاواز، بوونەتە بابەتی ڕۆژ لەناو سیاسەتوانانی عێراق، دەرەوە و کورددا. عێراقی دوای ڕووداوەکانی مووسڵ، سوننەی لە عێراقدا کردووەتە هاوکێشە و کوردیش خاوەن کێشێکی ترن بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدادا بکەونە دانوستاندنەوە. ئەگەر ئەمریکا و بەریتانیا "حکومەتێکی گشتگیر" بە چارەسەری کێشەکان دەزانن، بەڵام بەکارهێنانی چەک، فکری مالیکی و ئێرانە. بەپێی ڕاپۆرتی (نیویۆرک تایمز)، ئێران "بە دزییەوە خەریکی ناردنی چەک و تەقەمەنییە بۆ عێراق."

پێکهێنانی حکومەتێکی "گشتگیر"یان "بنکە فراوان" کە سوننە تێیدا بەشدار بێت، یەکێکە لە پرسە ئاڵۆزەکانی عێراق. هەر ئێستا شەڕی سوننەکان دەگەڵ حکومەتی عێراق، لەژێر سەرکردایەتیی داعشدا بەڕێوەدەچێت. ئایا سیاسەتوانانی عێراق ئەو توانایەیان هەیە کە بۆ "حکومەتێکی گشتگیر" لە بەغدا، داعش و سوننەکان لێک جیابکەنەوە و ئەو سوننانە بدۆزنەوە کە نوێنەرایەتی زۆرینەی ناوچە سوننەکان بکەن؟ لە ئەگەری پرۆژەیەکی وادا، ئایا داعش ڕێگە بە سوننە دەدات لەگەڵ مالیکی ڕێکبکەون؟ پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەتی "بنکە فراوان" بۆ لێکدابڕانی سوننە لە داعش، لە کاتێکدایە کە داعشی سوننە لە ناوچەکانی ژێر "دەسەلات"ی خۆیدا سنووری ڕەسمیی نێوان عێراق و سووریای هەڵوەشاندووەتەوە و باس لە "دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دەکات. لە ئەگەرێکی وادا، ئەگەر داعش لە عێراق نەچێتە دەرەوە، بێشک ئاڵۆزییەکان چەند قات دەبنەوە و هەر ئەوەش دەرفەتێکی باش دەبێت تا هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی بۆ نەمانەوە لە عێراقدا بدات.

هەر دوای ڕووداوەکانی مووسڵ، زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ژێر دەستی پێشمەرگەدایە و "ماددەی 140یش جێبەجێ کرا". ئەو دۆخە کارێکی وا دەکات کە هەولێر بە کێشێکی تر و بە داخوازیی دیکەوە لەگەڵ بەغدا بدوێت. پێکهێنانی حکومەتێکی "گشتگیر" لە دۆخی عێراقی بەرەو هەڵدێر، هەروەها هەوڵی ئەمریکا و بەریتانیاش کە جارێکی دیکە باری خواری مالیکی و عێراقی لەبەریەکترازاو بە کورد ڕاست بکەنەوە، لەگەڵ مێلۆدیای کورد لە عێراقی دەستکرددا، یەکناگرێتەوە. عێراق لەسەر لێواری هەڵدێرە و کوردیش دەبێ پرۆژەی نەتەوەیی خۆی هەبێت.



مەجید نیزامەدین گلی*

# داعش بە بێ شەڕکردن بردیەوە

"داعش خەتەرە"، "داعش ڕەحم لە دڵیان نییە". و لە هەمووی گرنگتر "داعش براوەیە". 30 هەزار سەرباز و ئەفسەری عێراقی وا دیارە باوەڕیان بەم قسانە کردبوو، کاتێک چەکەکانیان فڕێ دا و دووەم گەورەترین شاری عێراقیان بۆ نزیکەی 200 چەکدار بەجێهێشت کە هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوونە مووسڵ. ئەوان دەترسان و وێنە تۆقێنەرەکانی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ترسەی لە دڵیان دروستکردبوو. میدیا شەڕەکەی یەکلایی کردەوە پێش ئەوەی دەست پێ بکا.

داعش وێنەی چالاکییەکانیان بە نزیکەی 100 هەزار ڤیدیۆی یوتوب و دەیان هەزار کورتەنامە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە. ڕاستە پێشتر ڕێکخراوی قاعیدەش هەندێ وێنە تەقینەوە و کوشتنی بڵاودەکردەوە، بەڵام ئەوەی داعش دەیکات لە ئاستێکی زۆر بەرزترە کاتێک کە فیلمێکی 62 خولەکی بڵاودەکاتەوە، کە تەکنیکی بەرهەمهێنانی لە فیلمێکی هۆڵیوودی دەچێت و ئاپێکی تایبەت بە چالاکییەکانی بۆ مۆبایلی ئەپڵ دروست دەکات. میدیا ئەو چەکە کۆنەیە کە داعش بە تازەترین شێواز بەکاریدێنێ و تا ئێستا زۆربەی شەڕەکانی لەگەڵ سوپای عێراقی پێ بردووەتەوە.


پێش ئەوەی کە نرخی ئەنتەرنێت لە هەزاران دۆلارەوە بۆ کەمتر لە 100 دۆلار دابەزێ و کەسێک لە شاری فەللوجەوە بتوانێ وێنە و ڤیدیۆی شەڕەکان بۆ ملیۆنەها بەکارهێنەری ئینتەرنێت بنێرێ، ڕۆڵی میدیا لە شەڕ زۆر تەسکتربوو لە ئێستا. ئەمەش لەبەر ئەوەی سەربازان و هاونیشتمانیان تەنیا دەیانتوانی میدیا خۆجێیەکان ببینن و کەمجار- وەکو ئەوەی کە لە شارەکانی مووسڵ و تکریت ڕوویدا- شەڕەکان پێش ئەوەی دەست پێ بکات کۆتایی پێدەهات. لە ساڵانی هەشتاکاندا، ئەستەم بوو بۆ بتوانێت ئێرانییەک تەماشای تەلەفزیۆنی عێراق بکات کە سەدام حوسێن وەکو براوەی شەڕ ببینێت. ئەوکات سەربازانی سوپای عێراق ئای فۆن و ئەنتەرنێتیان پێ نەبوو و نەیاندەتوانی شکستەکانی عێراق و سەرکەوتنەکانی ئێران ببینن کە بە دڵنیاییەوە وورەیانی دادەبەزاند.

پێش سەردەمی ئەنتەرنێت، حکومەتەکان زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە نەیەڵن هەواڵی ڕەخنەگر و خراپ بۆ ئەوان لە میدیاکان بڵاوبێتەوە، بە تایبەتی لەکاتەکانی شەڕدا. لەم سەردەمەدا ئەم جۆرە هەوڵانە بێسوودن. وا دیارە دەسەڵاتدارانی عێراق هێشتا لەم ڕاستییە تێنەگەشتوون. ئەوان تەلەفزیۆنەکانی بەغدادییە و شەرقییە و ئۆفیسی کەناڵی جەزیرەیان لە بەغدا داخست بۆ ڕێگەگرتن لە "بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست و هاندانی توندوتیژی". بەڵام گرووپە چەکدارەکان پێویستیان بە شاشەی تەلەفزیۆن نەبوو بۆ ئەوەی وێنە تۆقێنەرەکانی داعش بڵاوبکەنەوە و سەربازانی سوپای عێراق بترسێنن. بە گوێرەی (ئی مارکێتەر) کە سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەمریکییە، نزیکەی ملیارێک و نیو کەس لە جیهان ماڵپەڕەکانی فەیسبووک و تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەکاردێنن و چوار ملیۆنیان لە عێراقن.

سەردەمی کۆنترۆڵکردنی میدیا و زانیاری کۆتایی پێهات و حکومەتەکان لە هەموو جیهان ناچار شەڕی زانیاری لەگەڵ میدیاکان دەکەن. ئەم ڕاستییە پێش 11 ساڵ لە سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی حکومەتی ئەمریکی ڕەنگی دایەوە، کاتێک نامیلکەیەکی 314 لاپەڕەییان بڵاو کردەوە "زانیاری بەشێکە لە ئامرازی بەرگری کردن و شەڕ". ئەمە یەکەم ڕستەی ئەو نامیلکە فەرمییەیە کە بۆ زۆر لە خەڵک نامیلکەیەکی ڕۆتینی وەزارەتی بەرگری ئەمریکایە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ بەکارهێنانی زانیاری لە کاتەکانی شەڕدا. بە گوێرەی ئەو نامیلکەیە ئامانجی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی "پێشەنگی ئەمریکایە لە بەکارهێنانی زانیاری" کە زانیاری هەواڵگری و میدیاکانیش دەگرێتەوە. زۆربەی دەزگاکانی حکومەتی ئەمریکی لە کۆشکی سپییەوە تاوەکو وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی میدیای خۆیان هەیە کە نەک تەنیا ڕاگەیەنراوی فەرمی بڵاودەکەنەوە، بەڵکو هەواڵیش دروست دەکەن و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ میدیاکان باشتر دەکەن. حکومەتی ئەمریکی هەردەم لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆی ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی هەواڵ.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا سوودی لەم وانەیەی ئەمریکا وەرنەگرتووە. کەناڵی عێراقییەی حکومی زۆربەی جار هەواڵی نادروست و پڕوپاگەندە بڵاودەکاتەوە و حکومەتی عێراق نایەڵێ دەزگای ڕاگەیاندنی ڕەخنەگر لە بەغدا کاربکەن. سەرئەنجام میدیا جیهانییەکان زۆر بە کەمی پشت دەبەستن بە هەواڵەکانی میدیای فەرمی عێراقی. بۆیە کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمریکی و بی بی سی بەریتانی ڕاگەیانراوەکانی داعش لە تویتەر و فەیسبووک دەکەنە هەواڵ و باسی لێوە دەکەن. لە سەردەمی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، میدیا ئامرازێکە زۆر کەس دەتوانێ بەکاری بێنێ. مەرج نییە ئەوانەی کە کەناڵی ڕاگەیاندنی زۆریان هەبێ شەڕە سیاسی و سەربازییەکانی پێ ببەنەوە. یەک هەواڵی باوەڕپێکراو زۆر کاراترە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کە ڕای گشتی باوەڕی پێ نەکات.

***مەجید نیزامەدین گلی، شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیای ڕووداوە و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرلە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی The City University of Newیی York وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.**



ناسر باباخانی

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بزووتنەوەی خوێندکاری و ئاستەنگەکانی

ئەگەرچی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چ لە باری چۆنایەتی و چ لە باری چەندایەتییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو تووشی نوشست و نزمی بووە، بە تایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا، بەڵام خاڵی هاوبەشی سەرجەم قۆناغە خوێندکارییەکان لە ئێستا و ڕابردوودا دەگەڕێتەوە سەر هەوڵێکی پیرۆز و ئارمانخوازانەی تایبەت بە لاوانی خوێندکاری کورد کە ئەویش بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوایەتی. ئەگەر بەپێی بیردۆزییەکی "ئالێن تورێن" بێت کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سێ بنەمای شوناس و دژایەتی و گشتگیربوون دامەزراون، ئەوا بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی، داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دەکات.

بێگومان بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بەردەوام بەشێک بووە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هێربێرت مارکووزە گوتەنی بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر هۆکارێک بووە بۆ گەشە و نەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە هەمان کاتیشدا دەنگ هەڵبڕینێکی گشتی. کە سەیری قۆناغەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەی لە سەرجەم قۆناغەکاندا سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی، ئەم وتەیەی مارکووزە بەتەواوی بەدی دەکرێ. ئەگەر قایل بە پۆلێنبەندییەکی گشتی بین، دەکرێ ئەم قۆناغانە بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەین:

سەردەمی کۆماری کوردستان: لەم قۆناغەدا چەندین کەس وەک خوێندکار بۆ باکۆ بەڕێدەکرێن بۆ خوێندن، چوونی گەنجانی کورد وەک خوێندکار بۆ ئەورووپا، بەشداری لە خەباتی ساڵانی 1946-1947 لەسەر دەستی چەند سیمایەکی ناسراوی خوێندکاری و دواجار پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحات کە ڕەنگە پرشنگدارترین قۆناغی ئەم بزووتنەوەیە بێت. سەردەمێک کە (حەوزەی عمومی) ئەو بوارەی بۆ ڕەخسا زیاتر پەلوپۆ باوێ بۆ ناو کۆمەڵگا و هەر بەم پێیەش خوێندکارە کوردەکان دەورێکی چالاکانە و بەرچاویان هەبێ، بەڵام بە هەرەسی ڕیفۆرمخوازان تەنگی پێهەڵچنرا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم بازنەیە بەرتەسکتر کرایەوە و دواجار بە یەکجاری پەکیکەوت. دیارە لەم نێوەدا لە کزیدانی گوتاری نەتەوەیی و غیابی حیزبەکان تا ڕادەیەک بووەتە هۆی دوورەپەرێزیی ئەم نەوەیە و دیاردەی بەجیهانیبوونیش وەک پەتایەکی گشتی شوێنکەوتی نێگەتیڤی لەسەر خوێندکارەکان داناوە تا کەمتر سەرقاڵی سیاسەت بن!

بەڵام خوێندکارانی کوردی ئەوان سەردەمان دەکرێ وەک نەوەیەکی ڕچەشکێن سەیر بکرێن، ئەوان بە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە بەتایبەتی ڕێزلێنان لە ساڵیادی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە، بەڕێوەبردنی شەوەشیعر و هەروەها دەرکردنی بڵاڤۆکی خوێندکاری (زیاتر لە 50 بڵاڤۆکی خوێندکاری) هەرچەند لە سەرەتای ڕێگایەکی ئەستەم و دژواردا بوون، بەڵام توانییان تروسکەیەکی هیوا بخەنە ناو دڵی هاوپۆلان و هاوڕێیانی خۆیانەوە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی بکەنە بایەخێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی. تەنانەت توانییان ئەم بیرە لە بازنەی زانکۆشەوە بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری بگوازنەوە. بێگومان گۆڤاری خوێندکاری "ڕوانگە" کە لە زانکۆی پزیشکی تەورێز دەردەچوو نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم هەوڵە بوو.

پێموایە تۆوی نەتەوەپارێزی عەقڵانی لە گیانی خوێندکارانی کورددا بە تەواوی مانا و بە سەرجەم ڕەهەندە جیا جیا و جیاوازەکانی، لە زانکۆکاندا گووراوە. واتە زانکۆ نەک وەک "شوێن" بەڵکو وەک "کات" لە پەروەردەکردنی خوێندکاری کورددا، دەورێکی حاشاهەڵنەگر دەبینێ، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی ئەم زانکۆیانەن. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر زانکۆ وەک شوێنێک بۆ خوێندکارێکی ئاسایی خۆی دەنوێنێ، ئەوا بۆ خوێندکارە بزۆز و سەربزێوەکان- ئەوانەی هەر سەرقاڵی دەرس و دەور نین- نابێتە شوێن، بەڵکو کاتێکە بۆ تێپەڕین تا لە ڕەوتی ئەم ماوەدا زەمەنییەدا پرۆسەی گۆڕانکارییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی پێویستیان بەسەردا بێت و دواتر لە زانکۆوە بەرەو کۆمەڵگا ببنەوە!

***

لە ساتەوەختی ئێستادا لەگەڵ تەواوی گوشارەکانی ناوخۆ، کاتی ئەوە هاتووە ئەم بزووتنەوەیە پێداچوونەوەیەکی جددی بەسەر خۆیدا بهێنێ و ستراتیژییەکی تۆکمە بۆخۆی دیاری بکات لەسەر سێ بنەمای ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوەیی لە ڕابردوو، پێناسەیەکی سەرلەنوێ بۆ چەمکە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێستا و دواتر دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ داهاتوو. دیارە بۆ مسۆگەرکردنی ئەم بنەمایانە کە دەبنە بناغەی خەباتێکی مەدەنی، دەبێ پەیوەندییەکی تۆکمە و دینامیک لەگەڵ ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆی وڵات ساز بدا. ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی بزووتنەوە لە بواری تیۆریکەوە بەرزتر بێتەوە و ئەمەش دواجار دەبێتە پاڵپشتی بزووتنەوە بۆ ئەوەی خۆی وەک باشترین نوێنەری ئەندێشە و عەقڵانییەت لە کۆمەڵگادا بناسێنێ. لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی وشیارانە لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری دەتوانێ قورسایی ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی وڵاتدا زیاتر بکات. دیارە پەیوەندی ئۆرگانیکی خوێندکارە کوردەکانیش بەیەکەوە لە سەرجەم زانکۆکانی وڵاتدا پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. با ئەوەش لەبیرنەکەین ئەگەرچی شێوە ڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆ پرسی کورد ڕوانینێکی ئەمنییە، بەڵام لە زانکۆکانی دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەم ڕوانینە کەمترە، هەر ئەمەش دەتوانێ یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەوەی بتوانن چالاکتر دەوری خۆیان بگێڕن. وەک دوا وتە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئەگەر دەیەوێ لەسەر ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەیی وەک پاڵنەرێک شوێندانەر و کاریگەر بێت، دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە دەنگی خۆی لەڕێی میدیا جۆربەجۆرەکانەوە بگەیەنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئێمە لەکوێ بخەوین؟

زۆر لێکدانەوە بۆ سەردانەکەی جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرا. زۆر نووسرا لەسەر ئەوەی داوای چی لە کورد کردووە و کورد چی وەڵام داوەتەوە. بەڵام من دەمەوێت سەرنجتان بۆ لایەنێکی دیکەی سەردانەکەی رابکێشم. جۆن کێری داوای لە کورد کرد دووبارە بگەڕێتەوە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی عێراق و یارمەتیدەر بێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی "یەکێتی نیشتیمانی" لە کاتێکدا خۆی ئامادە نەبوو شەوێک لە بەغدا بخەوێت. دەمەوێت بپرسم چەندێک لۆژیکییە داوا لە نەتەوەیەک بکەیت لە وڵاتێکدا بژین، کە تۆ ئامادە نیت شەوێک لە پایتەختەکەیدا بخەویت؟!

ئەی ئێمە لە کوێ بخەوین؟ چۆن بە ئارامی سەر بخەینە سەر سەرین؟ چۆن دڵنیا بین لە ئایندەی منداڵەکانمان؟ کاتێک لە چوارچێوەی وڵاتێکی بە زۆر بەیەکەوە لکێندراودا، تەنیا 60 کیلۆمەتر دوور لە یەکێک لە دڕندەترین گروپەکانی جیهاندا دەژین؟ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق چیدی تەنیا خەونێکی نەتەوەیی نییە. لە هەما کاتدا تاکە ڕێگەی رزگاربوونە لە هەڕەشەکانی گروپە توندڕەوەکان و جیاکردنەوەی چارەنووسی کوردە لە وڵاتێک کە بەپێی سەرجەم ئاماژەکان بێ لە کارەسات و شەڕی تایفی و مەزهەبگەری هیچی دیکە چاوەڕوانی ناکات. لەو حاڵەتەدا پێویستە کورد چی بکات بۆی بتوانێت سوود لەو بارودۆخەی ئێستا وەربگرێت و بگات بە ئامانجەکانی؟ بە ئیجازەی جۆن کێری دەمەوێت شیکارییەک بۆ بارودۆخەکە بکەم، دواتر رای خۆم بڵێم سەبارەت بەو نەخشە ڕێگایەی دەبێت بیگرینە بەر.

با بە شیکاری سەنگی ئەمریکا دەست پێ بکەین. ئەمریکا لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ئاسیای ناوەند و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی خوڵقاندن و فەرزکردنی ئەمری واقیعی پەیڕەو کرد. هەر یەک لە پشتگیری کردن لە تاڵیبان لە نەوەتەکاندا، هێرشکردن بۆ سەر ئەفغانستان لە 2001، جەنگی عێراق لە 2003 نموونەی ئەو سیاسەتە بوون. ئەمریکا لەو ناوچانە ئەمری واقیعی دەخوڵقاند و فەرزی دەکرد بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان کە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. بەڵام لە 2010 بە دواوە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بووەوە. درەنگ کەوتنی ئیدارەی ئۆباما لە تێگەشتنی "بەهاری عەرەبی" و سنورداربوونی پەرچەکردارەکی واشنتن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەمری واقعە بەڵگەن لەسەر ئەوەی چیدی ئەمریکا ئەمری واقع ناخوڵقێنێت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقعی خوڵقاو دەکات.

هەر بۆ بەهێزکردنی ئەم بۆچوونە با ساڵی 2003 بهێنینەوە یادمان کاتێک پێشمەرگە چووە ناو کەرکووک، ئەمریکا رازی نەبوو بە مانەوەی و کورد ناچاربوو قبوڵی ئەو ئیرادەیە بکات. بەڵام ئەمڕۆ دوای 11 ساڵ کورد چووە کەرکوک و ئەمریکا ناچاربوو ئەو راستییە قبوڵ بکات و مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ڕەنگە زۆر زێدەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین "ئەمریکا ئەو پێگە و سەنگەی نەماوە کە بڵێت من چیم ویست دەبێت هەر ئەوە بێت". لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ئەوکات زۆر بەرەو پێشچووە. ئێستا کوردستانێکی خاوەن ئابوورییەکی نیمچە سەربەخۆ بووەتە ئاکتەرێکی چالاکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە دەکرێت بڵێین ئێستا کەشێکی نیمچە لەبار دروستبووە بۆ کورد هەتا بتوانێت بەبێ سڵەمینەوە داواکانی بخاتە سەر مێز و بەرامبەر ئەمریکا و هەموو لایەنەکانی دیکە پێداگری بکات.

هاوکات دەتوانین بڵێین خودی داواکەی جۆن کێری بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتیمانی لە ئەرزی واقعدا زۆر قابیلی جێبەجێکردن نییە. لەبەر ئەوەی لایەنە عێراقییەکان زۆر لەوە لەیەک دوورترن کە بە تەلقینی ئەمریکا بتوانن بە یەک بگەن.

ئەنجامی ئەم لێکدانەوانە ئەوە دەخەنەڕوو کە داواکەی ئەمریکا بۆ مانەوەمان لەناو عێراق و بەشداربوونمان لە "پرۆسەی سیاسی عێراق" نابێتە ڕێگرێکی گەورە و راستەقینە لەبەردەم خەونی جیابوونەوە و سەربەخۆییمان. چونکە لە لایەک خودی داواکە خۆی ئەگەری هەیە نەگاتە ئەنجام. لە لایەکی دیکەش چیدی نە ئەمریکا ئەو ئەمریکایەی جاران و نە کوردستانیش کوردستانی 2003یە.

ئەی دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی پرۆسەی گەیشتنمان بە سەربەخۆیی خێراتر بکەین؟ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەیە. یەکێکیان پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوەیە ئەوی دیکە بە حکومەتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، دروستکردنی رای گشتی بەهێزە بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی. دەبێت هەموو دڵنیا بین کە قەت ئەمریکا یان تورکیا لەسەر سینی ئاڵتونی سەربەخۆییمان بۆ ناهێنن بیخەنە بەردەممان. ئێمە خۆمانین بریار دەدەین سەربەخۆ دەبین یان نا! بۆیە پێویستە رای گشتی کوردی زیندوو و لەسەرپێ بێت بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی دەسەڵاتەکەی لە داخوازی سەربەخۆییدا. دەبێت نەخەوین! ئەگەر پێویست بکات کۆبوونەوەی جەماوەری ملیۆنی لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک رێکبخەین. داوای سەربەخۆیی بکەین و فشار لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەین بۆ قبوڵکردنی داواکانمان. ئەمە هەم هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات، هەم پەیامێکی ئاشکرا دەبێت بۆ ئێران و تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە رای گشتی کورد چیدی ئامادە نییە لە وڵاتێکدا بژی کە سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە ئامادە نین بە شەویش تێیدا بخەون!

ئەو بەشەش کە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، چالاکی دیپلۆماسییە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کورد بە سەرجەم وڵاتانی جیهان. دروستکردنی لۆبییە بۆ پشتگیری لە بڕیاری سەربەخۆیی. کاتێک کە سەربەخۆییمان راگەیاند پێویستی زۆرمان دەبێت بەوەی وڵاتانی جیهان دان بە بڕیارەکەماندا بنێنن و پێویستە پێش وەخت کار بۆ ئەوە بکرێت. لەو باوەڕەدام قایلکردنی وڵاتە گەورە و بەهێزەکانی وەک فەرەنسا و ئیسرائیل و وڵاتانی ئیسکەندەنافیا بۆ پشتگیری لە کورد هێندە قورس نابێت.



هێمن عەبدوڵڵا

# دەوڵەت بە نۆبەت

ئەوانەی مێژووی کوردیان نەخوێندووەتەوە تێناگەن کە چۆن وا بە پشوودرێژییەوە پێنج کاژێر بۆ چۆڕێک بەنزین لە نۆبەتدا رادەوەستین و تەقەی سەریشمان دێت. ئەوانەی وادەزانن ئەمە ساردماندەکاتەوە لەوەی داوای دەوڵەت بکەین و قیرۆسیا لە سەربەخۆیی دەکەین بیریان چووەتەوە ئێمە چۆن هاتووین و چۆنیش دەڕۆین.

کاتێک لەدایکدەبین ئەگەر شانسمان هەبێت دەبینە نۆبەرەی دایک و باوکمان. ئەگەرنا دەبینە منداڵی ژمارە حەوت. ئەو حەوت منداڵە جگە لەوەی بۆ لەدایکبوون لە نۆبەتدا بووین، ئاواش دوای لەدایکبوون هەمیشە لە نۆبەتدا دەبین: بەیانییان کە لەخەو هەڵدەستین دەچینە نۆبەتی حەمام یان دەموچاوشووشتن. لەسەر سفرە چاومان نۆبەت لەدەستی دایکمان دەگرێت بۆئەوەی زووتر لە منداڵەکانی دیکە قاپە ماستەکە و چایەکی شیرینمان لەپێشدابنێت. کاتێک جەژنێک دێت دیسان نۆبەت دەگرین بۆ جلکڕین و هەندێکجار برایەکی گەورە یان خوشکێکمان بەرماڵێک دەخاتە مزگەوتەوە و بیر باوکمانی دەهێنێتەوە کە جلی لەبەرنەکراومان هەیە. ئیدی دەبێ بە پشوویەکی درێژتر لە راوەستان بۆ چۆرە بەنزینەکە چاوەڕوانی هاتنی جەژنێکی دیکە بکەین بۆ کڕینی دەستێک جلی نوێ.

ئێمە راهاتووین هەمیشە لە نۆبەتدا بین. بۆیە دەچینە نۆبەتی بەنزینەوە، پێنج کاژێر لەبەر قرچەی گەرما رادەوەستین و کاتێک نۆرەمان دەگاتێ "برایەکی داعشکوژمان" بە جلی سەربازییەوە دێت و نۆرەبڕی دەکات. هەر ئەو برایە دەچێتە ئەودیوی بەنزینخانەکە و جلە سەربازییەکانی دادەکەنێت و بەنزینەکەی دەفرۆشێتەوە. ئێمە بەوە تەقەی سەرمان دێت، چونکە لەوە خراپتریشمان بەسەرهاتووە. رۆژی دواتر دەچینەوە نۆبەتی بەنزین و دوای چوار کاژێر نۆرەمان دێت. هێندە دڵمان خۆشە کە هەستدەکەین عەلی سیستانی داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە. بەڵام خاوەنی بەنزینخانەکە داوای کۆپۆنمان لێدەکات و نیمانە.

دیسانیش بەنزین وەرناگرین، بەڵام نائومێد نابین. دەچین دوو کاژێر لە نۆبەتدا رادەوەستین بۆ وەرگرتنی کۆپۆن. کاتێک نۆرەمان دێت، دەردەکەوێت ئۆتۆمبێلەکەمان بەناوی خۆمان نییە و مەرجەکانی وەرگرتنی کۆپۆن نامانگرێتەوە. دیسان نائومێد نابین و بە دڵێکی پاکەوە دەچین ئۆتۆمبێلەکە بە ناوی خۆمان بکەین. ئەمجارەش کاژێرێک لە نۆبەتدا دەبین و کاتێک نۆرەمان دێت دەردەکەوێت بایی نیوەی مووچەی ئەو مانگە سزای سەرپێچیی هاتوچۆمان لەسەرە و بەر لە بەناوکردن دەبێ پارەکە بدەین. کێشەمان نییە و دەچین پارەکە بدەین، بەڵام دەبینین قەرەباڵغە. لەو بێنە و بەردەیەدا هێندە هیلاکین کە دەچینە شەربەتخانەیەکی نزیک بۆئەوەی شەربەتێکی بەتام بۆ بەربانگ بکڕین، ئەگەر کەسیش چاوی لێنەبوو بەدزییەوە قومێکی لێ بخۆینەوە! هێندە لە نۆبەتی شەربەتدا دەمێنینەوە کە دەوامی حکومەت تەواودەبێت و ئیشەکانمان جێبەجێ نابن. شەربەتیش زوو تەواو دەبێت و ناچار بە دەستی بەتاڵ و ئۆتۆمبێلی بێ بەنزینەوە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێینەوە.

لەڕێگە بیرماندێتەوە کە نوێژی دوای نیوەڕۆمان نەکردووە. تەنگاویشین و پێویستمان بە خۆبەتاڵکردن هەیە. بەپەلە خۆمان دەگەیەنینە مزگەوتێک و دەچینە نۆبەتی ئاودەستی مزگەوتەوە. هێندە رادەوەستین، هێندە رادەوەستین، هێندە رادەوەستین تاوەکو بیرماندەچێتەوە تەنگاو بووین و بەبزەوە دەچینە ناو بازاڕ بۆئەوەی لە نۆبەتی نانکڕیندا راوەستین. لەبەرئەوەی نۆبەتەکەش ئەوسەری دیارنییە، کات بە بیرکردنەوە لە ئایندەی وڵاتەکەمانەوە دەکوژین. بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن حکومەتەکەمان وەزارەتی بە نۆبەتی تێدایە، چۆن بڕیاروایە حکومەتە خۆجێیەکەی سلێمانی بەنۆبەت بەڕێوەببردرێت و چۆنیش سەد ساڵ زیاترە چووینەتە نۆبەت بۆئەوەی ببینە دەوڵەت. ئەو بیرکردنەوەیەی دواییان راماندەچڵەکێنێت و لەخۆمانەوە دەترسین کاتێک نۆرەمان هات ببینە دەوڵەت، وەکو نۆبەتگرتنەکەی ئاودەستی مزگەوتمان لێبێت و بیرمان بچێتەوە بۆچی هاتووین.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# قەوانە سواوەکەی کێری

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کێری سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد و داوای "حکومەتێکی یەکڕیزی نیشتیمانی" کرد، کە کورد، سوونە و شیعەی تێدا بێت. دیارە کە ئەمریکییەکان پێیانوایە ئەمە چارەسەری قەیرانی عێراق دەکات.

بەداخەوە، زاکیرەی دیپلۆماتی پێدەچێت زۆر کورت بێت. ئەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2010 حکومەتی "یەکڕیزی نیشتیمانی" دروست نەکرا؟ ئەرێ عێراق سەرۆک وەزیرانێکی شیعە و سەرۆکێکی کورد و وەزیرێکی دارایی سوونەی نەبوو؟ مەگەر وەزیری دەرەوە و یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک وەزیران کورد نەبوون؟ جێگری سەرۆک و یەکێکی دیکە لە جێگرەکانی سەرۆک وەزیران سوونە نەبوون؟ وەزیرەکانی دیکە لە گروپە سەربەخۆ شیعی و سوونی و کوردی و تەنانەت تورکمان و سێکولارەکان نەبوون!

لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم حکومەتەی ئێستا، سەرۆک وەزیران نوری مالیکی بڕیاری دەستبەسەرکردنی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرە سوونەکەی وەزارەتی دارایی دەرکرد و هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە جێگری سەرۆک وەزیرانە سوونەکەش "لەکارەکەی دەربکات". هەروەها هەر لە سەردەمی نوری مالیکیدا بوو کە پۆستی سەرۆکی "ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان" دروست نەکرا و نەدرا بە ئەیاد عەلاوی وەکو ئەوەی کە بەڵێنی پێدرابوو. کوردەکانیش دەیانبینی یەک لە دوای یەکی ئەفسەرەکانیان لە بەغدا دەردەکران و لە بابەتە گرنگەکاندا وەزیرەکانیان لە بەرامبەر مالیکی بێ توانا کرابوون. مانگی نۆی رابردوو هەرێمی کوردستان تەنانەت بینی کە مالیکی و دار و دەستەکەی تەنانەت بڕیاری بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانیشیان دا.

ئێستا دەمانەوێت هەموو کەس گوێ لە ئامۆژگارییەکەی بەڕێز کیری بگرێت و هەموو ئەوانە لە بیر بکەن بۆ ئەوەی "حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتیمانی" دروست بکەن و ئەمریکییەکانیش بە ئاشکرا ناڵێن کە مانەوەی مالیکی وەکو سەرۆک وەزیران شتێکی باشە یان نا.

بەپێی ئەم لۆژیکە، دوای ئەوەی کە کورد و سوونە جارێکی دیکە تەسلیمی دەستی بەغدا دەبنەوە ئینجا هەمووان دەتوانن وردتر باسی بابەتی شەراکەتی دەسەڵات و لامەرکەزییەت بکەن. گوایە بابەتی شەراکەتی دەسەڵات و لامەرکەزییەتی ئەمجارە هەندێک شت لە خۆ دەگرێت کە ئەمریکییەکان لە رابردوودا لەسەری رازی نەبوون، لەوانە دروستکردنی هەرێمێکی سوونی، ئاسایشی هەرێمەکان لەلایەن بەغداوە کۆنترۆڵ نەکرێت، لایەنی داراییان (لە داهاتی نەوت و گازەوە) سەربەخۆ بێت. لەم سیناریۆیەدا عەشیرەتە سوونەکان و هەرێمی کوردستان پێویستە تۆزێک بڕوایان هەبێت و ئینجا لە بری مالیکی یان لەبری هاوشێوەکەی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکەن.

هەم کورد و هەم سوونەش پێشتر گوێیان لەم ئاوازە بوو، بە تایبەت ئەو کاتەی کە ئامادە بوون شتێکی لەم جۆرە بکەن. هەموو لایەک هەڵخەڵەتێنران و بۆ ئەوەش دەبێت مالیکی لۆمە بکرێت. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە هەڵخەڵەتێنرێن دەبێت لۆمەی خۆیان بکەن. چەند ساڵێک لەمەوبەر کاربەدەستێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیگوتم "ئەمریکییەکان بڕوایەکی سەیریان بە بەڵێنی سەر کاخەز هەیە". ئینجا گوتی "ئێرە سویسرا نییە، ئێرە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە". بەرپرسەکەی هەرێمی کوردستان ئەم وشانەی لە رۆژێکدا بە من گوت کە دوو فڕۆکەی پڕ لە چەکی بولگاری لە فڕۆکەخانەیەکی کوردستان دۆزرانەوە بەبێ ئەوەی کە بەغدا و ئەمریکا پێشتر پێیان زانی بێت.

بەهەرحاڵ دیارە کە مالیکی تەنانەت نایەوێت تەنانەت ئەم گەمەیەش دووبارە بکاتەوە. لە وتارێکی تەلەڤزیۆنیدا لە هەفتەی رابردوودا گوتی "داواکاری دروستکردنی حکومەتی ئیمێرجینسی کودەتایە لە دژی دەستوور و پرۆسەی سیاسی. هەوڵی ئەو کەسانەیە کە هەوڵی رووخانی دەستوور و پرۆسە سیاسییە دیموکراسییە لاوەکەی عێراق دەدەن و دەیانەوێت دەنگەکانی هەڵبژاردنەکان بدزن".

لە نێو سەرکردە شیعەکاندا مالیکی سەرکەوتنی باشی لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا بەدەستهێنا، لەبەرئەوە رەنگە مالیکی ئەو بیرکردنەوەیەی لا دروست بووبێت کە دەتوانێت حکومەتێکی شیعی دروست بکات و سوپا بەکاربهێنێت (بەهاوکاری ئێران) بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆی بسەپێنێت بەسەر وڵاتدا. بەڵام ئەگەر تەماشای رێژەی هەڵهاتنی سەربازەکانی سوپاکەی بکەین، دەبینین ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تۆزێک لە پێویست زیاتر گەشبینی تێدایە.

لەلایەکی دیکەوە کورد بەرێزەوە پێشوازی لە دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان دەکەن و گوێ لە پێشنیازەکانیان دەگرن. بەڵام چی دی ئامادە دەنین بە ئاوازی بەغدا و واشنتن هەڵپەڕن. ئەو ئاوازە زۆر کۆنە و زۆر لێدراوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوان ئەو لێکدانەوەیە دەکەن کە تاوەکو زیاتر شیعە و سوونەکان یەکدی هیلاک بکەن، کورد زیاتر بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# دانوستاندن بەتیۆری پایسکل

ئەمڕۆ هەوڵێکی ئیقلیمیی و نێودەوڵەتی زۆر و لەئاستی باڵادا لەئاران، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانە نوێیەکەی عێراق، بەڵام بۆ ئێمە گرنگە کە بە "بیردۆزی پایسکلەکە" بچینە نێو هەر دانوستاندنێکی نوێوە، نابێت ئێمە لە شوێنەکەی جارانەوە دەست بەدانوستاندن بکەین، بەڵکو لە شوێنێکی تازەوە دەستپێدەکەین چونکە شتی تازە هاتووەتە گۆڕێ.

دان مێریدۆر، جێگری پێشووی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەبارەی سروشتی دانوستاندنەوە دەڵێت "دانوستاندن وەک سواربوونی پایسکل وایە، تاوەکو بڕوات تۆش بەردەوام دەبیت، بەڵام لە کوێ وەستا، تۆ دێیتە خوار. کاتێکیش دانوستاندن دەستپێدەکاتەوە نابێت لەو شوێنەوە دەستپێبکەیت کە لێی وەستای، بەڵکو سەر لەنوێ دەستپێدەکەیتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا شتی نوێ هاتووەتە ئاراوە، هەروەک دووبارە لێخوڕینی پایسکلەکە سەرەتایەکی نوێی دەوێت تا دەگەیتەوە بەخێراییەکی نوێ".

د.ڕۆجەر فیشەر، خاوەنی کتێبی بەناوبانگی "گەیشتن بە بەڵێ" کە بەهاوبەشیی لەگەڵ ویلیام ئۆریی هاوکاری وانەبێژیدا لەزانکۆی هارڤارد نووسیویەتی و بە ڕێساکانی هارڤارد ناسراوە لە بواری دانوستاندندا، جەخت لەسەر 5 تەوەری سەرەکیی دەکاتەوە کە زۆرجار مشتومڕە توندەکان و موجادەلە ئاڵۆزەکان دەگەیەننە ئەنجامێک کە هەردوولا یان هەمووان پێی رازی دەبن.

ئەم ڕێسا پێنج تەوەرەییە لەدانوستاندنەکانی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل لە کامپ دێڤید لەساڵی 1978دا سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیشت.

هەروەها سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەدانوستاندنی ئازادکردنی بارمتە گیراوەکانی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیاندا لە تارانی پایتەختی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا.

هەروەها لە دانوستاندنەکانی نێوان ئیکوادۆر و پیرۆ و هەندێک لە وڵاتەکانی باشووری ئەمریکاشدا سەرکەوتوو بووە. هەروەکو سەرۆکی ئیکوادۆر لەزانکۆی هارڤارد لەسیمینارێکدا ئاماژەی بۆ کردووە لە بارەی هونەری دانوستاندن و رازیکردندا.

کورتەی کتێبەکە پێماندەڵێت: لەئەنجامی بەریەککەوتنی زیاتری نێوان مرۆڤەکان، کۆمەڵگەکان، دەوڵەتەکان، ئێستا ژمارەی کێشەکان لەزیادبووندان، بۆیە پێویستە بەقەد ژمارەی کێشەکان ڕێگەچارە بدۆزینەوە.

ئەم پێنج تەوەرەی دانوستاندنی سەرکەوتووی د. رۆجەر فیشەر بریتین لە:

یەکەم: پێویستە جیاوازیی بکرێت لەنێوان (کەسەکان) و (کەیسەکان)دا: واتە ئەوەی پێویستە لەدانوستاندندا رەچاو بکرێت ئەوەیە کە ئێمە بمانەوێت کەیسەکەی خۆمان چارەسەر بکەین، نەک کەیسەکە پشتگوێ بخەین و لەدژی کەسەکە دانوستاندن بکەین. جا با کەسەکە هەر کەسێک بێت، هەڵوێستیشمان بەرامبەری هەر چۆنێک بێت لە ئێستا و رابردوودا.

بەمانایەکی دی دەکرێت لەگەڵ کەسەکان نەرم بین و لەسەر کەیسەکان توند بین، نەک بەپێچەوانەوە لەگەڵ کەسەکان توند بین و، لەسەر کەیسەکان نەرم بین.

دووەم: نابێت خۆمان بەخاڵێکی لاوەکی کێشەکەوە ببەستینەوەو بیکەینە کێشە سەرەکییەکە، چونکە لەهەموو کێشەیەکی سەرەکیدا کۆمەڵێک کێشەی لاوەکی هەن، ئەگەر هەر لایەک لەدەوری کێشە لاوەکییەکەدا بخولێتەوە، ئەوسا چارەسەر بۆ کێشە لاوەکییەکان دەدۆزرێتەوە، نەک بۆ کێشە سەرەکییەکە.

سێیەم: پێویستە لەو رێگەچارانەی کە بۆ یەکدی پێشنیاز دەکەین، سوودەکانی ئەو رێگەچارانەش بۆ بەرامبەر باس بکەین هاوبەشی تێدا بێت، چونکە زۆر لەکێشەکانی ئەمڕۆ بریتین لەکەڵەکەبوونی کاردانەوەکانی دوێنێ بەرامبەر بە رووداوەکانی دوێنێ، بۆیە ئێمە لەدانوستاندنی نوێدا دەبێت ڕێگەچارەی نوێ بخەینە ڕوو.

چوارەم: گرنگیی بەکارهێنانی پێوەرە بابەتییەکان و، نزیکبوونەوە لەئەسڵی (کەیسەکان) و، دوورکەوتنەوە لە میزاجی (کەسەکان) لەپێناوی پاراستنی پێگەی کەسایەتییەکان.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی زیاد لە پلانێک نەک خۆبەستنەوە بەیەک ئەگەر، واتە پێویستە لەنێو هەر دانوستاندنێکدا ئەڵتەرناتیڤەکانمان ئامادە کردبێت، واتە بزانین لای کەمی ئەوەی پێی رازیی دەبین چین؟ ئەوەش بزانین کە لای زۆری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین چین؟

جا بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی لەسەر زەوی بەدەستمان هێناوە یان بەدەستی دێنین، لەسەر مێزی گفتوگۆ نەیدۆڕێنین، ئەمڕۆ گرنگە بزانین دیپلۆماسییەت و دانوستاندن و ئیدارەی قەیرانەکان زانست و پیشەو هونەرن و، میکانیزمی پسپۆڕانەی دەوێت بە زمانی سیاسەت ، لەزەمانی بەرژەوەندییەکان و لە زەمینەی ململانێکاندا.

***نووسەر و رۆژنامەنووس، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لە دوای رووخانی رژێم.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# لەنجە دەبێتە باخەوان



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز. پێخۆشحاڵ دەبین بە دانی ئۆفەرێکی تایبەت بۆ یەکەم جار لە کوردستان: یەك لە مۆدێلە هەرە سەرکەوتوەکانی BMW ٢٠١٤ هەڵبژێرە – BMW زنجیرەی پێنجەم یان BMW زنجیرەی سێیەم. و ئەم تایبەت مەندیە نایابانەی خوارەوە بەدەست بهێنە:

- قیستی مانگانە کە لە ٨٧٥$ دەست پێدەکات.
- قازانجی سفر ٪
- بە بێ دەستەبەری و بەبێ گلدانی خانووبەرە
- بۆ ماوەی دوو ساڵ.

بفەرمە ئەمڕۆ بۆ سەردانی پێشانگای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل بۆ تاقی کردنەوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بژاردەکەت.

کۆمپانیای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
تەلەفۆن :٠٧٨١ ٣٧٧ ٧٧٧٧
پۆستی ئەلیکترۆنی info@bmw-iraq.com. سایتی ئەلیکترۆنی www.bmw-iraq.com